کۆمەڵە چیرۆک

# پێڵاوەکانم

فەروخ نیعمەتپور



# پێڵاوەکانم

**کۆمەڵەچیرۆک**

**(٢٠٢٠)**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

## چیرۆکەکان


- پێڵاوەکانم
- دەوڵەت
- تەوسەکانی بەهرام
- ئەمڕۆ ڕۆژێکی ترە
- نیگار
- خانووی نوێی و خودای نوێ
- لنین لە درگاکەمی دا
- مانگاکەیشیان برد
- درۆ بۆ
- پەڕینەوە
- تەنیا چاڵە نەوتێک
- ساڵێکی نادیار
- ڕستەکان دەدرەوشێنەوە
- دیوارێکی درزاوی
- کۆڵبەر
- ڕۆژنامەیەک ۆ ئاسمان
- ساڵەکان
- من و ئەو شەوە
- زەماوەند
- ئازاری سارد
- پۆستە فەیسبووکییەکان
- ئەو شەوە لە پشت ئاشنا بووم
- مانگ گیران
- ڕۆژێکی پاییزی
- دڵۆپە
- بەڵێنی نامە
- ژووری پڕ لە مێش
- داستانهای مینیمال

## پێڵاوەکانم

من نازانم قاچەکانم بۆ وەهان. تا لادەکەمەوە پێڵاوەکانم، کە جووتێک ئادیداسن، دەدڕێن. لە پێشەوە دوو کونی گەورەیان تێدەبێ. قامکەگەورەکانن، سەرەتاتکێیانە. لە تەنیشت و لە دوواویشەوە رێک لەو شوێنەیەدا بنی پێڵاو و سەری پێڵاو یەکدەگرن، دەدڕن و ئیتر کە بە رێگادا دەڕۆم پڕدەبێ لە خۆڵ. ئەوانەی ناو مەقەڕەکە بە دەم جگەرەکێشان یاخود خاوێنکردنەوەی کڵاشینکۆفەکانیان بە تەوس و پێکەنینەوە دەڵێن قاچت لە قاچی مرۆ ناکات، هی حوشترن یاخود هی ورچ!

من هاوکات لەگەڵ پێڵاوەکانیش بیر لە وشتر و لە ورچ دەکەمەوە. چی دەبوو مرۆ، نا، باشترە بڵێم منیش دەمتوانی بە بێ پێڵاو بە رێگادا بڕۆم و، بیر لە زیخ و بەرد و خۆڵ و چقڵ نەکەمەوە. چی دەبوو؟

هاوڕێکەم دەڵێ هەتیوە تازە پێلاویان پێداوی، مانگێکە،... وانیە! دەبێ تا پێنجی تر رایکێشێ. من بیر لە پێنج مانگی داهاتوو دەکەمەوە. خەمێکی قووڵ بە ناخمدا دەچێتە خوارەوە. دەست بە گیرفانمدا دەکەم. نا، بێسوودە،... وادیارە دەبێ بەم پێڵاوانەوە بیگوزەرێنم،... پێنج مانگی رەبەقی تر.

لە کاتێکدا بەدەستیانەوە دەگرم و ورد لێیان دەڕوانم، نازانم بۆ، بەڵام کتوپڕ بیری پێلاوەکانی 'ڤان گۆگ' دەکەومەوە. تابلۆ بەناوبانگەکەی. پێڵاوە کۆن و سوواوەکان. ئەو جووت پێڵاوەی ناوبانگی جیهانیان پەیداکرد. ئەو پێڵاوانەی لەگەڵ کۆنی و سوواوبوونیان، بەڵام کون چییە تیایانا نیە! ئەوەیە پێڵاو! دەبێ وابێ، نەک ئەمانەی من تا لادەکەمەوە کونیان تێ دەبێ و لە تەنیشتەکانیشەوە هەڵدەقڵیشێن، وەک شووتی! بەڵام نا، هی پێڵاوەکان نیە هی قاچەکانمە. قاچە زل و بەدقەوارەکانم. ئەوانەی دەڵێی خەنجەریان پێوەیە. خۆ تا دەتوانم ناهێڵم نینۆکەکانیشم درێژبنەوە، ئەی بۆ وایە، خۆ لە لاتەنیشتەوە نینۆکم نیە! پەککوو!

مەسئولەکەمان دەڵی شۆڕشە شۆڕش، دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت، پارە لە کوێ بێنین. تۆیش وەک ئەوانی تر، شەش مانگ جارێ و تەواوبوو بڕایەوە! جیاوازی نیە.

بەڵام چی بکەم قاچەکانم گوێیان نیە.

هاوڕێیەک دێتە تەنیشتم و دەڵێ چارت نیە یان دەبێ پارە قەرزکەی، یان دەبێ بنێری لە ماڵەوە بۆت بنێرن. بیردەکەمەوە لەماڵەوە! وەی لە مرۆڤی ناحاڵی!

شەو کاتێک هەموو نووستون، دەچم دەرزی و دەزووەکە دێنم و لەبەر چرالامپاکەدا دەستدەکەم بە دروونەوە. تا دەتوانم تەقەڵی زیاتری لێدەدەم. تەقەڵەکان دەڵێی قەتماغەی برینی کۆنن. وادیارە دەبێ. بەڵام سبەی هەر کە لەپێیان دەکەم، هێشتا نەگەیشتوومەتە ئاودەستەکە تەقەڵەکان لێک هەڵدەوشێنەوە. ئاودەست دەبێ بە غەمخانە. هەورە رەش و تاڵەکان ئاسۆکەیان لەوێیش تەنیوە.

من بە پێڵاوەکانی ڤان گۆگیش رازیم. دڵنیام دەتوانم لانیکەم تا پێنج مانگی داهاتوو لەپێیانکەم. تازە زیاتریش، ئاخر جنسی خاریجیە، خاریج،... گاڵتە نیە. جووتیارێک بتوانێ ساڵانی ساڵ کەڵکی لێوەربگرێ لە ناو مەزرا و شاخ و کێودا، بۆ من نا،... ها بۆ من نا؟ وە شەوانە لە کاتی نیگابانیدا سەرما چەند ئاسان کونەکان دەدۆزێتەوە و خۆی بە ژوورەوەدا دەکا. من جاری وایە بە نۆرە نووکی کلاشینکۆفەکەم دەخەمە سەر کونەکان. بە نۆرە قاچەکانم لە سەرما دەپارێزم! لە سەرمای نیوەشەو. خۆشحاڵم دوژمن بەمە نازانێ.

لەگەرمەی خەودام،... دەنگم دەدەن. هەستە،... هەستە دەبێ بچی بۆ مەئموورییەت، هەستە نۆرەتە! رادەبم. چاوەکانم هێشتا قورسن. مێشکم شتێکە لە نێوان پێڵاوەکانی ڤان گۆگ و نووکی تفەنگەکەم. بە زەحمەت راستدەبمەوە. حەک ماڵتان نەشێوێ خۆ من تازە نووستوم.

فریای سەروچاو شۆردن ناکەوم. رەخت و تفەنگەکە دەبەستم. هەر کە خەریکم پێڵاوەکانم لەپێ بکەم، پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم ناتوانم پێڵاوم نیە. بەرپرسەکە بە نیگایەکی پڕ لە سەرسوورمان و تووڕەییەوە دەڵێ ناتوانی؟ مەبەستت چییە ناتوانی؟ ئاماژە بە پێڵاوەکانم دەدەم و ئەو ئەوەندەی تر هەڵدەچێ. دەڵێ یاڵڵا لەپێیان بکە و برۆ یاڵڵا، گوێم لێت نەبێتەوە!

لەپێیان بکەم! وە لەپێیاندەکەم. قاچەکانم لە ناو پێڵاوەکاندا دەگەڕێن، کە بەپەلە دەڕۆم دەڵێی سەمادەکەم. خۆدەگەیەنمە پشت تویوتاکە. نە شۆفیرەکە و نە ئەوەی تەنیشتی کە بەرپرسەکەیە و دەڕوا بۆ مەئموورییەت، لام لێ ناکەنەوە. تویوتاکە رێدەکەوێ. 'با' دەنیشێتە قژەکانم و جلەکانم دەماسن. راوەستانیش لەناو پێڵاوەکاندا لە پشت تویوتایەک کە تا دەتوانێ بە پەلە دەڕوا و ڕێزی پێچ و لۆفەکان ناگرێ، زەحمەتە. تا دەتوانم زیاتر هێزدەدەمە دەستەکانم. بەوان لەنگەردەگرم.

تەواوی ئەو رۆژە لە ناو شار لە کاتێکدا لە تەنیشت تویوتاکە راوەستاوم و چاوەدێری دەکەم و چاوەڕوانی شۆفیرەکە و بەرپرسەکەم، تەنیا لە پێڵاوی رێبواران دەڕوانم.

**دەوڵەت**

من و باوکم ژنمان دەوێ. ژنەکەی باوکم (واتە دایکی من)، لەمێژ ساڵە مردووە. ئیتر لەو کاتەوە، بەهەر هۆکارێک بێت، هەتا ئیستا باوکم نەیتوانیوە ژن بێنێتەوە. منیش ئەگەرچی بگرە لە قەیرەبوونیش لامداوە، بەڵام بە ژیانم چییە ئافرەتم بەخۆمەوە نەبینیوە. تەنیا لە دوور و نزیکەوە لێم رووانیون. گەر بە درۆیش نەبێ دەبێ بڵێم جاروبارەیش بۆنیانم هەڵمژیوە. کاتێک تێپەڕیون.
من و باوکم زۆر دەست و پێ سپین. جاری وایە روودەکەمە باوکم و دەڵێم ئەیچۆن توانیت دایکم بێنیت. ئەویش دەڵێ رۆڵە باوکم بۆی هێنام. باوکی، واتە باوەگەورەی من. بیردەکەمەوە دەبێ چەند زیرەک بووبێ و لایشم سەیرە لەو زیرەکییە هیچ بەر باوکم و لەوێوە بەرمن نەکەوتووە. بڵێی باوەگەورەم وەجاخ کوێر نەبووبێت!

ئێمە زۆر جار لە ژوورەوە دادەنیشین و بێدەنگ بە سەعات لەبەردەمی خۆمان دەڕوانین. ئەوسا باوکم دەڵێ هەستە چاییەک لێنێ. منیش چای لێدەنێم. بەدەم سازکردنەکەیەوە مل دەکێشم و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکەم. ژنێک دەبینم بە چارشێوی تەنکەوە. لەش و لاری چەند جوان دەلەنگێتەوە. دەڵێم باوکە یەکی تریان دەرکەوت! باوکم دەست دەبا بۆ بن پشتوێنەکەی، توونن و پەڕە و دەمنەکەی دەردەهێنێ و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. لەبەر دووکەڵ لەیەکتر ون‌دەبین. باوکم وەستای قاندانی ژوورە.

بەلام وەک دەڵێن بە خۆشییەوە ماوەیەکە کوڕێکی دراوسێمان کە تازە لە خوێندن گەڕاوەتەوە و زۆر زیرەک دەنوێنێ و لە گەڕەکەکەماندا ناوبانگی دەرکردووە، بۆ هەموو شتێک ڕێگاچارەی پێیە. ڕێگا چارەکەی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە و گوایا یەکجار دەگمەنە. تا ئیستا کەس شتی وای نەبیستووە. ڕۆژێ بەڕێکەوت لە کۆلان بە تووشییەوە بووم. من کە وەک هەمیشە خۆم لە خەڵکی دەبوارد و بەڵام لە دڵەوە حەزم دەکرد بمبینن و بمدوێنن، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا کەسێک دەنگی هەڵبڕی و هاواری لێکردم. ڕاوەستام. بە بزەوە و بە ڕوویەکی یەکجار خۆشەوە دەستی لەگەڵ لێدامەوە و، لەپاش پرسینی حاڵ و ئەحواڵ گوتی کە:

- "خەم مەخۆ،... هەم تۆ و هەم باوکت! لە خەم و لە کێشەتان دەگەم. دڵنیابە دوای ئەوەی بووین بە خاوەنی دەوڵەت، ئێوەیش دەبن بە خاوەنی ژن. بەدبەختی ئێمە لە بێ دەوڵەتییەوەیە! دەوڵەت هەموو شتێ چارەسەر دەکا. ڕۆژە ڕوون و گەشەکان چاوەڕوانمانن.

ئەوسا دەستی کرد بە مشت، بەرزی کردەوە و چەندجارێک بە توندی ڕایوەشاند.

هەر کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ئەمەم بۆ باوکم گێڕایەوە. باوکم گوتی "دەوڵەت!" ئەوسا بە قووڵی چووە فکرەوە.

ئیتر لەو رۆژەوە من و باوکم چاوەڕوانی ئەوەین ئەو کورە ببێ بە خاوەن دەوڵەت و ژن بۆ من و باوکیشم بێنێ.

رۆژان و هەفتان هاتن و گوزەران، بەڵام هیچ خەبەرێک نەبوو. رۆژێک باوکم وتی "ئەرێ رۆڵە هەستە و بڕۆ بزانە ئەو جوانخاسە نەبووە بە خاوەن دەوڵەت، بەڵکو بووبێ و خوا رەحم بکا و کاری ئێمەیش رێک بخا،... بە خوا دەترسم ئێمەی لەبیر چووبێتەوە."

وتم باوکە لێیگەڕێ، بەخوا ئەوەی من بینیومە قەت ئێمەی لەبیر ناچێتەوە، ئاخر خۆی قاوی لێکردم، خۆ من نەچووم بە دەمییەوە.

باوکم دەستدەکاتەوە بە بن پشتێنەکەیدا و دیسان ژوورەکە قاندەداتەوە.

راستییەکەی ئەوە بوو منیش بەرەبەرە بێ تاقەت ببووم. زۆری خایاندبوو. بۆیە رۆژێک هەستام و بە ئەنقەست بە بەر ماڵەکەی ئەواندا چەند جارێک ئەمسەراوسەرم کرد، بەڵکو بە رێکەوتیش بووە ببینم. بەخۆشییەوە دەرکەوت. بەرەوڕووی یەکتر رۆیشتین. من سەیری ناوچاویم نەکرد. خۆم لێ حۆلکرد. بە تەنیشت یەکتردا تێپەڕین بە بێ ئەوەی وەک جارەکەی پێشوو دەنگ هەڵبڕێ، بانگم لێبکا و بمدوێنێ. کە تێپەڕی، بە دزییەوە لامکردەوە. نا هیچی پێنەبوو. ئەی دەوڵەت لەکوێ بوو؟

رۆژێ باوکم وتی بەخوا رۆڵە ئەمیشمان فت!

من کە ئەمەم زۆر پێناخۆشبوو، وتم نا باوکە وا نیە، دەبێ چاوەڕوان بین، هێشتا زۆری لێنەڕۆیشتووە.

رۆژێک گوێم لە دەنگی تەپڵ و زوڕنا بوو. چوومە دەرەوە. بە شوێن دەنگەکەدا رۆیشتم. گەیشتمە کۆڵانی کوڕەکە. شایی و زەماوەندێکی سەیربوو. خەڵکی جمەیان دەهات. گووپەکانی کاکی زوڕناژەن لەوانە بوون بتەقێن. لۆتییە تەپڵژەنەکە بەدەم

گۆرانی وتنەوە رەگی ملی بەقەد بەنەخوێنێک هەستابوو. ئەوسا زاوا و بووکم بینی هەڵدەپەڕین. کە جوان سەیرمکرد، بینیم زاوا خۆیەتی، هەمان کوڕە جوانخاسەکە.
بەپەلە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. وتم باوکە موژدە،... موژدە،... کوڕە جوانخاسەکە ژنی هێناوە،... دەوڵەتی هێناوە،... خۆزگە لەوێ بوایتایە و بتبینیایە!
باوکم بە سەرسوڕمانەوە لێمی رووانی. بێدەنگ بێدەنگ. ئەمجارە باوکم ژوورەکەی قاننەدا. هەستا چووە بەرپەنجەرەکە. لەبەر خۆیەوە وتی: "بێ دەوڵەت خۆم،... ئاخ بێ دەوڵەت خۆم!"
بەڵام من بەردەوام باوەڕم بە جوانخاسەکە هەیە. بۆ خۆی وتی کە دەوڵەت هات هەمووومان دەبین بە خاوەن ژن.
دوو رۆژ دوواتر چووم لە دەرگاکەیانم دا. کورەکە خۆی دەرگاکەی کردەوە. دەڵێم:
- "باوکم عەرزی سڵاوی هەیە و دەفەرمێ نۆرەی ئێمە کەی دێت؟!"

## تەوسەکانی بەهرام

کاتێک تەمەنم نەگەیشتبووە بیست، من ئاشق بووم. ئاشقی کچێکی کشاوەی نەشمیل. کە پێدەکەنی، رێگای ماڵەوەم لێ هەڵەدەبوو. لەم کاتانەدا لەپاش سەرگەردانییەکی زۆر حەزم دەکرد رووبکەمە سرووشت و لەوێ تەنیا لە ئاسۆ بڕوانم، ئەو شوێنەی هەتاو لێی دادەچوو. نازانم بۆ لەهەڕەتی گەنجیەتی هەمیشە لە تەنیشت ئەشقدا هەستم بە بوونی کارەساتیش دەکرد. نازانم گوناهی بزەکانی ئەو بوو، گوناهی رێگا لێ هەڵەبوونەکانی خۆم، یاخود سرووشت کە لەوئەپەڕی جوانی خۆی هەمیشە بە گوێیدا دەچرپاندم و دەیگوت لەناویدا رازێک هەیە من قەت ناتوانم تێی بگەم. قەت قەت.

بەڵام هاوکات، کارەساتەکە باڵای ئەشقی لابەرزتر دەکردم. هەمیشە هەستم دەکرد ئەمڕۆ و ئەم چرکەیە دەتوانێ دوواڕۆژ و دوواچرکە بێت. لای من ئەشق قووڵترین و لەهەمان کاتدا گوزەراترین مانا بوو. من هەر زوو زانیم بۆ ئەوەی ئاشقترین بیت، دەبێ زیاتر لە هەر کەسی تر هەست بە کارەسات بکەیت. بۆیە بۆ ئەوەی زووتر بەو بگەم، رێگای کارەساتم هەڵبژارد.

ڕاستییەکەی ئەوەبوو هەستێکی غەریبم تیا دروست ببوو، لام وابوو بە هەستکردن بە کارەسات زیاتر لە هەر کاتێکی تر خاوەنی ئەشقەکەمم. من وەها رووم کردە کارەسات کە تا هەنووکەیش لە دووای ساڵانی ساڵ هەر لەگەڵمایە و دەستمان لەیەکتر بەرنەداوە. من لەمێژە بەو ئەنجامە گەیشتووم کارەسات لە ئەشق هاوڕێیەکی بەوەفاترە. ئەو وەها نیە کە تەنیا بزەیەکی لەسەر لێو بێت و ئەوجا جێت بێڵێ؛ ئەو مات و مەلوول تا دووا سنورەکانیش دێت و دێت. هەتا نووری چاوی بمێنێت!

بەهرام کە کوڕە کرێکارێکە و تازە بووە بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست، دەڵێ ئەشق ئەویش لە شێوەی هەرە ڕۆمانسییەکەی پیشەی کەسانی سەر بە چینی مامناوەندییە، دەڵێ بە واتایەکی تر وردەبۆرژوازی. لای ئەو، مرۆڤ کە لە باری چینایەتییەوە بنەماکەی لەرزۆک بوو، ئەقڵی کزدەبێ و خۆی زیاتر لە هەر کاتێکی تر دەداتە دەست دڵی. دەڵێ دڵیش قەت ڕێگا نیشاندەر نەبووە، بەڵکو روونکەرەوەی ڕێگا بووە.

من حەزدەکەم بۆ ئەوەی ئەوەندە بەشوێن کارەساتەوە نەبم، سەر بە چینی کرێکار یاخود بۆرژوازی بم، نەک چینی مامناوەندی. دەمەوێ بە بەهرام بڵێم ڕۆژێک جێگایەکم لەناو چینەکەی خۆیدا بۆ بکاتەوە. کە پێیشی دەڵێم سەرم لێبادەدا و دەڵێ تۆ هێشتا لەو ساڵانەدا دەژی، لە زیاتر سی ساڵ لەوە پێش!

بەڕاست سی ساڵ بەسەر ئەو ساڵانەدا تێپەڕیوە؟

بەهرام دەڵێ ئیستا لە مێژە ئەندامی حیزبێکی ترە بەناوی حیزبی جووتیاران؛ خاوەن مەزرایەکی گەورە و چەندین کرێکاری وەرزێرە و، یەکجار حەزیشی بە فیلمی پۆڕنی ئاژەڵانە. ئەوسا قاقا پێدەکەنێ و، دەڵێ بەڵام بەخۆشییەوە یەک شت لای ئەو هەر نەگۆڕاوە ئەویش ئەوەیکە ئەشق ئەفسانەترین خەونی مرۆڤە. من کە هەموو

جارێک پەیامەکانی لە رێگای 'تێلێگرام'ەوە لەسەر موبایلەکەم وەردەگرم، ناچارم سەیری ئەو وێنەیەیش بکەم تێیدا ئاژەڵێکی نێرینە بەسەر مێینەیەکەوەیە. هەر جارەو جۆرێک لە ئاژەڵ!

من کە نازانم بەئیستای بەهرام یان ئەو کاتی باوەڕبکەم، پەیامەکەی وەک هەمیشە دەسڕمەوەو هەوڵدەدەم بە بیرکردنەوە لە شتی تر خۆم سەرقاڵ بکەم. نازانم بۆ وێنەی 'تۆلستۆی'م دێتەبەرچاوم. نووسەری رۆمانی گەورەی 'شەڕ و ئاشتی'. نووسەرێک کە یەکجار سەرقاڵی مەرگ و ژیان بوو و لەدەست ژنەکەی و ژیانەکەی بە شەمەندەفەر بەرەو قەفقاز لە دوواساڵی تەمەنیدا هەڵهات. سەفەرێک کە دوواسەفەری بوو و تێیدا مرد. تۆلستۆی گەورە مالیک بوو، گەورە مالیکێک کە قەت لە ژیانی خۆیدا ئەشقی نەدۆزییەوە. ئاه، بەهرام چەند هەڵەبوو. نەبوونی ئەشق تۆلستۆی بەکوشت دا. ئەویش بۆ ئەوەی پێی بگا، رێگای کارەساتی هەڵبژارد. پێم وابێ بەهرام ئیستایش هەڵەیە. من نازانم بۆ بەهرام هەمیشە هەڵەیە.

من کە لەم دووایانەدا لە رقی ترامپ زۆر حەزم لەوەیە ببمە ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی ئامریکا، بەڵام هەر کە بیر لە بەهرام دەکەمەوە، پەشیمان دەبمەوە. دەترسم کاتێک بوومە ئەندامی حیزبێک، کارەساتەکەم لەبیربچێتەوە و بزەی کچە نەشمیلە کشاوەکەی جارانم بۆ هەمیشە لەبەرچاواندا ونبێ. بۆیە تەنیا بە هەڵگرتنی وێنەی ئەو منداڵانە قایل دەبم کە لە ئۆردوگاکانی باشوری ئەمریکا لە خراپترین دۆخدا دەژین. وێنەکان بەرزدەکەمەوە و بە دەنگی بەرز دروشم دەدەم. پۆلیسەکان مۆرەم لێدەکەن و بە ئەسپە کەتە و باڵابەرزەکانیان بەدەورمدا دەسووڕێنەوە. بەهرام کە وێنەی منی بە هەڵکەوت لە راپۆرتێکی تەلەفزیۆنیدا بینیوە، ئێمۆژی پرسیارێکی گەورەم لە رێگای تێلێگرامەوە بۆ دەنێرێ و لە ژێرەکەیشیدا دەنووسێ "دیسان شوێن دڵت کەوتی!"

بەهرام راستدەکا! لادەکەمەوە و دەبینم لە پشت سەرم لەچەند دە کەسێک زیاتر رانەوەستاون. ئێمە چەندە کەمین؛ ئەوانەی شوێن دڵیان دەکەون چەندە کەمن!

شەو لە کاتێکدا لەناو جێگاکەم دا راکشاوم، سەیری فیلمی پۆرنۆدەکەم. کتوپڕ پەیامێکی تری بەهرام دێت و دەڵێ هەموو کەس سەیری دەکا، هەر لە کۆمۆنیستەوە بگرە هەتا جووتیاران و ترامپ و ئەوەی وا پێی وابوو سەردەمانێک ئاشق بوو. ئەوسا ئیمۆژی پێکەنینێکیش لەگەڵیا دەنێرێ. شەرمێکی قووڵ دامدەگرێ و دەستبەجێ موبایلەکەم دەکوژێنمەوە.

شەو خەو دەبینم. کەسێکی غەریب کە روخساری لە تەم و مژدایە، دەڵێ "تۆ درێژترین رێگات بۆ گەیشتن بە سێکس هەڵبژارد!... درێژترین رێگا!"

ـ "کامە سێکس؟... ها کامە؟"

وەک هەمیشە کەسێک نیە وەڵام بداتەوە. بەهرام لە کورتەپەیامێکدا دەنووسێ "خۆی وەڵامە، خۆی!"

من سەرئەنجام دەبم بە ئەندامی حیزبێک کە بچووکترین حیزبە. لە دووای چەند رۆژ تێدەگەم کە ناوی حیزبی کۆمۆنیستە. بەهرام پەیامم بۆ دەنێرێ و دەنووسێ هەموو کەس بوو بە هێستر کەچی تۆ تازە بووی بە کەر! ئەوسا پورنوی کەرانیشم بۆ دەنێرێ.

منیش پورنوی هێستری بۆ دەنێرم. بەهرام پێدەکەنێ و دەنووسێ ئیستا ئەندامی هەر حیزبێک دەبی ببە! هاتیتە سەر رێگای راست.

من کەر و بەهرام هێستر. تیایا ماوم ئەو ساڵانە، سی ساڵ لەمەوبەر، کەر و هێستر هەبوون یان نا.

بەهرام بە ناردنی ئیمۆژێکی تر پڕ بە ژوورەکەم پێدەکەنێ.

## ئەمڕۆ ڕۆژێکی ترە

بەیانی لەخەو هەڵدەستم. وەک هەمیشە دەچم بۆ ئاودەست، دەست و دەموچاو دەشۆم، ناشتادەکەم و هەر کە دەمەوێ جل و بەرگ لەبەربکەم و بچمە دەرەوە، بیرم دەکەوێتەوە ئەمڕۆ دەبێ شتێکی تر بکەم، شتێک جیاواز لە ڕۆژەکانی تر. وتم بیرم کەوتەوە، ئا، هەر وایشە بیرم کەوتەوە، چونکە وەک شتێک ئەمشەو لە خەومدا ئەمەم بینیبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە من بەگوێرەی عادەتێکی کۆن کە زەحمەتە ئەوەندە بە ئاسانی لەبیرم بچێتەوە، لە ژیانی ڕۆژانە بێزاربووم و بێزارهەم و، لانیکەم دەبێ ئەمڕۆ بۆ من جۆرێکی تر بێت.

دەست دەبەم تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم، دەمەوێ زەنگ بۆ خاوەنکارەکەم لێبدەم و بڵێم ئەمڕۆ نەخۆشم و ناتوانم بێم بۆ کار. بەڵام پەشیمان دەبمەوە. خودی

تەلەفۆنکردنەکە، ژیانی ئەمڕۆم وەک هەمیشە لێدەکاتەوە، با نەچمە سەر کاریش. بەڵام گەر لە ماڵیش بمێنمەوە دیسان وەک خۆیەتی. نا، من دەبێ ئەمڕۆ شتێکی تر بکەم، شتێک جیاواز لە هەموو شتەکانی تر.

ئەها، چۆنە ئەمڕۆ شۆرش بکەم؟ پلکەیەک دەتەقێنم و سەرێکی بۆ دەلەقێنم و دەگەمە ئەو ئەنجامەی ئەمە باشترین بڕیارە. ئەی ئەوە نیە شۆڕش بە مانای گۆڕانی بنەڕەتی دێت! من ئەمڕۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی دەکەم. یەکەم کارم ئەوەیە نابێ ئاگاداری کارەکەم بکەمەوە لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ نامەوێ بچم بۆ کار. زەنگیش بدەن هەڵیناگرم، ئەسڵەن تەلەفۆنەکەم دەکوژێنمەوە. ئێ باشە،... زۆرچاکە! ئەی دوواپی، دووایی چی بکەم؟ خانووەکەم بشۆم و خاوێنی بکەمەوە؟ نا نا، ئەمە دەبێتەوە بە ژیانی جاران، ئەی ئەوە نیە بە هەفتەیەک جارێک ئەمە دەکەم! نا نا، ئەی چۆنە خانووەکە رەنگ بکەم، قاوەییە و دەیکەم بە خۆڵەمێشییەکی کاڵ. لەمەیش پەشیمان دەبمەوە. ئاخر ئەمە کەی شۆڕشە!

دەبێ بیر لە دەرەوەی ماڵەوە بکەمەوە. لە شوێنێک لە دەرەوە. دەی باشە چی؟ بیر لە هەواڵەکان دەکەمەوە بزانم دوێ شەو باسی چییانکرد. هەواڵنێر و هەواڵخوێنەکە باسی خەستەخانەیان کرد کە گوایا سەرەی نەخۆشەکان بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە چاو جاران دوورودرێژتر بووە، باسی بەیەکدادانی ماتۆڕێک و ماشینێکیان کرد کە بووە هۆی کوژرانی ماتۆڕسوارەکە، باسی سەرۆک وەزیرانی کرد کە بە هۆی نارازیبوون لە یەکێک لە وەزیرەکانی لە کار هەڵپیەساردبوو. زۆر باشە! چۆنە دروشمێک لەسەر کاغەزێکی گەورە بنووسم و بچم لەبەر دەم وەزارەتی تەندرووستی راوەستم، یاخود لەبەر دەم پۆلیسخانەی ناوەندی شار، یان بچم لە بەردەمی بینای سەرۆک وەزیراندا بە هەمان دروشمەوە راوەستم و بڵێم بۆ لە

سەرەتاوە بە جوانی لێکی نادەنەوە و دەبێ خەڵکی رێک لە ناوەڕاستی ئەرک و کارەکانیاندا دەربکەن؟

سەرئەنجام دروشمەکە دەنووسم "سەرۆک وەزیر بۆ دەرەوە!" و، بڕیاردەدەم بچمە بەردەم بینای سەرۆک وەزیران. ئاخر نەک ئەوەی شۆرش بریتییە لە قڵمکردنەوەی هەرە پایەبەرزەکان! بە قەتار و بە پاس خۆم دەگەیەنمە ناوەندی شار و دەچم لەبەر دەم بیناکە، هەڵبەت لەوبەر شەقامەکەوە رادەوەستم. دڵنیام خەڵکێکی زۆرم لێ کۆدەبێتەوە، ئەمەیش کامێراکانی راگەیاندنە جۆراوجۆرەکان دەهێنێتە ئێرە و ئیتر تەواو،... شۆڕشێکی راستەقینە. ماوەیەکی چاک رادەوەستم. رێبوارە قژ زەرد و چاو شین و سەوزەکان هەندێکیان لێم دەڕوانن و هەوڵدەدەن دروشمەکە بخوێننەوە. منیش تا دەتوانم هەوڵدەدەم وەهای رابگرم کە بێ دڵییان نەکەم. کتوپڕ هەندێ پۆلیس پەیدادەبن. دێن. دەڵێن وەرەقەی ئیزنی خۆپیشاندانەکەیان نیشان بدەم. من تووڕە دەبم و دەڵێم قسەی قۆڕ! بۆ شوێنێک تەلەفۆن دەکەن و ئەوسا داوام لێدەکەن بارگە و بنەم بپێچمەوە و بڕۆم. سینگم قوتدەکەمەوە، دەریدەپەڕێنم و دەڵێم بۆ کوێ؟ بە دووان ئەملاو لام دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەمبەن و، دەمخەنە ناو دوواوەی سەیارەیەکی گەورەوە. هاوار دەکەم و دروشم دەدەم. خەڵکی وەک بڵێی هەر هیچ نەبووە، دێن و دەڕۆن. هاواردەکەم مەرگ و نەمان بۆ سەرۆک وەزیران! 'وەزیرانەکەی' بە هۆی پێوەدانی دەرگای ماشینەکە ناگاتە گوێی رێبواران. پۆلیسەکان لە دووای ئەوەی ناو و ناونیشانم لێوەردەگرن، دەمبەنەوە بۆ ماڵەوە. لە حەوشێ لە داخانا و لەبەر رق دروشمەکەم بەر شەق دەدەم!

بەڵام مرۆڤی شۆڕشگێڕ نابێ وازبێنێ. دیسان بیر لە هەواڵەکانی شەو دەکەمەوە. ئەها، باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشیان کردبوو. باسی شەڕی سووریا کە تێیدا لە دوو بۆمباراندا کە لە لایەن هێزە دژبەرەکانەوە کرابوون، بە دەیان کەس

کوژرابوون و برینداربوون. کەواتە دەبێ دروشمێکی تر بنووسمەوە و بچم بۆ... ڕاستی بۆ کام لایان؟ بۆ بەر سەفارەتی سووریا و ڕووسیا، یان ئامریکا و تورکیا؟ دەچمە سەر کۆمپیوترەکەم و ئادرەسەکانیان دەدۆزمەوە. پەحح کە لەیەکتریش دوورن! بەڵام هەر ئەمەیش نیە، بیرم دەکەوێتەوە کە دەبێ ئیجازەی یاساییشم هەبێ. لە تەنیشت دروشمە شەق تێهەڵدراوەکەم بە نائومێدی هەڵدەتروشکێم و، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم.

پاش ماوەیەک هەڵدەستم. دەستدەکەم بە گیرفانمدا و تەلەفۆنەکەم دەردێنم. دەبینم لە کارەکەمەوە چەند جارێک زەنگیان داوە، چەند ژمارەیەکی نەناسراوی تریشی بەسەرەوەیە کە بێگومان هی شوێنە ڕێکلامەییەکانن. شوێنە ڕێکلامەییەکان!؟ دەکیشم بە ڕانی خۆمدا، حەکک ماڵتە بۆ لە بیریا نەبووم!

من کە لەمێژە وەڵامی یەک دانەیان چییە نادەمەوە و لەمێژە قسەم لەگەڵ نەکردوون، دانە بە دانەیان دەگرمەوە. سەرئەنجام یەکیان وەڵام دەداتەوە.

- ببورن بۆ زەنگتان دابوو،... جگە لەمە لە کوێوە زەنگ دەدەن؟

- شرکەتێکی بەرهەمهێنانی گۆرەوین. جوانترین گۆرەوی بە باشترین کواڵێتیتەوە بەرهەم دێنین. ژمارەی قاچت چەندە و تەمەنت چەندە؟... ناردنەکەی بەلاشە و تۆ پێویست ناکا پووڵی پۆستەکەی بدەی...،... .

من ئاشقی دەنگ و شێوەی قسەکردنی ئەم ڕێکلامچییانەم. وزە و هێزت دەدەنێ. ڕۆژەکەت لێدەکەن بە ڕۆژێکی تر، ڕۆژێکی بە تەواوی جیاواز.

بە دوو پەنجە سەر ئەژنۆی شەڵوارەکەم دەگرم و بەرزیدەکەمەوە، سەیری قاچ و گۆرەوەیەکەم دەکەم. دێتەوە بیرم لەمێژە گۆرەویم نەکڕیوە. منیش چ مرۆڤێکی سەیرم!

- زۆر باشە،... وەڵڵا مەمنوونیش دەبم،... ئادرەکەیشم ئەمەیە: شەقامی... .

## نیگار

که زۆر بەفردەبارێ، هەوا یەکجار ساردەبێ یاخود *__پیاوێکی گرینگی سیاسی__* دەمرێ (ئەمە ئەو دەستەواژەیەیە کاتێک باوکم سەیری هەواڵەکان دەکا یەکجار بەکاری دەبا)، قوتابخانە دادەخرێ،... هەتا ئاگادارکردنەوەیەکی تر. ئێمەیش خۆشحاڵ لە دەربازبوون لە دووپاتبوونەوەی بێتامی رۆژانی قوتابخانە و دەموچاوی مڕومۆچی مامۆستاکان، بەخۆشحاڵییەوەو بە راکەڕاکە بەرەو ماڵ دەبینەوە.

ئێمەی قوتابی زۆر جار خواخوامانە زۆر بەفرببارێ، هەوا یەکجار سارد بێ و پیاوە گرینگە سیاسییەکانیش زووزوو بمرن! هەڵبەت لەناو خۆماندا. ئێمە ناوێرین بە دەنگی بەرز باسی ئەم حەزەی خۆمان بکەین. دایکم دەڵی سەرما و بەفر بەڵای

ژیان و گیانی هەژارانن و جگە لەمە مردنی هیچ کەسێکیش خۆش نیە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە لەو ساڵانەوە، بەفر و زەمهەریر و پیاوە سیاسییەکان لە زەینی مندا لەتەنیشت یەکتردا جێگایان بۆ کراوەتەوە و، ئارام و لەسەرەخۆ لەوێ لە قوژبنێکدا پاڵیان بە پاڵی یەکترەوە داوە. لەو کاتەوە دەست بۆ هەر کامیان بەرم، ئەوانی تریشی لەگەڵ دێنەدەر. بگرە ئیستایش کە پیاوێکی گەورەم، ئەم حاڵەتەم هەر لا ماوە!

ڕۆژێکیان وانەی هونەرمان هەبوو. مامۆستاکەمان ژنێکی تەمەن مامناوەندیی باڵاکورتی خوێن شیرین بوو. یەکێک لەو مامۆستا دەگمەنانەی بزەی لەسەر لێو بوو و بە تووڕەیی، دڕدۆنگی و دڵەڕاوکێوە سەیری قوتابییەکانی نەدەکرد. ڕۆژێکی سەرەتای زستان بوو. پاش ئەوەی وانەی ئەو ڕۆژەی وتەوە و سەیری تەکلیفەکانی کردین، وتی وەک دەبینین زستان لە دەرگای داوین و دونیا سپی بووە، ئەمڕۆ حەزدەکەم وێنەی زستان بکێشنەوە، حەزدەکەم بزانم زستان چۆن دەبینن!

قوتابییەکان کەوتنە خۆ و لە پاش دەرهێنانی قەڵەم و کاغەز و کەرەسەی پێویست، دەستیان بە کێشان کرد. منیش وەک ئەوان. مامۆستا بۆی گرینگ نەبوو بە قەڵەمی ڕەش دەمانکێشا یان بە قەڵەمی ڕەنگی. وتی گرینگ ئەوەیە شتێکی جوان دەرچێ، دیمەنێک کە بە بینینی بزانین سەیری زستان دەکەین.

من کە لام وابوو زستان زستانە و ئیتر ئەم قەلەو دەلەی ناوێ، لە قسەکانی مامۆستاکەمان واقم وڕما، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو حاڵ و هەوای پۆلەکە گرتمی و منیش دەستم پێکرد.

سەرەتا، لەگەڵ ئەوەی قەڵەمە ڕەشەکە و لاپەڕەکەم لەبەردەمدا بوو، بەڵام نەمدەزانی چی بکێشم. بیرم لە کێوێکی سپی کردەوە، بە هەورێکی زەلام بە سەر سەرییەوە و بایەکی توندیش کە لێی ئاڵابوو. بەدڵم نەبوو. ئەوسا بیرم لە کۆترێک

کردەوە لە بن میچێکدا لە هێلانەکەیدا، کە لەوێوە لە دیمەنی بەفری بەردەمی خۆی دەڕوانێ. نا، ئەمەیشم بەدڵ نەبوو. ئەوسا بیرم لە رێبوارێک کردەوە کە بە جادەدا دادەگەڕا و لە کاتێکدا دەستی بە کلاو و یەخەی پاڵتۆکەیەوە گرتبوو، هەوڵیدەدا خۆی لە کڕیوە بپارێزێ. نا، ئەمەیشم بەدڵ نەبوو! تا سەرئەنجام بیرێک لە مێشکی دام کە یەکجار بە دڵم بوو: دیمەنی درەختێکی رووتەڵەی تەنیا لە ناو بەفر و کڕێوەدا کە تەنیا یەک گەڵای پێوەمابوو و، بەهۆی هۆکارێکی نادیار ئەو گەڵایە کە ئێستاکە زەرد و سیس ببوو هێشتا هەڵنەوەریبوو؛ گەڵایەک کە بەدەم باوە گێژ و لوولی دەخوارد و سەرەوخوار و راست و چەپی دەکرد بە بێ ئەوەی بەربێتەوە. دیمەنەکەم وەها لە زەینی خۆمدا سازکردبوو کە درەختەکە لە پێشەوەی بەشەکانی تر بێ و بەتایبەت گەڵاکە سەرنجێکی تایبەت بخاتە سەر خۆی.

دەستم کرد بە کێشانی. کێشانەوەی دیمەنی زستان بە قەڵەمی رەش ئاسان نیە. بۆیە هەتا توانیم تواناکانم خستەگەڕ. من دەبوایە زیاترین رۆڵ بدەم بە درەختە تەنیاکە. لای من زیاتر لە بەفر، تەنیایی دەتوانێ زستان بنوێنێتەوە. بەتایبەت کە تەنیاکە تەنیا یەک شتیشی لە رابردووەوە بۆ مابێتەوە. سەروبەر نیوسەعاتی خایاند و لە کۆتاییدا بۆخۆم زۆرم کەیف بە کارەکەم هات. دڵنیا لەوەی بۆ هەفتەی داهاتوو نمرەی باشم بەردەکەوێ، دەفتەرەکەم بەست و خستمە سەر مێزی مامۆستاکەمان.

حەوت رۆژ تێپەڕی و هەفتەی داهاتوو رۆژی چوارشەممە، دیسان کاتی وانەی هونەر هاتەوە. مامۆستا دانەدانە دەفتەرەکانی داینەوە. من کە یەکجار چاوەڕوانی ئەم رۆژە بووم، بینیم مامۆستا دەفتەرەکەی منی پێم نەدایەوە! دەفتەرەکەم لەوێ لەسەر مێزەکەیش نەبوو! هەر کە لێبووەوە رووی کردە من و وتی کلاس کە تەواو بوو وەرە کەمێک پێکەوە قسەبکەین!

من کە باشترین وێنەکێشی پۆلەکەمان بووم، بگرە هی قوتابخانەکەیش، تەواو عەبەسام. باوەڕم نەدەکرد. باشە چی روویدابوو؟ ئەمە شکستێکی گەورە بوو بۆ من. قوتابییەکانی تریش سەرەتا بە سەرسوڕمانەوە لێیان روانیم و پاشان ئەم سەرسوڕمانە خێرا گۆڕا بۆ خۆشییەکی دیار و نادیار لە چاوەکان و لە روانینەکانیاندا. خۆشحاڵ لەوەی من وەک باشترین نیگارکێش لە ریزیان کرابوومە دەرەوە، بە گوێی یەکتردا دەیانچپاند. من گوێم نەدایە. مەجبور راوەستام تا کاتی کلاس تەواو بوو.

کاتێک هەموو قوتابییەکان چوونە دەرەوە، من و مامۆستا پێکەوە ماینەوە. چیتر لە ڕواڵەتی میهرەبان و خەندانی نەمابووەوە. هاتەوە بیرم ئەو ئەمڕۆ هەر لەسەرەتای هاتنە ناو پۆلەکەوە وەها بووە. ئەو بە دانیشتنی باڵای کورتییەوە و من بە پێوە؛ بە دەنگێکی جیددی وتی حەزدەکەم کەمێک باسی ماڵەوەی خۆتانم بۆ بکەی، بۆ وێنە چەند کەسن، چەند خوشک و بران، دایەگەورە و باوەگەورە و مامەکانت لەگەڵتان دەژین و شتی لەم بابەتە؟ منیش ئاهێکم بەبەردا هاتەوە و زۆر خێرا (لەپاش کەمێک رامان بۆ ژماردنیان بە پەنجەکانی دەستم)، وتم کە دە کەسین، من وخوشک و براکانم، دایک و باوکم، دایەگەورە و باوەگەورە و مامێکم کە ئەویش زۆر لەماڵەوە نیە. ئەوسا پرسی لە ماڵەوە گوێ لە چیدەگرن، سەیری چیدەکەن و باسی چیدەکەن، مەبەستم وەک رادیۆ و تەلەفزیۆنە؟ وتم سەیری کارتۆن دەکەین، گوێ لە گۆرانی... قسەکانی پێ بڕیم و وتی نا مەبەستم گەورەکانە، ئەوان کاتێک قسەدەکەن باسی چیدەکەن؟ من تیایا مامەوە. راستییەکەی ئەوە بوو من زۆرم گوێ بە گەورەکان نەدەدا. پرسیاری کردەوە باوکت چکارەیە هەروەها باوەگەورە و مامەکەت؟ وتم باوکم کارمەندە، باوەگەورە دووکانی هەیە و مامیشم نازانم. وازی نەدەهێنا، وتی جوان بیربکەوە بزانە باسی چیدەکەن،... جوان جوان! من کەمێک راوەستام. وتم

باوکم زۆر حەزی بە هەواڵەکانە، کاتی هەواڵ نابێ زۆر دەنگەدەنگ بکەین. دادەنیشێ و جوان جوان گوێی لێدەگرێ. لێرەدا کتوپڕ زەینم چووە سەر ئەو وشانەی وا باوکم زۆری دەگوتنەوە: "پیاوە گرینگە سیاسییەکان!" ئەو وشانەی من ئەو کات نەمدەزانی تەوسن یان جیددی. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم گرێکە لێرەدایە. بۆیە ئیتر باسی ئەوەم نەکرد بە هۆی ئەم هەواڵ گوێگرتنانەی باوکمەوە من وێنەی زۆریەک لە پیاوە سیاسییەکان دەناسم، بەتایبەت ئەوەیان وا لە هەموو شوێنێک بگرە لە قوتابخانەیش وێنەکەی هەڵواسراوە. شتێک لەدەروونمەوە پێی دەگوتم زمانم ڕاگرم! ترسێکی یەکجار نامۆ بە بڕبڕەی پشتم دا سەرەوخواری دەکرد.

لە ماڵەوە نەموێرا باسی هیچ شتێک بکەم. ئەو ڕۆژە زۆریش نەچوومە کۆڵان. چەند ڕۆژ دوواتر باوکم بۆ شەو نەهاتەوە. باوەگەورە حەجمینی نەبوو و زوو زوو دەڕۆیشتە دەرەوە. دایکمم قەت ئەوەندە بە غەریبی نەبینیبوو. من کە دەمزانی هۆکاری هەموو ڕووداوەکە بۆ من دەگەڕێتەوە، یەکجار هەستم بە تاوان دەکرد. بۆ دوو ڕۆژ دوواتر باوکم هاتەوە. وای چەندە خۆشحاڵ بووین. دایکم خواردنێکی خۆشی دروستکرد و کردمان بە جەژن. ئەو شەوە باوکم تاقەتی گوێگرتن لە هەواڵەکانی نەبوو!

ئاگام لێبوو باوکم نیگای لە نیگام دەبوارد. بەڵام بە خۆشییەوە نە توڕە بوو و نە گرژ. ئارام دانیشتبوو و لەگەڵ ئەوەی لە منی نەدەڕوانی، بەڵام جوان هەستم پێدەکرد بەلاچاو ڕێک سەرنجی لەسەر منە! بە هیچ ئەملاولایەک تەنیا من!

بۆ سبەی کە چوارشەممە بوو دیسان وانەی هونەرمان هەبوو. مامۆستا باڵاکورتەکە وەک هەمیشە خۆی کردەوە بە پۆلەکەدا. بینیم ڕوخساری وەک هەمیشەیە. گەش و پڕ لە بزە. ئەوسا دەفتەرەکەی خۆمم لە دەستیدا بینی. دیسان وتییەوە کلاس کە تەواو

بوو دەیەوێ قسەم لەگەڵ بکا. ئەو سەعاتەم بە ساڵێک لێ تێپەڕی. سەرئەنجام زەنگی دەرەوەی لێیدا و قوتابییەکان ڕۆیشتنە حەوشێ.

وەک هەمیشە ئەو بە دانیشتن و من بە پێوە، کەوتەوە قسە. وتی دەفتەرەکەی هێناوەتەوە، وتی من پێم وتن وێنەی زستان بکێشنەوە نەک شتی تر، وتی وێنەکەم زۆر جوانتر دەبوو ئەگەر تەنیا وێنەی زستان بووایە!

من کە سەرم لێ شێوابوو، خواخوام بوو هەرچی زووتر دەفتەرەکەم بداتەوە و بزانم چیم کێشاوەتەوە.

ئەوسا دەفتەرەکەی کردەوە، ڕووبەڕووی ڕاگرتم و وتی ئیتر نەتبینم شتی وا بکێشیتەوە. ئیستا لەوێ دادەنیشی، دەیسڕیتەوە و لە جیاتی گەڵایەک دەکێشیتەوە.

لاپەڕەکە وەک خۆی نەمابوو. وەک بڵێی زۆر دەستاودەست کرابێ. لێرەولەوێ چرچ و هەڵگڵۆفاو! ئەوسا سەیری وێنەکەم کرد،... سەیری گەڵاکە،... لە جیاتی گەڵا بینیم وێنەی پیاوە سیاسییەکەم کێشاوەتەوە، ئەو پیاوەی لە هەموو شوێنێک وێنەکەی هەڵواسرابوو!

**خانووی نوێ و خودای نوێ**

لەمێژبوو لە خانوویەکی کۆندا دەژیا. لەدووای ئەوەی لەپاش ماوەیەکی زۆر بڕە پارەیەکی لادابوو و پاشی مردنی باوکیشی میراتێکی بۆ بەجێمابوو، بڕیای دا خانوویەکی نوێ بکڕێ. کە لێکیدایەوە زانی دەتوانێ خانوویەکی باش لە یەکێک لە باشترین گەڕەکەکانی شار بۆ خۆی دەستەبەربکا.

بۆ ئەم مەبەستە چووە سەر نێت و زۆر شوێن و زۆر خانووی بەسەرکردەوە. سەرئەنجام لەسەر یەکیان ساخ بووەوە، خانووەیەک لە گەڕەکێکی رۆژئاوای شار، بە شوێنێکی بەرزەوە و بە دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێش.

منداڵەکانی وتیان بابا تازە کە دەتەوێ خانووی نوێ بکڕی بۆچی هەر چی شتی ناوماڵیشە تازەیان نەکەینەوە؟ بۆ وێنە پەردەی نوێ، فەرشی نوێ، مۆبلی نوێ و هتد. باوکی کە ئەم فکرەی لا پەسەندبوو، قبوڵیکرد. بۆیە ئەو رۆژەی لەکڕینی خانووەکە و واژۆکردنی قەباڵەکەی بووەوە، چوو بۆ بازاڕ و شمەکەکانی تریشی کڕی. ئیتر چاوەڕوان مایەوە تا رۆژی گواستنەوە بێت و بەیەکجاری بچنە ناو خانووەکەوە. ئەو کە باوەڕی نەدەکرد توانیبێتی وەها قەڵەمبازێکی گەورە لە ژیانیدا بەرەو پێش بهاوێ ، شەوانە بە هەزار خەون و داڵغەوە سەبارەت بەوەی لە دووای گواستنەوە چیتر بکات، سەری دەخستە سەر سەرینەکەی.

هەتا رۆژی گواستنەوەکە نزیک و نزیکتر دەکەوتەوە، هەستیدەکرد حەزی بە شتی نوێی زیاتر یاخود نوێگەرایی زیاترە. بۆیە بڕیاری دا حەوشەکەیش بگۆڕێ. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ باخەوانێ قسەیکرد و ئەویش نەقشەیەکی نوێی لەسەر حەوشەیەکی مودێرن و جوان بۆ سازکرد و پێیدا. نەقشەیەک کە لەسەر کامپیوتر کێشرابووەوە و لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە حەوشەکەی بۆ دەخستیتە بەرچاو.

دووای ئەوە دیسان بڕیاری دا رەنگی رووی دەرەوەی خانووەکەیشی بگۆڕێ. لەناو هەموو رەنگەکان رەنگی قاوەیی سووتاوی لا پەسندتر بوو. وەستایەکیشی بۆ ئەوە گرت.

هێشتا بۆ گواستنەوە مابووی. بیری کردەوە چی تریش بکا. بینی هیچ نەماوە. دڵی کەمێک تەنگ بوو، بەڵام نا، ئیتر بەسە، نابێ زێدەڕۆیی بکا.

تا کتوپڕ رۆژێک پێش گواستنەوە بیرێک لەمێشکی دا. بیری کردەوە مادام کە هەموو شتێکی ژیانی تازەکردووەتەوە، بۆچی ئایینەکەیشی نوێ نەکاتەوە. بەڵام باشە کام ئایین باشە؟

چووە سەر نێت و لەسەر زۆربەیانی خوێندەوە. ئایینی جوولەکەی کەمێک رەق هاتە بەرچاو. مادام دەیگواستەوە بۆ خانوویەکی وەها جوان و بە بەرجەوەندێکی وەها نایابەوە، واچاکە ئایینەکە لەگەڵیا بێتەوە. ئەوسا چووە سەر ئایینەکانی هیند و هەروەها وڵاتی چین. کۆنفۆسیۆس نەرم و نیان بوو و ئەوانەی هیندیش هەستیکرد هەر لەو حاڵ و هەوایەدان. بەدڵی بوو، بەلام پەشیمان بووەوە، کەمێک لە لاوازبوونی خودا لە ناویاندا دڕدۆنگ هەڵگەڕا.

ئەوڕا چووە سەر مەسیحیەت. ئەمەی بەدڵ بوو. لەبەر ئەوەی هەم خواکەی هەمان خواکەی جاران بوو، هەم لە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە دەهات و هەم بەتایبەت بینی لەچاو دووانەکەی تر زۆر نەرم و نیانتر دەینواند. کەواتە ئەمە لەگەڵ خانووەکەی دەهاتەوە. بەڵام لەگەڵ کوێ تەماس بگرێ؟ بینی لە شارەکەی ئەوان هیچ شوێنێک دەستناکەوێ. نە کلیسایەک و نە قەشەیەک. بیری کردەوە گرینگ نیە، گەر ئایین باوەڕە ئەوا من باوەڕی پێ دێنم و ئیتر تەواو! بەڵام لەمەیش پەشیمان بووەوە. گەر بەڵێن بوو خودا هەمان خودای جاران بێت، ئیتر بۆ ئایین بگۆڕێ.

رۆژێک کە هەروا بەناو نێتدا دەسووڕایەوە، کتوپڕ چاوی بە سایتێک کەوت، لەسەری نووسراوبوو "چ جۆر خودایەکت دەوێ؟" بەپەلە چووە ناو بابەتەکانییەوە. سایتەکە نوسیبووی لەسەردەمێکدا هەموو شتێک تازەدەکرێتەوە و خەڵکی یەکجار سەرقاڵی نوێگەرین، سایتەکەی ئەوانیش مشووری ئەمە دەخوا و بۆیە هەوڵدەدا بە نوێگەری لە بواری خودادا، ئەو خودایەی مشتەری خوازیاریەتی بۆی بەرهەم بێنێ و پێشکەشی بکا. لە کۆتاییدا نووسرابوو لە دووای پڕکردنەوەی فۆڕمی دیاریکراو لە دووای دە رۆژ خواکەی خۆت لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا لە رێگای پۆستەوە وەردەگری و دەتوانی بە دیواری ژووری دانیشتنەکەتدا هەڵیواسی! ئەوجا لەخوار باباتەکەوە بەکلیککردنی ئەستێرەیەک چووە ناو فۆڕمی داواکارییەکەوە.

ئەم کە یەکجار خۆشحاڵ بوو، دەستیکرد بە پڕکردنەوەی فۆڕمەکە. لە دووای پڕکردنەوەی ناونیشان و ئادرێس و شتی لەم باباتە فۆڕمەکە بەم شێوەیە بوو. هەڵبەت هاوکات لەبەر دەم ئەو شوێنانەیدا وا ئەم بەدڵی بوون زەربێکیشی لێدا:

**خودای خۆت دیاریبکە!**

***خودای تۆ:***

- تەنیا خولْقێنەری دونیا بێت
- تەنیا چالاک لە کاروباری دونیادا بێت
- هەم خولْقێنەر و هەم چالاک لە کاروباری دونیادا بێت
- نە خولْقێنەر نەبێت و نە چالاک لە کاروباری دونیادا بێت X

***خودای تۆ:***

- پیغەمبەری هەبێ
- پێغەمبەری نەبێ X

***خودای تۆ:***

- تەنیا خاوەن جەهەننەم بێت
- تەنیا خاوەن بەهەشت بێت X
- خاوەنی هیچیان نەبێت
- خاوەنی هەردووکیان بێت

**خودای تۆ:**

- خواردنەوە قەدەغەبکات

ـ خواردنەوە قەدەغە نەکات

ـ کاری پێ نەبێت X

***خودای تۆ:***

ـ خاوەن کتێب بێت

ـ خاوەن کتێب نەبێت X

***خودای تۆ:***

ـ نوێژت بۆ دیاری بکا

ـ نوێژت بۆ دیاری نەکا X

***خودای تۆ:***

ـ دووای مردن زیندووت بکاتەوە

ـ زیندووت نەکاتەوە X

**خودای تۆ:**

ـ گەر کاتێ حەزت کرد وازی لێ بێنێ بە هیچ هەڕەشەی سزایەک X

ـ نەتوانی وازی لێ بێنی

***خودای تۆ:***

ـ توڕە بێ

ـ میهرەبان بێ X

- هەردووکیان بێ
- هیچیان نەبێ

***خودای تۆ:***
- کە قسەت لەگەڵ کرد وەڵامت بداتەوە X
- کە قسەت لەگەڵ کرد وەلامت نەداتەوە.

***خودای تۆ:***
- نێرینە بێت
- مێینە بێت
- هیچیان نەبێت X

لە دووای دە رۆژ وەک بەڵێنیان دابوو، پۆست تابلۆیەکی لە کاغەزەوە پێچراوی بۆ هێنا بەردەمیماڵەوە. بردییە سەرەوە. کە کردییەوە بینی تابلۆیەکی سپییە کە تێیدا وێنەی هەیکەلێکی بێ ناوەرۆکی تیاکێشرابوو. هەیکەلێکی بزۆز کە بەردەوام چوارچێوەی خۆی دەگۆڕی. لەگەڵ تابلۆکە بەستەیەکیش قەڵەمی رەنگی و هەروەها چەند قەڵەمێکی رەشیش هاوپێچکرابوون.

لەو رۆژەوە، ئەو کاتێک لە کار دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، پێش ئەوەی بچێتە باڵکۆنەکەی، لەسەر کورسییەکەی دابنیشێ و سەیری دیمەنە جوانەکەی بەردەمی بکا، قەڵەمەکان هەڵدەگرێ و ناوەڕۆکی ئەو خودایەی ئەو شەوەی خۆی دیاریدەکا. خوداکەی کە وەک ئەو روو لە دیمەنەکەیە و، وەک خۆی لەوێوە لەدونیا دەڕوانێ.

**لنین لە درگاکەمی دا**

خانووەکەم لە گەڕەکێکی نزیک مەیدانی سوور بوو. چەند ساڵێک بوو لێرە دەژیام. لە رێگای بۆنگایەکی بەکرێدانی خانووەوە پەیدام کردبوو. خانوویەکی کۆن لە یەکێک لە شەقامە هەر کۆن و بەناوبانگەکانی شاری مۆسکۆ. ئێوارەیەک لەدووای نانخواردنی شەو کەسێک بەتووندی و بە بێ راوەستان لە درگاکەمی کوتا. شێتانە. بەپەلە هەستام و چووم کردمەوە. بینیم پیاوێکی بچووکی کڵاولەسەر بە ریشێکی پرۆفسۆری و روخسارێکی سپیی مردووانەوە لەوێ لەپشت درگاکە راوەستاوە. بەسەرسوڕمانەوە بینیم 'لنین'ە. من کە دەمزانی هەنووکە ساڵی ٢٠١٩یە و لەو

ساڵانەی وا ئەو ژیابوو یەکجار دوورکەوتبووینەوە، کتوپڕ حسێبی زەمەنم لێ تێکچوو و بەپەلە لە ترسی ئەوەی نەکا پۆلیسی نهێنی تزار بیگرن، هێنامە ژوورەوە. هێشتا لەسەر کورسییەکە دانەنیشتبوو کە گوتی لێت تێکنەچێ ئیستا سەرەتای سەدەی بیستەم نیە.

ئەوسا من سەیری دەرەوەم کردەوە، پاشان سەیری رۆژژمێرەکەی سەر مێزەکەم. جۆری شەقام و ئەو ئۆتۆمبیلانەی وا پیایا تێدەپەڕین و لەگەڵ ژمارەی سەر رۆژژمێرەکە پێیان دەگوتم راست دەکا. ئیستا ساڵی ۲۰۱۹ بوو، زستانی ۲۰۱۹، بەڵام ئەم راستیە لەجیاتی ئەوەی دڵنیام بکا، بە توندی ترساندمی. وەک بڵێی ئەمەیشی خوێندبێتەوە گوتی مەترسە تەنیا دیدارێکی کورتی بەڕێکەوتە. هیچ شتێکی تر جگە لە رێکەوت منی نەهێناوەتە ماڵەکەی تۆ.

من کە لە بنەڕەتدا باوەڕم بە رۆح و شتی لەم بابەتە نیە و کەسێکی بەتەواوی باوەڕمەند بە مەتریالیزمم، بە خۆمم گوت بێگومان کەسێکە و ئەدای لنین دەردێنێ، جا لێیگەڕێ با دەریبێنێ، منیش جارێکە کاتم هەیە! ئەوسا بیرم کردەوە کە ژیانی دووپاتکراوەی ئەم ساڵانە یەکجار پێویستی بە کایەیەکی لەم چەشنەیە. کایەی شۆڕش و پیاوە گەورکانی.

هەر کە زانی من ئارام بوومەتەوە، چاوە تیژەکانی تێبڕم و وتی یادی ئەو ساڵانەی سیبری دەکەمەوە، ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە، زستانەکانی سیبری و بەفرە زۆر و سەرما تاقەت پڕوکێنەکەی، کاتێک بۆ ئەوێ دوورخرابوومەوە و لەگەڵ 'کرۆپسکایا'ی ژنم لەوێ دەژیاین،... ساڵانی پێش شۆرش، گەلێک پێش شۆڕش، بیری کتێب خوێندنە شێتانەکانی خۆم و نووسینە بەردەوامەکانم دەکەم. من کە ئیتر تەواو دڵنیا بووم ئەوە لنین خۆی نیە و تەنیا کەسێکی باشی شارەزای مێژووە، وتم تێدەگەم، مرۆڤی ئەم سەردەمە هەر هەموومان وامان لێهاتووە، زۆر یادی جاران

دەکەین، بێگومان شۆڕشگێڕەکان زیاتر لە کەسەکانی تر یادی جاران دەکەن. گوتی گەر ئیزنم بدەی حەزدەکەم لێرە کەمێک بمێنمەوە و لێرەوە لە شەقام بڕوانم و جارێکی تر یادی ژیان بکەمەوە. گوتم بێگومان دەتوانی، ماڵ ماڵی خۆتە! ئەوسا هەستام قاوەیەکیشم بۆ هێنا. راستییەکەی ئەوەبوو ئەوەندە بێ ئازار دەهاتە بەرچاوم کە تەنانەت بیری ئەوەیشم بۆ یەک جار بە زەینم دا نەهات گەر هاتوو شتێکی خراپ و چاوەڕواننەکراو روویدا تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم.
لە کاتێکدا لنین دانیشتبوو و نوقمی دیمەنەکەی دەرەوە ببوو، من دیسان سەیری تەلەفزیۆنم کردەوە. لنین چاوی لە سەفحەی تەلەفزیۆنەکە نەبوو. من کە سەیری فیلمی پۆرنۆم دەکرد، دەنگی هەنسکەهەنسکی ژنی ناو فیلمەکە سەرنجی لنینی راکێشا و وتی ئەوە رۆمانی 'ئاننا کارەنینای' تۆلستۆی دەخوێنیتەوە؟ من هەمیشە رقم لە بۆرژوازی و پیاوە مالیکەکان بووە، هەمیشە هەوڵدەدەن کاتە بەتاڵەکانی خۆیان بە سێکس پڕبکەنەوە، کە دەشبن بە نووسەر لە بەرهەمەکانیشیاندا هەر باسی ئەم بەشەدەکەن. کاتی خۆی پیاوێکم لێ راسپارد و داوام لێکرد بێتە پاڵ شۆرش، بەڵام ئەو پیاوێکی مالیکی لەخۆڕازی مەسیحی بوو کە گاڵتەی بەو کەسانە دەهات وا دەیانویست دونیا بگۆڕن، پێت سەیرنیە کەسێک رۆحی کۆمەڵگای رووسیا بێت و کەچی دوواتر بەدەست ژنەکەیەوە ئاوارەبێت و لە وێستگەی قەتار بمرێت! ئەمەیش تراژێدیای ئەوانەیە وا لەگەڵ ئەوەی رۆحی سەردەمن بەڵام نایانەوێ لەم رۆحە تێبگەن! وتم نا ئاننا کارەنینا نیە، فیلمی رووتە. وتی فیلمی رووت! فیلمی رووت چییە؟ وتم وەرە سەیری کە! بەهەنگاوە بچووکەکانییەوە هات. لەتەنیشت مندا راوەستا و لە تەلەفزیۆنەکە راما. ئەوسا گوتی وادیارە بۆرژوازی زۆر شتی بۆ سەرگەرمکردنی خەڵکی دۆزیوەتەوە. گوتم سەردەمی ئێوە وانەبوو؟ گوتی لە گۆشەوکەنار قەحبەخانەکان هەبوون، پڕ لە ژنانی موحتاج، بەڵام ئەم ژنانەی من

ئیستا دەیانبینم زۆر لە موحتاج ناچن، ئەوەندەی ئەکتەری فیلمن. قەحبەکانی سەردەمی ئێمە بۆ بەردەوامیی ژیان قەحبە بوون بەڵام قەحبەبوون بۆ ئەمانە شێوەی ژیانە، هەڵیانبژاردووە. ئەوسا بەپەلە چووەوە شوێنەکەی خۆی. دانیشتەوە و دیسان لەدەرەوە رامایەوە. گوتم خۆ دەزانی هەڵاتووی و نیگابانەکان بزانن دەستبەجێ بە شوێنتدا دەگەڕێن؟ گوتی ئەی چۆن نازانم، بەڵام لە راکشانی زۆری ئەوێ ماندوو ببووم، پێویستم بە پشوویەکی تەواوە. گوتم خۆ دەزانی ساڵانە نزیکەی دوو میلیۆن و نیو کەس سەردانت دەکەن و زۆرترین گەشتیاران لە مۆسکۆ روو لە تۆدەکەن. گوتی دەزانم. گوتم سەرچاوەی پارەی چاکی! لێوەکانی کشان، نەمزانی بزەیە یاخود تیشکی بەئاستەمی گڵۆپی ئەو ئۆتۆمبیلەی لەسەر جادەوە تێپەڕی. گوتی مەیدانی سوور لەچاو ئەو ساڵانە یەکجار گۆڕاوە، بەڵام حاڵ و هەواکەی هەر هەمانە، من لەبەر ئەمەیە رووسیام هەمیشە خۆش ویستووە، شتێک لە رابردوو هەیە قەت بەرۆکی بەرنادا، هەزار ئەوەندەیش فیلمی پۆرنۆ دروستبکەن، روسیا هەر روسیایە.

من کە دەمزانی زۆری پێناچێ نیگابانەکان زۆر خێرا بە ونبوونی لنین دەزانن و دەستبەجێ دەکەونە گەڕان بە شوێنیدا، گوتم واچاکە دووای ئەوەی بێتاقەتییەکەت بەسەرچوو بگەڕێیتەوە، دێن دەتدۆزنەوە و بۆ منیش باش نیە، بە تاوانی دزی دەمگرن و رەنگە لەسێدارەیشم بدەن، ئاخر تۆ هێشتا پیاوێکی یەکجار بەناوبانگی. گوتی خەمت نەبێ، من بۆ خۆم بۆیان شیدەکەمەوە. گوتم ئەوان باوەڕ بە قسەی پیاوی مردوو ناکەن. کە ئەمەی گوێ لێبوو لای کردەوە و بە چاوە تیژەکانی بەوردی لێمی روانی. گوتی دەزانی من لەمێژە لەوێ بیر لە شۆڕشێکی تر دەکەمەوە، شۆڕشێک کە پێش لەهەر شتێک پێویستی بەوەیە من جارێکی تر بەرەو فینلاند رابکەمەوە و لەوێ سەرلەنوێ پلانەکەی دابڕێژمەوە. بەڵام ئەرکێکی قورس

دەکەوێتە سەر شانی تۆ. تۆ دەبێ بچی و گۆڕی هەموو هاوڕێیان بەسەربکەیتەوە و پێیان بڵێی من لەوێ لە شاری 'تامپێرە'ی فینلاند وەک ساڵی ساڵان چاوەڕوانیانم. لەوێ سەرۆک پۆلیسی ئەوێیش وەک ئەو ساڵانە داڵدەم دەدا و ئیتر دەتوانین لەگەڵ هاوڕێیان کۆبوونەوەکانی خۆمان سازبکەین و سەرلەنوێ شۆڕش بەرپابکەینەوە. تازە لە گەشتیارانم بیستووە هیشتا لە مۆزەخانەی تامپێرە کەلوپەلە کۆنەکانی من دەستدەکەونەوە، کەواتە هەموو شتێک زۆر خێرا دەتوانێ وەک جارانیان لێ بێتەوە. ئەوسا دیسان لەودیوی پەنجەرەکە رامایەوە. من کە بەردەوام چاوم لە فیلمە پۆرنۆکە هەڵنەدەگرت وتم من ئەمە دەکەم، بەڵام بێگومان ئاگات لێیە کە ئەوان جەستەیان مۆمیایی نەکراوە و لەجیاتی شووشە لە گۆڕدا دەژین، بۆیە دڵنیانیم گوێیان لە من بێت و داواکەت سەربگرێ. لنین گوتی ئەو سەردەمانەیش ئێمە لەزۆر شت دڵنیا نەبووین، بەڵام کارەکانمان سەریانگرت. ئەوسا داوای دەفتەر و قەڵەمی کرد. بۆم هێنا. لە ماوەیەکی کورتدا بەدەیان پەیامی نووسی. هەر هەموویان بە ناوی نهێنیی حیزبییەوە. پاشان داوایکرد گەر دەکرێ جل و بەرگی باشی بدەمێ لەگەڵ جووتێک پۆستاڵی گەرمی زستانی کە بتوانێ بەرگەی دەشت و دەرە بەستەڵەک لێدراوەکانی رێگای فینلاند بگرێ. فیلمە پۆرنۆکەم راوەستان و چووم بۆم هێنا. زۆری بەدڵ بوو. وتی لەگەڵ ئەوەی جنسی زۆر چاکە، بەڵام بەپێچەوانەی سەردەمی ئێمە سووکترن. هەستا و بۆ رۆیشتن تەواو ئامادەبوو. گوتی تکایە بەتایبەت کرۆپسکایات لەبیرنەچێ، پێی بڵێ یەکجار وەڕەزیی دەکەم، پێی بڵێ ئەوەندەی نەماوە ژیان وەک ساڵی ساڵانی لێ بێتەوە. گوتم خۆ دەزانی لە ناوەوە، ناوەوەی جەستە بەتاڵیان کردوویت و هیچت تیانەماوە، نە دڵ، نە گورچیلە، نە سی، نە گەدە و نە ریخۆڵە و... لێرەدا راوەستام. لنین بزەیەکی هاتێ و گوتی تکایە پەیامەکانم بگەیەنە.

لەو کاتەیدا ویستی درگاکە بکاتەوە و وەدەربکەوێ، دەنگی فیقەلەی پۆلیس شەقامەکانی تەنییەوە. ئەوسا ئەو ئۆتۆمبیلانەی بەپەلە دەرکەوتن و لەهەموو شوێنێک خەڵکی چەکداریان دادەبەزاند و دەکەوتنە پشکنینی رێبوارە تاق و تەراکان و پشکنینی ماڵەکان. گوتم تازە درەنگە، بچیتە دەرەوە دەتگرن. ویستم بەپەلە بیبەمە ژوورەخەوکەم و لەژێر تەختی خەوەکەمدا بیشارمەوە کە بینیم لنین بە بێ خەم هەر لە شوێنی خۆیدا راوەستاوە. بە پاڵتۆ و پۆستاڵەوە. وتم ناتەوێ بتشارمەوە؟ ئیستا دێن دەتگرن. لنین وەڵامی نەدامەوە. شەقام پڕببوو لە چەکدار.

کە گەیشتنە بەر دەرگاکەی من و هەر ویستم درگاکەیان لێبکەمەوە لنین دەستی هێنایە سەر رێگام. کوتانی درگاکە ئەوەندە توند بوو دڵ و جەستەمیان هێنایە لەرزین، بەڵام لنین زۆر بە ئارامی و بە بێ ئەوەی نیشانەیەک لە ترس و دڵەڕاوکێی تێدابێت، هەنگاوی هەڵگرت و درگاکەی کردەوە.

سەرۆک پۆلیسی مۆسکۆ لەسەر شۆستەکە راوەستابوو. بە دوو پۆلیس بە هەردوو تەنیشتییەوە. هەر کە چاوی بە لنین کەوت وتی "ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ،... دیسان لێرە!"

## مانگاکەیشیان برد

ماوەیەکە بۆ رەوینەوەی تەنیایی خۆم، مانگایەکم کڕیوە. مانگایەکی بەڵەکی چاو خومار. لە جوتیارێکم کڕی. پەتێکم کردە ملی و پێکەوە بەرەو ماڵەوە رۆیشتین. لە رێگا هەموو کەس سەیری ئەو دیمەنە غەریبەیان دەکرد. بەڵام من و مانگاکە لەوە لەخۆباییترین بووین گوێ بدەینێ.

لە خانووەکەمدا حەوشەیەکم بچوکم هەیە. لە حەوشەکەدا ژوورێک کە ئەگەرچی لە تەویلە ناکا بەڵام بۆ مانگا دەشێ. هەر ئەوەندەی دەتوانێ جەستەی تیابگێڕێ باشە. بۆیە چوونە ژوورەوەی و هاتنە دەرەوەی کێشەیەکی وەهای نیە. مانگا بەڵەک

کاتێک ژوورەکەی دیت، بەلاچاو سەیرێکی کردم. پێم وابێ دەستبەجێ لە دۆخەکە گەیشت!

لەبیرم چوو باسی بکەم، هەر لەو ڕۆژەوە وێنەیەکی 'مارسل پرۆست'یشم بە دیواری ژوورەکەدا هەڵواسی. وێنەیەکی ڕەش و سپی بە سمێڵە بابڕەکانییەوە کاتێک لە سەر قەنەفەیەک دانیشتووە و لە کاکی یاخود خانمی وێنەگر دەڕوانێ.

ئیتر لەو ڕۆژەوە مانگا بەڵەک لەوێ لە حەوشەکە و لە ژوورەکەدایە. منیش هەستی تەنیاییم ڕەویوەتەوە. ئیتر دەزانم کەسێک لەوێ لە خوارەوە هەیە و، هەم من بیر لەو دەکەمەوە و هەم ئەو لە من.

بەڵام زۆری نەخایاند هەر دوو دراوسێکەی ئەمبەراوبەرم بەچاوی پڕ لە پرسیار و گومانەوە کەوتنە لێڕوانینم. یەکیان سەرئەنجام ڕۆژێ پرسی ئەرێ خێرە ئەم مانگایەت هێناوەتە ئێرە؟ منیش کە دەستبەجێ نیەتەکەیم خوێندەوە وتم وەڵڵا لە جیاتی سەگ بیرم لە مانگا کردەوە. وتی مانگا!؟ وتم ئەرێ مانگا. ئیتر بێدەنگ بوو و هیچی تری نەوت.

ڕۆژی دوواتر هێشتا لەناو جێگاکەمدا بووم لە دەرگایان دا. چووم کردمەوە. بینیم دوو پۆلیس، یەکیان ژن و ئەوی تریان پیاو لە حەوشە لە پشت دەرگاکە ڕاوەستاون. ژنەکە قەڵەم و کاغەزێکی بەدەستەوەبوو و پیاوەکەیش بە چەند هەنگاوێک لەولاترەوە ڕاوەستابوو. ژنەکە وتی گەر زەحمەت نیە چەند پرسیارێکمان هەیە. ئەوسا دەستبەجێ باسی مانگا قەشانیان کرد. کورتەی قسەوباسەکانی ئەوان ئەوە بوو ڕاگرتنی مانگا لە وەها گەڕەک و شوێنێک قەدەغەیە و دەبێ دەستبەجێ وازی لێبێنم. وتیان شوێنی مانگا لە دەرەوەی شارە و لای جوتیارانە. کە قسەکانیان تەواوبوو منیش وتم لای من هیچ جیاوازییەک لەنێوان مانگا و سەگدا نیە، ئەی بۆ سەگ ئازادە و بۆ مانگا نا، تازە مانگا ناوەڕێ و قولاپەی کەس ناگرێ و بگرە

گووکەیشی بێ بۆنترە. پۆلیسەکان بەسەرسوڕمانەوە سەیریان کردم و پیاوەکەیان بزەیەکی هاتێ و وتی راستدەکەی... راستدەکەی، بەڵام کێشە لەوەدایە یاسا دەڵێ مانگا ناتوانێ لە ناو شاردا بژیت، بۆیە دەستبەجێ دەبێ بیبەیتەوە بۆ شوێنی سەرەتای خۆی یاخود هەر شوێنێکی تر، گوتی بڕواناکا فرۆشتنەوەیشی زەحمەت بێت. گوتم ئەی تەنیایی من چی، ها ئەی تەنیایی من؟ ژنەکەیان وتی ئەویش بە کڕینی سەگ، پشیلە، مار، دووپشک، مشک، جرج، باڵندە یاخود هەر چەشنە ئاژەڵێکی ناو قەفەسی تر کە لە زۆربەی دووکانەکانی ئاژەڵفرۆشیدا دەست دەکەون، قەرەبوو دەکرێتەوە، وەک هەموو خەڵکی تر. وتم من تەنیا بە مانگا سوکناییم دێ، یەکەم ئەوەیکە زلە، دووهەم چاوەکانی چەشنێکی ترن، سێهەم زستانان کاتێک تەنیایی ئیتر بە ترۆپکی خۆی دەگا دەتوانم بچم لە ژوورەکەی دابنیشم و هەست بە گەرمای جەستەی زەلامی بکەم، وەک رۆژانی قەدیم، بەڵام من چ لە سەگ و پشیلە بکەم، ئیتر هەر لە مشک و جرج و دووپشک و باڵندە گەڕێ کە خۆیشیان پێ گەرم ناکرێتەوە!

پیاوەکەیان وتی وەک پێمان وتی یاسا ئیزن نادا، ئەمە نەکەی دێن و دەیبەن و ناتوانی هیچ کارێکیش بکەی. من کەمێک بیرم کردەوە و وتم ئەی ئەگەر بیبەمە ژوورەوە، ها،... ئەمە چی، خۆ ئیتر نە ئێوە و نە یاسا و نە دراوسێکانم گلەییان نامێنێ؟ وتی نابێ، ژوورەوە و دەرەوە فەرقیان نیە، قسە لەسەر ئەوەیە مانگا ناتوانێ لەناو شار و لەناو شوێنە گشتییەکاندا بژی.

وتم ئەی بۆ قەدیم دەکرا و بۆ ئیستا نا، تازە ئیستا وەزعی داوودەرمان باشترە؟ پۆلیسەکان کە کەمکەم ئۆقرەیان لێدەبڕا و بەزحمەت خۆیان رادەگرت، وتیان ئێمە هەموو زانیارییەکمان پێدای. ئیستا تکایە ژێر ئەم وەرەقە ئیمزابکە. وتم وەرەقەی چی؟ وتیان بیخوێنەوە. وتم تاقەتی خوێندنەوەم نیە، جا ئەگەر تاقەتم هەبا بۆ مانگام

دەکرێ، وتم من تەنانەت نە سەیری تەلەفزیۆنیش دەکەم و نە گوێ لە رادیۆیش دەگرم، رقیشم لەهەرچی پیاوی سیاسی و نووسەر و نۆکەرەکانیشیانە، من ئەم مانگایەم لە هەر هەموویان خۆشتر دەوێ، لام وایە لەهەموویان زیاتر بەکەڵکی من دێت! ژنەکەیان وتی مافی خۆتە چۆن بیردەکەیتەوە، ئەمە کێشەی ئێمە نیە، کێشەکە لە بوونی مانگاکە لەم خانووە و لەم گەڕەکەدایە. وتم هەڵەی ئێوە لەمەدایە لاتان وایە ئەمانە پێکەوە لە پێوەندیدا نین، لە کاتێکدا جوان جوان پێکەوە بەستراونەتەوە، باشە بۆ لێم ناپرسن بۆ رقت لە سیاسییەکان و نووسەرەکانە، ها بۆ لێم ناپرسن؟ پیاوەکە وتی ئەم بەشە بە ئێمەوە رەبتی نیە، دەتوانی بیکەی بە وتارێک، یاخود لەگەڵ هاوڕێکەت باسی بکە، یان چووزانم هەر شوێنێک خۆت لات پەسندە، مانگا نابێ لێرە بمێنێتەوە، ئیمزایشی ناکەی گرینگ نیە، بە بێ ئیمزایش دەشێ! وتم دەشێ؟ وتی ئەرێ دەشێ! وتم چی دەشێ؟ وتی ئەوەیکە مانگا لێرە نەمێنێ. وتم دەزانی ناوم لێناوە مانگا قەشان؟ هەردووکیان بزەیەکیان هاتێ. وتیان گرینگ نیە بزانین، قەشان یان بێ قەشان نابێ لێرە بمێنێتەوە. وتم من دەمەوێ خەبات بکەم بۆ ئەوەی مانگایش بکەم بەو جۆرە ئاژەڵانەی وا دەکرێ وەک سەگ و پشیلە لەماڵەوە رایانبگری. گوتیان کاری باشدەکەی، خەباتی خۆت بکە، بەڵام تا سەرکەوتنەکەت دەبێ ئەم مانگایە لێرە نەمێنێ. وتم نەتانپرسی بۆ رقم لە سیاسی و لە نووسەرەکانە، رقم لێیانە چونکە لەبەر ئەوەی سەگ و پشیلە و مشک و جرج و... بێ خێروبێرن ئیزنی راگرتنیان لەماڵ دەدەن و بەرگری لەم هەڵوێستەی خۆیان دەکەن، بەڵام چونکە مانگا خێروبێری هەیە و دەتوانین لە شیرەکەی کەڵک وەربگرین، ناهێڵن رایگرین، وتم دەزانن مەسەلە پارە و بازاڕە!؟ دەزانن مەسەلە... لێرەدا قسەکانیان پێ بڕیم و وتیان کاکە ئەمە وەک وتمان کێشەی ئێمە نیە باشتر بڵێین بەئێمەوە رەبتی نیە، بچۆ لەگەڵ سیاسی و نووسەرەکان باسی بکە، هیواداریشین سەرکەوی، بەڵام تا ئەو کاتە

ئەم مانگایە لێرە نامێنێ، برایەوە! وتم پێم وابێ ماندووبوون، فەرموون وەرەنە ژوورەوە با قاوەیەکتان بۆ سازکەم! سوپاسیان کرد و وتیان نا، درەنگە و دەبێ بڕۆن. وتم مانگاکە چەند ڕۆژێکە لێرە دەژی و ڕاهاتووە، پێم وابێ باش نەبێ کتوپڕ ڕایگوێزم، ئەمە دەتوانێ ببێتە هۆکاری نۆستالۆژیا و خەمۆکی تیایا، دەتوانن دەرفەتم بدەنێ؟ وتیان چەند ڕۆژ؟ وتم مانگێک! پێکەنین، پێکەنینێکی تاڵ،... وەک کەکرە. لەم کاتەدا مانگاکە لە ژوورەکەی خۆیەوە بۆڕاندی. بزەیەکم هاتێ و وتم دەبینن چەند مورتاحە! لەم کاتەدا بێتەلی یەکیان کەوتە خشەخش و کەسێک پەیامی نارد. ژنەکە بوو، بێتەلەکەی هەڵگرت و چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە و پشت لە من کەوتە قسەکردن. ڕوومکردە پیاوەکەیان و وتم ناوم ناوە 'سۆزان'، وەرە با پیشانت بدەم چەند جوانە! ئەوسا بەپەلە دەرگاکەم کردەوە. هاڵاوی گەرمای لەشی و بۆنی شیاکە بە ڕووماد هات. هاڵاو و بۆنێک کە تەنیاییان دەڕەواندەوە. پۆلیسەکە کە تەنیا یەک دوو هەنگاوێک هاتبووە پێشەوە و لەدوورەوە دەیڕوانی، سەرێکی بەئاستەم بادا. وتم مانگایەک بکڕە ئەوسا دەزانی هەبوونی مانگا یانی چی. ژنەپۆلیسەکە هەر لە قسەکردن بە بێتەل بووەوە گەڕایەوە لامان و وتی ئیتر ئێمە دەڕۆین، لەبەر ئەوەی ناتەوێ مانگاکە بفرۆشیتەوە بەزووترین کات دێن و دەیبەن، هیچیشت لەدەست نایەت. هیچ یاسایەک لەم وڵاتە داڵدەت نادا. وتم شکایەت دەکەم، دەچم باسی تەنیایی خۆم دەکەم، خۆ ئەم وڵاتە بێ ساحیب نیە. وتیان نا نیە، بڕۆ شکایەت بکە، بەڵام شکایەتیش دادت نادا، ئەم مانگایە لێرە نامێنێ.

ڕۆیشتن. دووای چەند کاتژمێرێک ماشینێکی باری بە چەند پۆلیس لەگەڵیا هاتن. مانگا قەشانیان پیش خۆیاندا و ڕۆیشتن. مانگا قەشان هەر لایشی نەکردەوە! من ئەمجارەیش کاغەزەکەم ئیمزانەکرد. بگرە هەر نەیشهاتمە خوارەوە. لەپشت پەنجەرەکەوە، لەو سەرەوە، هەتا ڕۆیشتن لێم ڕووانین. پاش چەند ڕۆژێک

مەبلەغێک پارە هاتە ژمارە حیسابەکەمەوە، لەگەڵ نامەیەک لەناو سندووقی نامەکاندا کە تێیدا هەموو زانیارییەک نووسرابوو. بە نرخی فرۆشتنی مانگا قەشان و خەرجی راگواستنەکەی کە لێیان کەم کردبووەوە.

من چەندین رۆژ لەسەریەک یەکجار غەمگین بووم. یاد و وێنەی سۆزان لە زەینم دوورنەدەکەوتنەوە. بیری ئەو رۆژەم دەکردەوە پێکەوە هاتینەوە بۆ ماڵ، بیری نیگا جوان و خەمین و تایبەتەکانی.

بەڵام،... بەڵام مانگا قەشان لای من هەر ماوە. ژوورەکە بۆنی ئەوی بۆ هەمیشە لە خۆیدا حەشارداوە. ئەو بۆنەی وا کەس ناتوانێ رایگوێزێ. کە زۆر هەست بە تەنیایی دەکەم دەچمە ئەوێ و لە نیوەتاریکایی ژوورەکەدا بە سەعات دادەنیشم و بۆنی مانگا قەشان هەڵدەمژم. من و پرۆست پێکەوە. سەیری 'پرۆست' دەکەم، ساڵانی ساڵ لەوە پێش خوێندبوومەوە، کاتێک دەڵێ هیچ شتێک بە قەدەر تام و بەقەدەر بۆن هەڵگری بیرەوەرییەکان نین.

ئیستا دەزانم بۆچی یەکەم رۆژ وێنەکەی ئەوم لە ژوورەکە هەڵواسیبوو!

**درۆ بوو**

کە باران دەبارێ هەموو شتێک دەسڕێتەوە، سنوورەکان نەبێ. باران جێ هەنگاوەکانی من دەسڕێتەوە، فرمێسکی سەر رووومەت، ئارەقەی جەستە، تەنانەت خەمۆکیی نیگاکانیش، بەڵام سنوورەکانی بۆ ناسڕێتەوە. رەنگە هی ئەوە بێت لە راستیدا هیچ سنوورێک بوونی نیە، یان رەنگە لەبەر ئەوە بێت سنوورەکان لە دەروون و لە زەینی ئێمەدان نەک لە دەرەوە.

کەچی من سنوورەکانم بڕیوە. جاری وایە هەستدەکەم هەڵخەڵەتاوم. من سەرتاسەری ژیانم بەسەر سنووورە خەیاڵییەکاندا بازم داوە و پێم وابووە لە نیشتمان دوورکەوتوومەتەوە. ئەو نیشتمانەی بە سنووری درۆینە دەستنیشان کراوە.

تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم و بە باوکم دەڵێم درۆیە دەڵێن من ساڵانی ساڵە لەوێ نیم، دەڵێم من بەردەوام هەر لەوێم. سەرەڕای رۆیشتنم بەڵام هەر لەوێم. باوکم کە وەک هەموو باوکێکی تر حەزی بە دڵخۆشی دانەوەی منداڵەکەیەتی، دەڵێ بێگومان وایە! منیش لە خۆشیانا تەلەفۆنەکە دادەنم، دەست بە دەموچاومەوە دەگرم و پڕ بە ژوورەکە دەقیژێنم کە "هە، کەواتە هەموو شتێک درۆبوو، هەموو شتێک!" ئەوسا دەکەومە پێکەنینێکی شێتانە. مانگ لە دەرەوە بە تەوقی ئاسمانەوە بزەیەک دەیگرێ و دەریا رووناکتر دەکاتەوە. ئەوسا چاوەکانی شەرمێونانە بەلایەکدا دەخا. دونیا شەرمن دەبێ. گەر شەو درەنگ نەبایە دەستم دەبرد تەلەفۆنەکەم هەڵدەگرتەوە و بە باوکمم دەگوت تەنانەت مانگیش بەم حەقیقەتە دەزانێ. بە حەقیقەتی درۆینەبوونی سنوورەکان.

بەڵام نا، ئەی بۆ باران ناتوانێ بیانسڕێتەوە؟ ئەوسا خەمێکی قورس دامدەگرێتەوە. من هەڵەم. من وەک هەمیشە هەڵەم. من تەواوی ژیانم بە تەمای ئەوە بووم کە ئەمجارەیان ئیتر هەڵە نەبێ، بەڵام ئەویش دیسان هەڵەیە. تەورێک هەڵدەگرم و حەز دەکەم بچم بۆ دارستان و درەختەکان ببڕمەوە. رەنگە گوناهی درەختەکان بێت ناهێڵن باران سنوورەکان ببینێ. دەستدەکەم بە بڕینەوەیان. بەو شەوە درەنگانە دەنگی بەریەککەوتنی دەمەتەور و قەدەکان لەناو دارستاندا دەنگدەداتەوە. هەموو شوێنێ دەبێ بە خوێنی سەوز. باڵندەیەک کە نازانم چییە لە ناو هێلانەکەیەوە لە بڵێندایی یەکێک لە درەختە هێشتا نەبڕاوەکانەوە دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ حەک ماڵت نەشێوێ خەوی ئەمشەوت لێ زڕاندین. من هاواردەکەم و دەڵێم خەتای بارانە. مارەکان پێدەکەنن. فیسکە فیسکی کەنینیان لەگەڵ با تێکەڵ دەبێ. ئەوسا شەرم لە "ماڵت نەشێوێ" دەمگرێ و تەورەکە دەدەمەوە بە شانمدا و دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

گوێم لێیە باوکم پرخەی خەوی دێ. سنوورەکان بەری پێناگرن، دەیبیستم. بیردەکەمەوە گەر ساڵەکان یارمەتی بدەن من هەر دەگەمەوە.

وە لە رۆژی دوواترەوە هەتا یەک مانگ باران نابارێ. لە رقی منە یاخود بە هۆی دەست تێوەردانی مرۆڤ لە سروشتدایە نازانم. باران بۆ زیاتر لە چوار هەفتەی رەبەق خۆی دەشارێتەوە. من ئاگام لێیە سنوورەکان دەکشێن، دەفشێن و باڵادەکەن. ئەوسا بۆگەنیان وڵات دادەگرێ. بۆگەنی کەلاکی مردارەوەبوو دێت. سنوورەکان بە درێژایی خۆیان پڕدەبن لە مێش و مەگەز. مێشوولەکان شایی لۆغانیانە. هەرچی کەر و ئەسپ و بەگشتی چوارپێی وڵاتە ئەوەندە کلکیان هەڵسووڕاندووە، بڕستیان لێ بڕاوە. ئەمەیش دادیان نادا و ئەوانیش لە ئاسمان دەڕوانن و دەزانن خەتای بارانە. تەنیا مێشخۆرەکان، مەگەزخۆرەکان و مێشوولەخۆرەکان لە ژیان و لە خڵقەت رازین. گەر بەوان بایە بە چەندین ملیارد ساڵ پێش بڕیاری خودایش 'بوون'یان دەخوڵقاند.

من کە هەمیشە، جا بە رێکەوت بووبێت یاخود بە بڕیارێکی نەزانانە، خانووکەم لە تەنیشت سنوورەکان بووە؛ بڕیاردەدەم بگوێزمەوە بۆ ناوەوەی وڵات. بۆ شوێنێک یەکجار دوور لە سنوورەکان. هەرچی کەلوپەلە دەیانپێچمەوە و سواری ماشینێکی باری گەورەیان دەکەم و دەڕۆم. پشت لە سنوور و روو لە ناوەڕاست. جەغزێکی خەیاڵیش دەکێشم و قامکم دەخەمە سەر ناوەڕاستەکەی و دەڵێم "ئائێرە!" خۆشحاڵم کە لە دووای ئەو هەموو ساڵە سەرئەنجام رێگاچارەیەکم بینیوەتەوە. نازانم بۆ تا ئیستا ئەقڵم پێی نەشکاوە.

کە دەگەم، لە دووای کردنەوەی کەلوپەل و دامەزراندنیان یەکەم کار کە دەیکەم تەلەفۆنکردنە بۆ باوکم. پێی دەڵێم ئیستا گرینگ نیە لە کوێم، گرینگ ئەوەیە چیتر نامەوێ بیر لە سنوورەکان بکەمەوە. باوکم وەک هەمیشە خۆشحاڵی خۆی

دەردەبڕێ و دەڵێ بێگومان وایە! منیش بە بێ خواحافیزی تەلەفۆنەکە دادەنێم و بەری دەستەکانم لێک هەڵدەسووم و بەخۆم دەڵێم ئەمڕۆ دەچم بۆ مەلە.

مەلەوانگەکە پڕی خەڵکە. منداڵ بە قیژوقاو رادەکەن و خۆ بە ناو ئاوەکەدا دەکەن. بڵیندگۆکە هاواردەکا و دەڵێ راکردن قەدەغەیە، بەڵام ئەوان هەر رادەکەن. منداڵێک دەکەوێ و دەگری. پیرەپیاوێک حەزی کەوتنێکی سەردەمی منداڵی دەیگرێتەوە. من ئاخێکی بۆ هەڵدەکێشم. ئەوسا خۆم فڕێ دەدەمە ناو ئاوەکە و شێتانە هەزار میتر مەلەدەکەم. بێگومان ئەم ئاوەیش هەر ئاوە بارانە. ئەو بارانەی کە دەتوانێ هەموو شتێک بسڕێتەوە سنوورەکان نەبێ. بەڵام من خۆشحاڵم چیتر بیر لەمە ناکەمەوە. ئاو وەک سنووورە دەبێ پیایا بڕۆی و بەناویا گوزەربکەی. ئیتر هیچی تر نا. سنوور، ئەوەندەی بۆ پەڕینەوەیە بۆ بڕین نیە. لەژێر ئاوەکە لەناو چاویلکەی مەلەکەوە چاو زیت دەکەمەوەو لە دەورووبەرم دەڕوانم. جیهانێکی کپ و مەند پڕ لە جووڵەی هێواشی مرۆڤەکان، ئەو قاچ و قولانەی هەریەکە و بەلایەکدا دەڕۆن. دنکە بارانەکانی ناو مەلەوانگە، کۆمێدی ترین بەشی بارانن. زەمەن چەند قورسە.

بیرم دەکەوێتەوە من ساڵی شەست و چوارم لەهەموو ساڵەکانی تر خۆشتردەوێ. هی ئەوە نیە تێیدا بووم بە بیست. نا، پێم وابێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو کاتەدابوو هەستم بە هێزێکی سەیر لە خۆمدا کرد. هێزێک وەک سەروگەردنێک کشاوەتر لەزەمەن. ئەو ساڵەی زەمەن نەک قورس نەبوو، بەڵکو وەک کاژیلەیەکی دابڕاو لە دایکی هاتەبەرچاوم کە بەناو مێرغوزارا رادیدەکرد و داماوانە دەیباعاند و ترسی تەنیایی وەها سەرتاپای جەستەی داگرتبوو هەر نەبێتەوە. من ئەو ساڵە لە سنوورەکانیش نەترسام. لایشم گرینگ نەبوو باران دەتوانێ بیانسڕێتەوە یان نا. من ئەو ساڵانە بیرم لە تەلەفۆنکردنیش بۆ باوکم نەدەکردەوە. دڵنیایشم چاوەکانی مانگ شەرمن نەبوون.

کتوپڕ مەلەوانگەکە دەشێوێ. خەڵکەکە رادەکەن. سەرم لەناو دنکە بارانە یەخسیرەکانەوە هەڵدەبڕم بزانم چە باسە. هەموویان بەرەو لایەک رادەکەن. منیش بەپەلە دەچم. ژنێک کەوتووە و چەند کەسێک خەریکن یارمەتی دەدەن. خەریک بووە بخنکێ. هەناسەی دەهێننەوە جێ. لەسەر کورسییەک دادەنیشێ. بەڵام حالی هەر تەواونیە و داوادەکا ئامبوڵانسی بۆ بێنن. کچە هاوڕێکەی دەڵێ مەلە زۆر چاک دەزانێ نازانم بۆ وای لێهات. من کە دڵنیام گوناهی ئەو دنکە بارانانەیە وا لە بێدەسەڵاتیی خۆیان لە ئاست سنوورەکاندا تووڕەن و داخی دڵی خۆیان بەسەر ئەو ژنە گەنجەدا رشتووە، دەگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم. دەبێ ئاگام لەخۆم بێت، گەر دنکەکان بزانن چ خەیاڵاتێک لەمێشکی مندایە، ئەمڕۆ دوواڕۆژی ژیانم دەبێ! نا، ئەو ریسکەیش ناکەم. واز لەمەلەکردن دێنم و یەکەوڕاست دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. قاوەیەک سازدەکەم، لەسەر کورسییەکەی سەر باڵکۆنەکەم دادەنیشم و سەیری دەریاچەکە دەکەم. ئاو، لە دوورەوە جوانە.

نیوەشەو کتوپڕ تەلەفۆنەکەم زەنگ دەدا. من کە خەوم یەکجار قورسە، دەست دەبەم و وەڵام دەدەمەوە. ژنێک بە دەنگێکی ئارامی پڕ لەترسەوە دەڵێ فریام کەوە! رادەچەنم. دەڵێم کێی؟ دەچپێنێ دراوسێکەتم، دز هاتووەتە ماڵەکەم! من کە تەنیا یەک دراوسێم هەیە و ئەویش ژنێکی تەنیای ناو خانوویەکی گەورەیە، بەپەلە دەچمە دەرەوە. رێک بەرەو خانووەکەی. لە زەنگی درگاکەی دەدەم. گوێم لە زرمەی خۆفڕیدانی کەسێک و هەڵاتنیەتی. هاواردەکەم دەڵێم هەڵات! ژنەکە درگاکە دەکاتەوە و باوەشم پیادەکا و دەگری. جەستەی وەک چۆلەکەی خووساوی بەرباران و درەختەکانی بەر دەمی تەورەکەی من دەلەرزێ. دەڵێم هەموو شتێک تەواوبوو. دەڵێ دەتوانی ئەمشەو لێرە بخەوی؟ دەڵێم نا، بەڵام تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە! گڵۆپی

شین و سپیی پۆلیس خانووەکەی منیش رووناک دەکاتەوە. ئەو شەوە تا خەوم لێدەکەوێتەوە هەر لە بیری ئەوەدام داخۆ لای ئەو دزە سنوور چۆنە، هەیە یان نیە.
لەسەر موبایلەکەم وێنەی هەر دوانزە مانگەکەی ساڵ ئەوەندە بچووک دەکەمەوە تا هەموویان پێکەوە ببینم. ساڵ چەند بچووک دەبێتەوە. ئەوسا بەپەنجە ساڵەکان پاڵ پێوەدەنێم. لەچەند چرکەدا دەگەمە چل ساڵ دوواتر، یاخود چل ساڵ بەرەودووا. بەپەلە پەنجەم رادەگرم. خەریکم دەرشێمەوە. سەرم لەگێژەوە دێت. هەناسەم سواردەبێ. بەو نیوەشەوە رادەبم و هەڵدێمە باڵکۆن. پێویستم بە هەوای تازەیە. وە دەرەوە چەند دڵ سەخاوەتانە یارمەتیم دەدا. سییەکانم پڕدەبنەوە لە هەوا. ئەوسا کتوپڕ سنوور وەها لەبەر چاومدا بێ مانا دەبێ کە بڕیاردەدەم سەرلەنوێ بگەڕێمەوە بۆ خانووەکەی پێشووم،... بۆ سەر سنوور.
لە رۆژێکی باراناویدا کەلوپەل دەپێچمەوە و دەگەڕێمەوە. لەدووای کردنەوە و دامەزراندنیان لە خانووە تازەکەدا دەست دەبەم تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم و زەنگ بۆ باوکم لێدەدەم؛ دەڵێم ئیتر گوێ نادەمێ، لە ژیاندا شتی یەکجار گرینگتر لە سنوور و... لە سنوور و لە باران هەن. باوکم وەک هەمیشە دەڵی وایە،... بێگومان وایە!
کاتژمێر چواری بەیانی خەوم لێدەکەوێ.

## پەڕینەوە

دوڕگەی 'رۆبن' لە مەودای دە کیلۆمتری شاری 'کێپ تاون' راکشاوە و لەوێوە لە پانتایی خۆیەوە لە شاخی 'تەیبڵ مۆنتەین' کە بە پشت شارەوەیە، دەڕوانێ. زیندانەکەی 'نێلسۆن ماندێلا' کە بەناوی دوڕگەکەوە ناونراوە، لەوێ لەو دوڕگەیە بە شەو تەنیایە. هەرچی گەشتیار و گایدە لە هۆتێلەکان و لەماڵەکانی خۆیان خەریکی حەسانەوەن وخەوتوون. ژوورەکان و هۆڵەکانی زیندان لە دەرفەت کەڵک وەردەگرن و هەدا دەدەن. بێدەنگییەکی زیندان ئاسا ژوور و حەوشەکان قوتدەدا.

تاریکایی شەو وەک چارشێوێکی رەشی ئەستێرەچن هەموو شتێکی لە باوەش گرتووە. دەریا شەپۆلان دەدا و بایەکی سەرکێش لەوپەڕ سنوورەکانی دەریاوە دێت و سەر بە هەموو کەلێن و قوژبنێکدا دەکا. هەر لە قەبرستانی مردووەکانی نەخۆشیی 'خۆرە'وە بگرە تا ئەو شوێنەی زیندانییەکان ساڵانی ساڵ لەمەوبەر رۆژ تا ئێوارە لەژێر نیگای حەرەسەکان و قەمچی و لیکی دەمی سەگەکاندا کاریان تێدا دەکرد. زەمەن قەتیس دەبێ. لە ناو دەریایش قرشەکان وەک ساڵان بەتەمای نێچرێکی وێڵی ئازادی شێتانە دێن و دەچن، نێچیرێک لە رەگەزی ئەو زیندانیانەی وا زیندان وەرەزی کردوون و نە مەودای ئاو و نە دیانی تیژی قرشەکان لایان هیچ مانایەکی نەماوە. ئەو زیندانیانەی وا تەنیا بیر لە تێپەڕین دەکەنەوە.

من لێرەوە لەبەر پەنجەرەکەمەوە، بەو نیوەشەوە ئاگام لێیە نیگا بەجێماوەکانی ئەوان بەسەر شەپۆلە بێ قەرارەکانەوە وەک ساڵان دێن و دەچن. نا، تەنیا نیگاکان نین،... خۆشیانن. ئەوان هەر لەوێ ماون. ئەوان بەسەر شەپۆلەکانەوە لەو تاریکییە کوشندەیەدا بەدەوری خۆیاندا دەڕوانن. رەنگە سەرئەنجام فریادڕەسێک دەرکەوێ. ئاگام لێیە جاری وایە دیوارەکان و مردووەکان بانگیان لێدەکەنەوە و دەڵێن مەڕۆن، جێمان مەهێڵن، لەناو ئەم تەنیاییە کوشندەدا ئەوەندەی تر مەمانکوژن،... لەگەڵ جەللادەکان جێمان مەهێڵن! بەڵام نیگاکان کە پڕی حەسرەت و پڕی پەڕینەوە و داهاتوون، بەسەر شەپۆلەکانەوە لادەکەنەوە و لە یەکتر دەڕوانن. بەڕاستی چی بکەن؟ زیندان و مردووەکان لەتەنیایی خۆیاندا بەجێ بێڵن یان خۆیان بدەنە دەست قرشەکان،... یان رەنگە ئازادی؟ دیارە گەر دەریا بێڵێ. گوێم لێیە ماندێلا دەڵێ تێدەپەڕین. بەم شێوەیە زیندان و مردووە جێماوەکان ئەوەندەی تر دەکشێنەوە ناو تاریکایی شەو و مل دەدەنە قەزاو و قەدەر. ئەوسا هەورەکان پەیدادەبنەوە و زەمەن قورس قورس دەبێ، قورستر لەهەر کاتێکی تر. شتێک دەتکێ.

یەکێک لە زیندانییەکان دەڵێ ئەمە تەنیا خەونە، لەو ساڵانە گەلێک تێپەڕیوە، ئیستا زیندانەکە مۆزەخانەیە، من ئاگام لێبووە گەشتیار رووی تێدەکەن، با بگەڕێینەوە! بگرە یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانیشمان گایدە! ماندێلا دەڵێ تەنیا لەمەلەکردن بەردەوام بە، چارەنووسی ئێمە تەنیا تێپەڕینە. زیندانییەکی تر دەڵێ منیش ئاگام لێبووە، هەموو رۆژێ گەشتیارەکان دێن، لەهەموو بەشەکانی دونیاوە، ئێمە ئیستا تەنیا بۆ ئەوان چیرۆک و بەسەرهاتین، ئیستا ئێمە چیتر زیندانی نەماوین، بگرە زیندانەوانەکانیش گەڕاونەتەوە ماڵی خۆیان، رۆژە رەشەکان تێپەڕیون،... لەمێژە. نێلسۆن دیسان دەڵێ تەنیا تێپەڕن، گەڕانەوەیەک نیە، گەڕانەوە گەورەترین هەڵەیە، زیندانەکەی رۆبن مۆزەخانەیش بێت دیسان ئێمە نابێ بگەڕێینەوە. دەنگی گریانی زیندانەکە و مردووەکان تێکەڵ بە دەنگی شەپۆلەکان دەبن. "تکایە جێمان مەهێڵن،... تکایە!"

ئەوسا خۆرەکان لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە. هەتا زیندانەکە، مەوداکە زۆر دوور نیە. دەستی یەکتر دەگرن و بەو شەوە نووتەکە خۆیان دەگەیەننە زیندانەکە. تێپەڕین لە دەرگا داخراوەکان کاتێک نیگابانەکان لەوێ نین چەند ئاسانە. هەموو شوێنێک بۆنی زیندانییەکان دەدا. زەویی تێنیسەکە، حەوشی پیاسەکە و تیلدڕووەکان چەند خۆیان داوەتە دەست بێدەنگی. دەڵێی خەفەتی دیوارە تەنیاکان و ژوورە بێکەس و تەنیاکان دەخۆن. لە هەموو شوێنێک فرمێسکی دیوارەکان جۆگەلەیان بەستووە. جۆگەکان شۆق دەدەنەوە. یەکێک لە خۆرەکان کە کچێکی گەنجی نوقمی خەیاڵاتی پیاوەکەیەتی، خۆ دەگەیەنێتە دیوارێک و ماچی دەکا. لێێ دەپرسێ داخۆ بیرەوەرییەکی لەسەر پیاوەکەی لایە کە ئەم لەوە پێش قەت نەیبیستبێ. ئەوسا دانەدانە دەچنە ژوورەوە. دەچنە بەشی 'ب'. بەشی مرۆڤە یاغی و مەغرورەکان. ئەوانەی وا ئاراستەی نیگایان تەنیا لەسەر داهاتوو بوو. لێرە هەموو شتێک چەند

بۆنی سیاسەت دەدا. کچەکە روودەکاتە یەکێک لە پیاوەکان و دەڵێ "ئەم بۆنە چییە؟ نایناسمەوە." پیاوەکە بە بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە تێدەپەڕێ و خۆی دەگەیەنێتە یەکێک لە ژوورە تەسکەکان. ئێرە چەندە بۆنی مرۆڤ دەدا! هەموو شتێک لێرە لەچاو گۆڕستانەکەی ئەوان چەندە جیاوازە! یەکێک لە خۆرەکان دەڵێ ئیتر لێرەوە دەتوانین پێکەوە لەگەڵ زیندانەکە هاواربکەین، جوانتر دەنگمان دەگاتە ئەوان. ماندێلا و هاوڕێکانی کە گەیشتوونەتە ناوەڕاستی رێگا، ئەمجارە گوێیان لە دەنگێکی بەهێزترە. دەنگێک لە پشت سەرەوە. هاوڕێکانی سەیری دەکەن. ماندێلا نیگای دەدزێتەوە، بەڵام زۆر خۆی ناگرێ. کتوپڕ دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ "هاوڕێیان بیر لە رابردوو مەکەنەوە، نە مردووەکان و نە زیندان هی داهاتوو نین! لێیانگەڕێن ئەوان لەوێ بمێننەوە!" یەکێک لە زیندانییەکان کە دڵی پڕبووە لە بەزەیی بڕیار دەگۆڕێ و دەگەڕێتەوە. گوێم لە ئێسکی جەستەیەتی کە لەدووای چەند چرکەیەک لەژێر دیانە بەهێزەکانی قرشێکدا دەشکێ و ورد و خاش دەبێ. ماندێلا دەڵێ نەمگوت چیدی رابردوویەک بۆ ئێمە نەماوە.

سەگەکان شێتانە لە قەراخ ئاوەکەدا دەوەڕن. پێیان سەیرە چلۆن ئەم مرۆڤە رووتەڵە بێ هێز و قول رەشانە توانیویانە لە سنووری ئەوان بپەڕنەوە. بەڵام هاوکات خۆشحاڵن مردووەکان و زیندانەکە لەوێ ماون و نەیانتوانیووە دەربازبن. هێشتا بیانوویەک بۆ هەبوونی ئەوان وەک سەگ لەم دوڕگەیەدا ماوە. لە کاتێکدا لمبۆزیان لە ئاوەکە وەردەدەن و لە تووڕەیی دەریا دەکشێنەوە، خەمیانە کە داخۆ خاوەنەکانیان بە هۆی غەفڵەتیان چ بەڵایەکیان بەسەردادێنن. یەکێک لە قرشەکان بە هاوڕێکەی دەڵێ رەنگە ئەمشەو بۆ یەکەم جار بتوانن تامی ئەم گۆشت تاڵە دەنگ زلانەیش بکەین! قرشەکەی تر وەڵام دەداتەوە فریاکەوە ئەوان خەریکن دەپەڕنەوە و بۆ

هەمیشە تێدەپەڕن. قرشەکە دەڵێ لەوان گەڕێ با تێپەڕن. سەردەم سەردەمێکی ترە،... سەردەمی سەگ خواردنە.

بەو نیوەشەوە مۆبایلەکەم هەڵدەگرم و تەلەفۆن بۆ شوێنێک دەکەم کە نازانم کوێیە. هەر ئەوەندەم ئاگا لێیە هاواردەکەم و دەڵێم لە دووای میلیۆنان ساڵ دوڕگەی ڕۆبن خەریکە بە وشکاییەوە دەلکێتەوە و بۆ هەمیشە تەنیایی خۆی جێدێڵێ، دەڵێم نە سەگە دڕەکان و نە قرشەکان و نە شەپۆلە سەرکێشەکانی نێوان لێککەوتنی ئۆقیانووسی هیند و ئۆقیانووسی ئەتڵەس نەیانتووانیوە بەری پێبگرن. دەڵێم دەبێ لێرە بن و بەچاوی خۆتان ببینن چلۆن زەوی بە هۆی جەستە و هیوای مرۆڤەوە مەودای دەریا پڕدەکاتەوە. جەستەی ئەو مرۆڤانەی وا هەموو کەس پێی وابوو زەمەنی وەستاوی دوڕگەکە بۆ هەمیشە لەخۆیدا نوقمی کردبوون. لەوبەر هێڵی تەلەفۆنەکەوە کەسێک بە زمانێکی سەیر پەیتاپەیتا قسەدەکا و کتوپڕ بە بێ ئەوەی من قسەکانم تەواوکردبێ، تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە. بەڵام گرینگ نیە، من بەردەوامم. کەسێک دەبێ بەم نیوەشەوە بەردەوام بێت و چیرۆکی ئەم پەڕینەوەیە بگێڕێتەوە، با لەوبەر هێڵەکەیشەوە کەس حاڵی نەبێ!

بەپەلە دێمە خوارەوەو بەرەو قەراغ دەریاکە بەڕاکردن دەڕۆم. کەس بە دەرەوە نییە. کە دەگەم تەنیا منم و شەپۆلەکان. شێتانە چاودەگێڕم. لە تاریکیی شەودا جەستەی سپی و بەڵەکی باڵندە دەریاییەکان دەبینمەوە. بەهەڵەداوان دەچمە لایان. ئەوان کە بەو نیوەشەوە مل و سەریان لە جەستەیاندا نوقم بووە و خۆیان داوەتە دەست شەوی دەریا، بە سووکە دەجوڵێن و بە لاچاو لێم دەڕوانن. هاواردەکەم ئەوە خەریکی چین کەی کاتی نووستنە، لەوێ لە ناو دەریا ئەوان خەریکن دەپەڕنەوە و پێویستیان بە یارمەتیە. باڵندەکان پشتم تێدەکەن و نەرم نەرم دووردەکەونەوە. ئەوسا ڕوودەکەمە ماسییەکان، بەڵام ماسی چییە نایبینم. وەک بڵێی لە ترسی قرشەکان خۆیان

گەیاندووەتە بنی دەریا. روو لە ئەستێرەکان دەکەم. هاواردەکەم و دەپاڕێمەوە فریایان کەون، بە دووری و بە جوانیان سوێندیان دەدەم. ئەوانیش چەند بێ خەیاڵن. ئاسمان چەند بێ بەزەییانە دەنگ لەخۆیدا دەنێژێ.

لەسەر زیخەڵانە تەڕەکە چۆک دادەم و لەبەر خۆمەوە هەموو شتێک دەدەمەوە دەست قەزا و قەدەر. رێک وەک زیندانەکە و وەک خۆرەکان. ئەژنۆکانم تا نیوە لە زیخەڵانەکەدا نوقم دەبن.

بەیانی زۆر درەنگ لەخەو بەئاگادێم. سەرم قورسە. یەکجار تینوومە و برسیمە. وڕ خۆم ئامادە دەکەم و دەچمە خوارەوە. لە رێستورانێکی ئەوبەر جادەکە دادەنیشم و داوای خواردن دەکەم. ژنێکی رەش بە منداڵێک بە باوەشیەوە لەبەر دووکانی فرۆشتنی خواردەمەنییەکەدا راوەستاوە و داوای یارمەتی لە پیاوێکی رەش دەکا کە دوو دڵقی گەوەری خواردنی بەدەستەوەیە. پیاوەکە بەلایدا تێدەپەڕێ بێ ئەوەی تەنانەت لێیشی بڕوانێ. پاشان دوو نیگابانی رەشت پێست کە سواڵکەرەکە دووردەخەنەوە. ئەوسا بەسەرسوڕماوییەوە دەبینم لە تەلەفزیۆنی رێستورانەکەدا سەرۆککۆماری رەش پێشتی وڵات خەریکی پیشوازیی لە نوێنەری وڵاتێکی ئۆرووپاییە. باشە ساڵی چەندەیە. موبایلەکەم هەڵدەکەم و سەیری دەکەم. حەوتی سێپتامبری ٢٠١٩.

بزەیەک دەمگرێ.

خۆشحاڵم ئەوان نێزیکەی سی ساڵە لە ئاوەکە پەڕیونەتەوە، با من گێژترین مرۆڤی دونیایش بم!... بەڵام راوەستن! ئەو دیمەنە چی بوو ئێستاکە لەبەر رێستورانەکەدا بینیم؟... ها چی بوو؟... مەبەستم دیمەنەی پێش هەواڵی تەلەفزیۆنەکەیە،... ئاە، چەندە سەرم دێشێ،... تکایە کەسێک بیرم بێنێتەوە!

## تەنیا چاڵە نەوتێک

لە دەرەوە دەنگی تەقینەوەو زرم و هوڕ دێت. دەنگەکە ئەگەرچی دوورە، بەڵام دار و دیوار بە ئاستەم دەلەرێنێتەوە. قەرەباڵغیی شاریش ناتوانێ بەتەواوی بیشارێتەوە. بەتایبەت لەم ئاپارتمانە بەرزە کە جگە لە شوێنی خودا، هەموو شوێنێکی لێوە دیارە. ترامپ بە خۆشحاڵییەکی بێ وێنەوە بەپەلە دەرگاکە دەکاتەوە، هەر لە دوورەوە هاوار لە ژنەکەی دەکا و، دەڵێ بزانم دەتوانی هەڵی بێنی، من ئەمڕۆ هاوڕێیەکی نزیکم پیدا کردووە، هاوڕێیەکی خوێن شیرین و زۆر تایبەت،... دەی یاڵڵا ناوەکەی

بڵێ! ملانیا کە لە بەر ئاوێنە گەورە گران باییەکەدا دانیشتووە و شۆقی چوارچێوە ئاڵتوونییەکی لە ڕۆخساری دەدا و ئەوەندەی تر جوانییەکەی سیحراوی تر کردووە، بەو جلوبەرگەوە وا پاشای عەرەبستان بەدیاری پێیداوە خۆی بۆ سەدەمین جار بە ئاستەم ڕادەوەشێنێ و دەڵێ جا من چووزانم کێیە خۆ تۆ هەموو ڕۆژێ هاوڕێیەکی تازە و سەیروسەمەرە دەدۆزیتەوە. ترامپ کە هەر لەسەر مەوجی خۆیەتی، دەڵێ نانا بزانم دەزانی، دەی یاڵڵا کەمێک بیربکەوە، دەی ماڵت نەشێوێ با بۆ جارێکیش بێت بیربکەیتەوە! ئەو کەلەت بەکاربێنە! ژنەکەی لووتی لێدەماسێنێ و وەڵامدەداتەوە وەک بڵێی بۆخۆت هەر زۆر بیردەکەیتەوە! ئەوسا ماتیکەکەی هەڵدەگرێ و دەستدەکا بە سوورکردنی زیاتری لێوە ئاوساوەکانی. ترامپ بەم قسەیە سەرەتا بڕستی لێدەبڕێ، بەڵام چونکە زۆر خۆشحاڵە زۆر خێرا لەبیری دەچێتەوە و دەڵێ دەی یاڵڵا، من دەزانم سەرئەنجام هەڵیدێنی، دەی کچی باش! ملانیا سەیرێکی خۆی لەناو ئاوێنەکەدا دەکاتەوە و لێوێک هەڵدەقرچێنێ و لەکاتێکدا شەیدای لێوهەڵقرچاندنەکەی خۆی دەبێت و لای یەکجار جوانە دەڵێ لەگەڵ فیدل کاسترۆ؟! ترامپ کتوپڕ وەک دیواری خانووەکەی ڕەق هەڵدێ، دەمی وشک هەڵدەگەڕێ و دەڵێ حەک بێ قەزابی خۆ ئەو سەگبابە دەمێکەیە گۆڕبەگۆڕ بووە، جگە لەوە من چۆن لەگەڵ کەسی وا دەبمە هاوڕێ. ملانیا دیسان جەستەی بە ناز و غەمزەوە ڕادەوەشێنێ و دەڵێ ئەی ئەوە نیە لەگەڵ ئەو قەڵەویچکە لووسکەی کۆریا یەک کەوتووی، ئیتر فەرقیان چییە!؟ ترامپ هەر بەو زەوقەوە دیسان دەڵێ دەی ناوی بێنە دەی یاڵڵا من دەزانم هەڵیدێنی،... دەی کچی زیرەک! ملانیا دەڵێ لەگەڵ مادۆرۆ؟... نانا لەگەڵ خوێن شیرینەکەی سەرۆکی ناتۆ ئەوەی وا خەڵکی نۆروێژەو پەککوو کە ناوەکەیشی سەختە! بەڵام خوا قەزای باڵای! ترامپ کە بەرەبەرە ساردبووەتەوە بۆ ئەوەی لە زەوق و شەوقی ئەمڕۆی نەکەوێ دەڵێ خۆ هەر بەقەد

من بەرزە نەگبەت، گوێ بگرە، ناونیشانێکت دەدەمێ، ئیتر دەبێ هەڵی بێنی، ناونیشانەکە ئەوەیە من و ئەو هاوڕێ تازەیەم وەک گوێی کەر جووتین! ملانیا لادەکاتەوە و دەڵێ ئەم قسەیەت لە کوێ هێناوە،... ئەمەم قەت نەبیستبوو. ترامپ دەڵێ پیاو کە سەرۆک کۆمار بوو و زۆر گەڕا و خەڵکی جۆراوجۆریشی بینی ئیتر زۆر شتی تازەیش فێردەبێ. ملانیا دەڵێ دەی باشە ئەمە لە کوێ فێربووی؟ ترامپ هەڵوەستەیەکی بۆ دەکا و پاش کەمێک تێفکرین دەڵێ پێم وابێ... پێم وابێ لە پۆمپیۆ قەڵەوەوە فێربووم،... نانا راوەستە هەڵەم کرد ئەها هاتەوە بیرم لە کوردەکانەوە فێری بووم، ئەرێ لەوانەوە، ئەوان کاتێک دوو کەس زۆر هاوڕێ بن و نێوانیان کۆکە پێیان دەڵێن وەک گوێی کەر جووتن!... خۆش نیە؟ بێگومان کە زۆر خۆشە، دیمەنی کەر بە جووتێک گوێ بێنەبەر چاوی خۆت ئەوجا تێدەگەی من دەڵێم چی! هەهەهە... بەڵام پێم سەیرە مکزیکییەکان سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو کەرەیان هەیە کەچی پێکەوە ناسازین و ئەو هەموو کۆچەرەیان روودەکەنە ئێمە! بێگومان دەزانی کە کەری مکزیکی زۆر بەناوبانگن؟

ملانیا دەڵێ تۆ هەر نابێ ناوی کەر بێنی چونکە لۆگۆی حیزبە رقیبەکەی تۆیە،... حیزبی دیمۆکرات، من گەر لەجیاتی تۆ بوومایە دەمگوت وەک گوێی فیل جووتن!

ترامپ دیسان هەڵوەستەیەکی تری بۆ دەکا و دەڵێ نانا ئەمە ناخوا، سەری فیل زلە و بۆیە گوێکانی زۆر جووت نانوێنن. ئەوسا کتوپڕ تووڕەدەبێ و دەنگ بەرزدەکاتەوە و دەڵێ حەکماڵت نەشێوێ ئەمەیشت پێ نەکرا، بەخوا ژنێکی گەمژە و بێ کەڵکم هەیە!

ملانیا کە لەم کاتەدا سەری تەواو لە ئاوێنەکە نزیک کردووەتەوە و خەریکی بەسەرکردنەوەی وردی برۆکانیەتی دەڵێ ئەسلەن بە من چی بۆ سەری منت بەمەوە ئێشاندووە، چاوی دەرێ هەر کەسێکە! ترامپ پێڵاوێکی دادەکەنێ و بۆ فڕی دەدا،

ملانیا وەک بڵێی لەوە پێش چاوەڕوانی وەها شتێک بووە، زۆر خێرا خۆی لادەدا و پێڵاوەکە بە توندی بە ئاوێنەکەدا دەدرێ، ئاوێنە گران بایەکە دەشکێ و بێ ئەژمار درزی ورد و درشتی تێدەکەوێ. ملانیا دەبێ بە هەزار وێنەی لەت و پەت، بەڵام وازناهێنێ و هەر بەردەوامە لەسەیرکردنی لەش و لاری خۆی. ئەوسا پاش ماوەیەک دەڵێ خۆ 'مەکرۆن'ی ژن پیر نیە،... یان پیرێژنە چرچەڵەکەی ئینگلستان، ئەوەی وا لە هەموو شتێک دەچێ لە مەلەکە نەبێ؟

ترامپ کە تەواو وەڕەزببوو و بەڵام هێشتا نەیدەویست جەوەکە تێکبدا، وتی ئاە نازدارەکەم بیربکەوە بیر... زیاتر،... تکایە تکا!

ملانیا قامکی برد بۆ گۆشەی لێوەکانی. پاش ماوەیەک گوتی تۆ وتت هاوڕێیەکی نزیکت پەیداکردووە، مانای ئەوەیە ئەو کەسە لەوە پێش هەر هاوڕێت بووە، بەڵام هاوڕێی دووربووە و ئێستاکە بووەتە نزیک،... وایە،... باشی بۆ چووم؟ ترامپ گوتی حەک بەساقەی ئەو دەمەت بم، چاکت گوت،... دەی یاڵڵا بەردەوام بە! ملانیا گوتی جا وەها هاوڕێیەکیش بۆ ئەوەی وەها نزیک بکەوێتەوە دەبێ هەر لەم دەورووبەرەی خۆمان بژیت،... وانیە؟ ترامپ کە خەریکبوو سەری دەتەقی، کتوپڕ بیرێک بە مێشکیدا هات. خێرا لە نەقشەی دونیا لە هۆڵی دانیشتنەکە نزیک کەوتەوە و ئاماژەی پێدا، گوتی وایە هەر لەم دەورووبەرانەیە! ملانیا بەسەرسوڕمانەوە لێی ڕووانی و گوتی بۆ گەڕەکەکەی خۆمان پێویست بە نەقشەی دونیا ناکا. ترامپ لەداخا کراواتەکەی شل کردەوە و کۆتەکەی داکەند و هەتا توانی فڕێیدا. کۆتەکە لەسەر کورسییەک نیشتەوە و خۆی شۆڕشۆڕ پیاهەڵواسی.

لەم کاتەدا تەلەفۆنەکەیان زەنگی خوارد.

ـ قوربان گەر ئەم زرم و هووڕە خەوتان لێ تێکدەدا با بێدەنگی کەین؟

ـ نانا، لێی گەڕێ، هۆکاری ئەو دەنگە هاوڕێ تازەکەی منە، جەژن دەگرێ.

تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە.

ملانیا دەڵێ کەواتە هاوڕێ تازەکەت ئەوەندە بە هاوڕێیەتی تۆ خۆشحاڵە دونیای هێناوەتە سەر سەری خۆی،... گوێم لێیە. ترامپ دەڵێ هاوڕێی باش وەهایە. جیهان ئاگاداردەکاتەوە، دەی یاڵڵا ئیستا بێگومان ناوەکەی دەزانی. ملانیا شانە دەسک ئاڵتوونییەکەی هەڵدەگرێ و لەکاتێکدا قژە درێژە چەند پارچەکەی خۆی لەبەر ئاوێنەکەدا شانەدەکا دەڵێ وای بۆ دەچم ریشنەکەی سوریا بێت، ناوی چییە، کوڕە ئەو نەگبەتە سەرەخۆرە، ئەها هاتەوە بیرم ئەبوو بەکدایی،... ئەو نیە؟ ترامپ کە لە خەفەتا روخسارە سوورەکەی رەش و شین هەڵگەڕاوە، دیسان بەر بە تووڕەیی خۆی دەگرێ و دەڵێ باش لێی نزیک کەوتیتەوە، بەڵام هێشتا خۆی نیە، کەمێک بەرەو لای راست، چەپ، سەرەوە یاخود خوارەوە بابدەوە دەیگەیتێ، دەی یاڵڵا ژنە قەدباریکە جوانەکەم، دەی یاڵڵا رووڕەشی دونیا و قیامەتم مەکە!

ملانیا کەمێک رادەوەستێ. ئەوسا لێوەکانی هەڵدەقرچێنێتەوە و دەڵێ نەتبردم بۆ عێراق و بەتەمای بزانم کێیە. ترامپ دەڵێ حەک ملم شکێ، بەڵام بۆخۆت دەزانی نەدەکرا، بۆ شوێنی وا دەبێ لەناکاو بچی، دڵنیا بە بۆت قەرەبوودەکەمەوە،... دڵنیابە! ملانیا لێوە هەڵقرچاوەکانی دەکاتەوە و لە کاتێکدا لە گۆشەی چاوەکانییەوە لە مێردەکەی دەڕوانێ کە ئەم چەند مانگەی دووایی لەبەر چاویدا پیرتر بووە، دەڵێ بەڵام بەلای چەپدا دەزانم، خۆبەزلزانەکەی ئیسرائیلە، 'باراک'ی کەچەڵ، بەلای راستیشدا،... ئەها نەکا لەگەڵ ئێران یەک کەوتبێتی، لەگەڵ ئەو پەڕۆبەسەرە کەلەڕەقانە،... ها،... نەکا؟ بەخوا ئەمەیشت لەدەست دێ. ترامپ دەڵێ هەموو شوێنێکت گوت یەکیان نەبێ، دەی یاڵڵا!... دەی،... ئەوەندەی نەماوە. ئەوسا بە قامک ئاماژە بە سەرەوە دەکا.

ملانیا سەیری سەقفەکە دەکا! ئیتر متەق لەخۆی دەبڕێ. ترامپ هەرچی دەکا بێسوودە. ئەو تەنیا قژی دادێنێ و لە روخساری هەزار پارچەی خۆی لە ناو ئاوێنەکەدا دەڕوانێ.

لە دەرەوە دونیا هەروا دەلەرێتەوە. دەنگی تەقینەوەو زرم و کوت خۆ بە هەموو کەلێن و قوژبنێکدا دەکا. دیسان تەلەفۆنەکە زەنگ دەداتەوە:

ـ قوربان پێم وابێ ئیتر پێی زۆر لێ راکێشاوە، خەوی جەنابتی تێکداوە!

ـ نانا،... وەک گوتم وازی لێ بێنن، تەقەی خۆشییە،... نامەیەکیشی بۆ ناردووم، دەڵێ چاڵە نەوتەکانیش بەشدەکەین، بۆ پانزدەهەمینساڵی هاوسەرگیریم یەکیان دیارییە،... وازی لێ بێنن واز!

ملانیا چاوەکانی زیت دەبێتەوە. بزەیەکی گەورەو کراوە روخساری دەگەشێنێتەوە. بەدەم شانەکردنی قژە رەشە درێژەکانییەوە خەرامان خەرامان دێت و لەسەر رانی ترامپ دادەنیشێ،... بە ناز و غەمزەوە دەڵێ ئیستا دەزانم کێیە، بەڵام ناوەکەی ناڵێم تا منیش چاڵە نەوتێکم بەرنەکەوێ،... تەنیا چاڵە نەوتێک.

ترامپ لەخۆشیانا نازانێ چۆن پێبکەنێ.

## ساڵێکی نادیار

سۆزانییەکە کیفی پووڵەکەی دەردێنێ و ریزی ئەو ئەسکەناسانە پیشاندەدا وا پاڵیان بە یەکترەوە داوە و دڵنیا لەسەر تەنیشت پاڵکەوتوون. دەڵێ تەنیا دەمم ماچ نەکەن ئەوی تری هیچ نیە. ئەوسا پێدەکەنێ و دەڵێ ئەم پووڵانە ناگەنە لێوەکانم، لێوەکانم هی ئەوە،... هی خۆشەویستەکەم.

بیردەکەمەوە سۆزانییەک ئاشق بی داخۆ سۆزانییە؟

دەڵێم ئەی بۆنیان، بۆنەکانیان، بۆنی جەستەی ئەو هەموو پیاوە،... نامێنێتەوە؟

دەڵێ خوا حەمامی بۆ رۆژێکی وەها داناوە، شامپۆ و کەفاوێکی باش دەیسڕێتەوە، نوێ دەبیتەوە، وەک رۆژی سەرەتا، دەڵێی هەر هیچیش نەبووە،... هیچ هیچ! تازە، بۆنی جەستەی ئەو وەها بەسەریاندا زاڵدەبێ هەر ئاسەواریشیان نامێنێ.

کە دەڕوا و تێدەپەڕێ بۆنی هەموو پیاوەکان دەدا، هەر لە دووکاندارەوە بگرە تا دەگاتە خوێندکار و پیاوە سیاسییەکان و نووسەر و شاعیر و پیاوە تەنیاکان، ئەوانەیش وا رقیان لە ژنەکانیانە و دەیانەوێ بە نهێنی تۆڵەیان لێبکەنەوە. تەنیا سواڵکەرەکان دەستیان ناگاتە سۆزانییەکە. دەڵێ هەموویانم خۆش دەوێ، سەرەتا رقم لێیان بوو، بەڵام ئیستا خۆشم دەوێن، خۆشم دەوێن چونکە لای من ئەوەن وا بەڕاستی هەن، داماڵدراو لە هەر دەمامک و دونیایەکی شاراوە، جورئەت دەکەن باسی هەستی خۆیان بکەن، بەقوربانم بن،... شێتانە!

ئەوسا دیسان پێدەکەنێ. بیردەکەمەوە بەقوربانی دەبن چونکە ئیتر قەت نایبیننەوە.

دەلێ ببورە پێدەکەنم، مەبەستم بەسووک سەیرکردنیان نیە، پێدەکەنم چونکە زۆر خوێن شیرینن لەو کاتەدا، کە لە جەستەم نزیک دەکەونەوە هەموو غروری پیاوەتیان وەک خانووە لۆکەی بەرباران دەتلیسێتەوە و دادەڕمێ. دەتوانی کۆی بکەیتەوە و لە جانتایەکدا بیدەی بە کۆڵتا، یان بیدەیتە دەم ئاوی چەمەکەی شار.

سەرمامە. کەسێک لەو سەری کۆلانەوە دەردەکەوێ. نایناسم. هەر ئەوەندە دەزانم پیاوە. حەزدەکەم لێی بپرسم داخۆ ئەویش ژنە سۆزانییەکە دەناسێ. بەڵام ناپرسم. دڵنیام ئەویش دەیناسێ. پیاوان هەموویان ئەو دەناسن. ئەو ژنە سۆزانییەی وا مێژوویش دەگاتە ئەو. ئەو ژنەی وا دڵنیایە ئەو پیاوانەیش وا ناچنە لای، هەر خەونی پێوە دەبینن.

دایکم دەڵی دیسان بە بێ پاڵتۆ چوویتە دەرەوە، مەگەر نازانی زستانە؟ من دەزانم زستانە، هەر ئەوەندەی نازانم زستانی چ ساڵێکە. جاری وایە روخساری دایکم

دەچێتە پشت پەردەیەکی تەنک لە ساڵەکان، رەنگە چەندین پەردە. حەزدەکەم بەدەست بە ئارامی لایان بدەم و بپرسم ساڵی چەندە. دایکم بەو چاوانەی وا بە تووڕەیش هەر پڕ لە خۆشەویستین لێم دەڕوانێتەوە و دەڵی زستان زستانە ئیتر ساڵ و ماڵی ناوێ.

شوێن پیاوەکە دەکەوم. حەزدەکەم بزانم بەو بەیانییە زووەی ساڵێکی نادیار بۆ کوێ دەچێ. دەنگێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ بەرەولای سۆزانییەکە دەڕوا. بەیانی زووە و کۆڵان و شەقام چۆڵە و چ کاتێک باشتر لە ئیستا؛ مەلایش بە مزگەوت و بە بانگ و بە نوێژەی بەیانییەوە مەشغوڵە. دونیا کوێر و کەڕە. حەیا لە رۆژ و ساتێکی وەهادا ناتکێ. دەڕوا و دەڕوا. لە نانەواخانەیەک لادەدا. من لە پشت شووشەکانەوە سەیری ناوەوە دەکەم. گڕی سوور و خۆشی کوانووکە سەرنجم رادەکێشێ. ئەو تووتن و پەڕەیەک دەپێچێتەوە و بە ئاگری کوانووکە دایدەگیرسێنێ. چەندە حەزم لێیە بچمە ژوورەوە و لە تەنیشت ئاورەکەدا هەڵکورمێم و خۆم بدەمە دەست گڕی ئارامبەخشی. بەڵام ئەمە ناکەم. تەوێڵم هەر بە شووشە تەماویی و زوقماوییەکەوەیە. سەگێک لەدووەوە بەدەنگی زلی وەها لێم دەوەڕێ رادەچەنم و چەند هەنگاوێک هەڵدێم. من کە لەمێژە لەم شارە هیچ سەگە بەڕەڵڵایەکم نەبینیوە دیسان بیری ساڵ دەکەومەوە. بەپەلە دەرگای نانەواخانەکە دەکەمەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێم تکایە کەسێک دەزانێ ئەمساڵ ساڵی چەندەیە؟ کرێکارەکان و خاوەن نانەواخانەکە و کابرای دەمنە بەدەم بە سەرسوڕمانەوە لێم دەڕوانن. ئەوسا دەبینم یەک تاقە مشتەری تری لێ نیە. کتوپڕ کەسێک لە دوواوە بە شانمدا دەکوتێ و دەڵێ کاکە تکایە ناودرگاکە چۆڵ کە! لادەکەمەوە، پیاوێکی چاویلکە لەچاوی باڵامناوەندییە. بێگومان مامۆستای قوتابخانەیە. بەدڵنیاییەوە رووی تێدەکەم و دەڵێم مامۆستاگیان تکایە ئەمساڵ چ ساڵێکە؟ پیاوەکە لەجیاتی ئەوەی وەڵامی من بداتەوە، بە نانەواکە

دەڵێ تکایە بیست نان، با ببرژێ. ئەوسا کتێبێک دەردێنێ و دەست دەکا بە خوێندنەوەی. سەیری بەرگی کتێبەکە دەکەم. نووسراوە 'ئەو ساڵەی ژنە سۆزانییەکە رووی کردە شارەکەی ئێمە'. دادەچڵەکێم. نەکا من پاڵەوانی چیرۆکی کتێبەکەی ئەو مامۆستایەی چاوەڕوانی نان بم؟ هەوڵدەدەم ساڵی چاپی کتێبەکە هەر چۆنێک بێت لە سەر بەرگی پشتەوەی ببینمەوە. بەڵام ئەو ئەوەندە خواری گرتووە هەرچەند ملیشی بۆ لاربکەمەوە، نایگەمێ. بێسوودە. مامۆستاکە وەک بڵێی لە نیەتی من گەیشتبێ، دەڵێ چیرۆکی چاک ساڵ و ماڵ ناناسێ، دەڕوا و دەڕوا، لانیکەم تا بەیانییەکی زووی مرۆڤێکی پڕ لە پرسیار.

من کە لە قسەکانی ناگەم، رووی لێوەردەگێڕم. رقم لەخۆمە کە بە تەواوی ژیانم یەک تاقە چیرۆک چییە نەمخوێندووەتەوە. کەواتە ئێمە لەوێین، لەناو ئەو لاپەڕانەدا، لە دوو توێی ئەو بەرگەدا. بۆنی پیاوەکان، جەستەی سۆزانییەکە، بۆنی نانی برژاو، کوانووی رۆژێکی زستانی و من،... لەوێین. مامۆستاکە چەندە بەختەوەرە لەجیاتی ئەوەی ساڵانی ساڵ بژی بۆ ئەوەی بزانێ چارەنووسی ئێمە بەرەو کوێ دەچێ، ئەو لە چەند کاتژمێردا دەیگاتێ. ئەو لە چەند کاتژمێردا لە رازی هەموو دونیا دەگا.

نانەواخانەکە جێدێڵم و دەچمە دەرەوە. ئەگەرچی هەتاو دەردەکەوێ، بەڵام تەشکی هەوا ناشکێ و دونیا هەروا خۆڵەمێشییە. سەرما بەدەم هەناسەهەڵکێشانەوە تا ناو سییەکان دەڕوا. سۆزانییەکە دەڵێ تەنیا لای من گەرم دەبنەوە، تەنانەت مێژوویش هەر لای من گەرم دەبێتەوە.

مێژوو! دەڵێم مێژوو کێیە، دەیناسی،... لە کوێ دەژی؟ دیسان بزە بێ دەربەستەکە لە سەر لێوە زوقم لێ نیشتووەکانی وەک پەپوولەیەکی سرک دەنیشێ و دەڵێ خۆ تۆ ئێستا ناوت برد! دەڵێم من؟ دەلێ پێم وابێ تەنیا تۆ نایناسی، تۆی وێڵی ساڵەکان.

یەکێک لە پەردەکان لادەدەم و لە دایکم دەپرسم دایە تۆ مێژوو دەناسی، دەزانی کێیە؟ بەڵام دایکم لێوەکانی دیارنین. بە نیگاکانیدا دەزانم خەریکە قسەدەکا، کەچی هیچ دەنگێک ناگاتە گوێم. سۆزانییەکە دەڵێ مێژوو دەنگی ئەویشی برد. بولبولێک لەسەر تەلی نیگا وێڵەکانم دەنیشێ و دەچریکێنێ. باخێک لەو سەرما و بەستەڵەکدا لە شوێنێک دەپشکوێ. کەچی من هەر گوێم لە قسەکانی دایکم نیە. زەمەن دەبێ بە پۆلێک دنکە بەفری سپی و لەسەر شان و ملم دەنیشێ. بۆنی گەرمی نانی برژاو ئەم سەر تا ئەو سەری شەقام لەخۆیدا نوقم دەکا. بە سۆزانییەکە دەڵێم رەنگە ئیتر پێویست نەکا لەشت بفرۆشی، ئەم نانە بەشی هەموومان دەکا، بەشی تۆیش. دەڵێ مەگەر مرۆڤ تەنیا بە نان دەژی! ئەوسا پشتم تێدەکا و دەچێتە شەقامەکەی ئەوبەر.

من بە تەنیا دەمێنمەوە. پیاوە دەمنە بەدەستەکە و مامۆستاکە هێشتا هەر لە نانەواخانەکە ماون و نەهاتوونەتە دەرەوە. کەسی تریش روو لە نانەواخانەکە ناکا. باشە شار بۆ وا چۆڵە؟ راستی ئەم ساڵ چ ساڵێکە؟ نانەواخانەکە ئەو هەموو نانە بۆ کێ دەکا؟ کتوپڕ تێدەگەم بۆ مێژووی دەکا. مێژوو دێت و هەموویان دەکڕێ و لەگەڵ خۆی دەیانبا. بێگومان کە لێرەیشەوە تێپەڕی، بەشی سۆزانییەکەیش دەدا. رەنگە ئەوەندەی بداتێ کە مەجبور نەبێ رۆژەکانی تریش بەم بەستەڵەکە بێتە دەرەوە و لەم شەقامە چۆڵانەدا بەتەمای مشتەری بسوورێتەوە.

بولبولەکە ناگاتە باخەکە، دەوەرێ.

لەوسەر جادە کەسێک دەردەکەوێ. بەرەولای من دێت. باوەشێک نانی پێیە. سەری داخستووە و هەڵمی هەناسەی لە پێش خۆیەوە هەوا دەدڕێ. کە لە من تێدەپەڕێ کتوپڕ دەیناسمەوە. باوکمە! پێم سەیرە. دەڵێم باوکە راوەستە، منم، من، کوڕەکەت، نامناسیتەوە؟ بەلاچاو سەیرێکم دەکا و دەست دەبا و نانێکم دەداتێ. نیگاکانی چەند

غەریبانە لێم دەڕوانن. داخۆ من کێم؟ راستی ئەم ساڵ چ ساڵێکە؟... تکایە، تکا،... کەسێک پێم بڵێ،... تکایە!

باوکم دەڕوا و لە دووای خۆی بۆنی نانی برژاو جێدێڵێ. بە شوێنیا دەڕۆم. رەنگە ئەمە تاقە دەرفەتی خۆدەربازکردنم بێت لەم خەونە سامناکە. بەپەلە هەنگاو هەڵدەگرم. کەچی هەر دەڕۆم و باوکم دوورتر دەکەوێتەوە. نایگەمێ. هاواردەکەم باوکە جێم مەهێڵە، خۆمم، کوڕەکەتم، ئەوەی ساڵان، تکایە راوەستە! بەڵام باوکم هەر دەڕوا و دەڕوا. نە لادەکاتەوە و نە پێشم وایە هەر گوێی لە هاوارەکانی منیش بێت. من کە خەمی ئەوەمە سۆزانییەکە رێگای پێبگرێ، هەنگاوەکانم خێراتر دەکەم. کتوپڕ دەنگێک لە پشت سەرمەوە دەڵێ تۆ پێت وایە ئێمەی سۆزانی مەجبوری هەموو کەسێکین، بەخوا گەمژەی،... گەمژە! من کە قەت لە تەواوی ئەو ساڵە بێ ژمارانەدا ئاوا حازرجواب نەبووم دەڵێم نا دەمەوێ لێی پرسم داخۆ مێژوو دەناسێ، داخۆ دەزانێ ئەمساڵ چ ساڵێکە. سۆزانییەکە سەرێکم لێ رادەوەشێنێ و دووردەکەوێتەوە.

لەبەر دووکانێکدا هەڵدەتروشکێم. لەبیرمە جارێکیان بە کەسێکم وت هەموو ژیانم تۆی. لەوسەری جادەکە کەسێک خەریکی ئاورکردنەوەیە. سەرنجم رادەکێشێ. بێگومان پووتێکی گەورەی لە دار خنیوە و دەیەوێ ئاوریان تێبەربا. من کە پێویستم بە ئاگرە، ئارام ئارام بەرەو لای دەچم. کە نزیک دەکەومەوە دەبینم پیاوەکە پاڵتۆیەکی یەکجار گەورەی لەبەردایە بەو کڵاوە گەورە و ملپێچەوە تەنیا چاوەکانی دانەپۆشیوە. چاوەکانی تیژ و خەمگینن. دەڵێم دەتوانم خۆم گەرم بکەمەوە. بەدەست ئاماژەم پێدەدا. لەتەنیشت پووتەکەدا هەڵدەتروشکێم. ئەوسا چاییەک سازدەکا و لە قروشکەیەکدا بەشی منیش دەدا. هەڵمی چاییەکە لە بۆنی نان دەئاڵێ.

دەلێم زۆر ساردە. هیچ نالێ. دەلێم ئەوەندە ساردە کە تەنیا سۆزانییەکە و نانەواکە و مامۆستا کتێب خوێنەکە و من بەدەرەوەین. دەلێم هەڵبەت باوکیشم لێرە بوو، بەڵام زۆر دڵنیا نیم بەڕاستی خۆی بووبێ، ئاخر منی نەناسییەوە. پیاوە پاڵتۆلەبەرەکە دیسان بە چاوە تیژ و خەمینەکانی لێم دەڕوانێتەوە. دەلێم هەڵبەت رەنگە مێژوویش لە دەرەوە بێت. من چاوەڕوانی ئەوم.

پیاوەکە گڕەکە خۆشتر دەکا. پزیسکی ئاگرەکە وەک پرژەئاو دەپژێ. من دەکشێمەوە، بەڵام ئەو گوێ ناداتێ. پزیسکەکان لێی دەئالێن.

دەلێم رەنگە تۆ بیناسی، رەنگە بینیبێتت، رەنگە ئەویش لەم بەستەڵەکدا سەرمای بێت و بێت لێرە لای تۆ وەک من خۆی گەرم بکاتەوە. هەڵبەت دەزانم ئەم ئاگرە ناتوانێ هەموو ئەم شەقامە گەرم بکاتەوە.

پیاوەکە سەیرم ناکا. جادە هەروا چۆڵە. سۆزانییەکە لەوسەر جادە هەروا دەسوڕێتەوە. بۆنی نای برژاو ئیتر نایەت. خۆشەویستی سۆزانییەکە لە ماڵەوە لە ناو جێگادا تلدەدا.

باشە ئەم ساڵ چ ساڵێکە؟... تکایە ئەم ساڵ چ ساڵێکە!

**رستەکان دەدرەوشێنەوە**

ئێمە پێکەوە دەستمان پێکرد. پێکەوە رێگاکانمان بڕی. بەڵام تۆ لە شوێنێک لەسەرەتاکاندا راوەستای،... مایتەوە. ئەوی تریش لە شوێنێک لە ناوەراستی رێگادا و منیش هەر بەڕێوەم. هەڵبەت نازانم لەسەرەتادام، لە ناوەڕاستدا یان لە نزیک کۆتایی. هەر ئەوەندە دەزانم بەڕێوەم.

هاوڕێکەم گڵۆپی ژوورەکە دادەگیرسێنێ و دەڵێ ئۆخەی ئەمشەویش تاریکی رەوییەوە. من کە بە تاریکی دانیشتووم و کتێب دەخوێنمەوە، دەڵێم تکایە

بیکوژێنەوە، گەیشتوومەتە کۆتایی چیرۆکەکە، با تەواوی کەم! ئەو نایکوژێنێتەوە، پێم وابێ ئەو هاوڕێیەیە وا لە سەرەتای ڕێگاکاندا مایەوە، دەڵێ کات زۆرە، داینێ بۆ سبەی شەو، یاخود بۆ کاتێکی تر، پشوویەک بدە و گوێ لە مۆسیقا بگرە. من کە کتوپڕ رقم لە مۆسیقا دەبێتەوە و لام وایە هۆکاری مانەوەی ئەو لە سەرەتاکاندا مۆسیقا بووە دەلێم من کاتێک کتێب دەخوێنمەوە گوێ لە موسیقا ناگرم، سەرنجم تێکدەدا و نازانم چی دەخوێنمەوە. ئەو بزەیەک دەیگرێ و دەچێ چایی سازبکا. من بەناچار کتێبەکە دادەنێم و جوان پاڵ دەدەمەوە و قاچەکانم دەخەمە سەریەک. ژوورەکە ئەوەندە رووناکە بە جوانی روخساری ئەو نابینم.
ئەو نازانێ رستەکان دەدرەوشێنەوە.
دەڵێ وازت لە خوێندنەوەی کتێب بەشەودا نەهێنا بۆیە هەر بە ڕێگاوەی. من کە کتوپڕ لام سەیرە بۆچی ئەوێک کە لەسەرەتادا مایەوە و منێک هەر بەرێگاوەم ئاوا لە ژوورێکدا پێکەوەین و پێکەوە دەدوێین، هۆکارەکە بۆ کتێبەکان دەگێڕمەوە. تەنیا ئەوەندە بەسە لاپەڕەکان بەرەو دووا هەڵدەیتەوە بۆ ئەوەی دیسان بگەیتەوە سەرەتا. ئەو پاڵەوانی سەرەتاکان بوو. رەنگە هەر لەبەر ئەمە بێت بەردەوام دڵم لایەتی و بەردەوام خۆشم دەوێ. من دەزانم هەم من تاسەی ئەو دەکەم و هەم ئەو تاسەی من، بەڵام نازانم داخۆ منیش وەک ئەو حەزم دەکرد لە سەرەتاکاندا مابامەوە.
چایی سەیلان سازدەکا، دارچینی تێدەکا و بۆنێکی تێکەڵی خۆش ژوورەکە دادەگرێ. من کە خۆشحاڵم سەرەڕای رۆیشتنی بەردەوامم هێشتا زۆر دوورنەکەوتوومەتەوە، وەها لە سەرەتاکاندا نوقم دەبم بڕیاردەدەم هەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بوومەوە، دەست بکەم بە نووسینی کتێبێک. کتێبێک لەسەر ئەو ساڵانە. ئەو ساڵانەی وا منیش ئەگەرچی لێرەم، بەڵام تێیدا بەجێماوم. هەڵبەت کەمێک بە ئیستایشەوە. نەکا بەشە جێماوەکە بێت ئیستاکە لەگەڵ ئەو دەدوێ!

حەزدەکەم پرسیاری ئەوی تریشی لێبکەم، ئەوەی وا لە ناوەڕاستەکاندا مایەوە، بەڵام نایکەم. بە حوکمی ناوەڕاست بوون، دەبێ من و ئەو پێکەوە بەقەدەر یەک ئاگاداری بین، کەواتە گەر من لێی نەزانم ئەویش لێی نازانێ. ناوەڕاستەکان خراپترین بەشی ڕێگاکانن. نە سەرەتایە و نە کۆتایی. مەعلوم نیە لەکوێی. هەر ئەوەندە دەزانی هەڵکەندراوی. نە ڕێگای سەرەتا ماوە و نە ڕێگای کۆتایی. نە پاش و نە پێش. دەڵێ یادی بەخێر!

چوارمیلکە لەسەر فەرشە دەستچنەکە دادەنیشێ و دەڵێ وەرە چایی دارچینی بخۆرەوە! دەڵێ بۆ هەڵامەت چاکە. لەگەڵی چایی دەخۆمەوە. دەپرسێ ئیستا لە کوێی چیرۆکەکەدای؟ دەڵێم گێرانەوەی بێسوودە، تۆ کە نازانی سەرەتای چی بووە چۆن لە لاپەڕەکەی ئیستای تێدەگەی. بەڵام شەرمێک دامدەگرێ. بۆیە پێی دەڵێم گویشتوومەتە وەسفێکی جوان، باسی ئەوەی شوێنێک نیە بیگەینێ، تەنیا، شوێنێک هەیە خەیاڵی بۆ ببزوێنین. ئەوسا شەرم لە خۆم دەکەم. هەستدەکەم ئەو چەندە ئاقڵە وا لە سەرەتاکاندا مایەوە و منیش چەندە گەمژە وا بەشوێن خەیاڵەوە ژماردنی ڕۆژەکانی ژیانم فەرامۆشکرد. ئەوجا تێدەگەم ساڵەکان خێرا تێپەڕین چونکە بەدەم خەیاڵەوە گوزەران. خەیاڵێک وا نەیهێشت هەست بە چرکەکان بکەیت، هەست بە ڕووان و بووژانەوەی هەموو ساڵەی دارسێوەکەی حەوشە لە پشت پەنجەرەکەوە بکەیت.

دەڵێ کۆمەڵێک وێنەی ڕابردووم لایە، حەزدەکەی بیانبینی؟ دەڵێم بۆ نا. ئەوسا دانەدانە وێنەکان دەخاتە بەر چاوەکانم. نازانم بۆ لە ئەلبومدا نین. ئەو کە نیگاکانم دەخوێنێتەوە دەڵێ ئیتر سەردەمی نەماوە. تەنانەت ئەم وێنانە تۆ دەیانبینی ناتوانی دەستیشیان لێبدەی، ئەوان تەنیا وێنەن. من ئەمە وەک لێکدانەوەیەکی فەلسەفی

لێکدەدەمەوە و لەبەر خۆمەوە دەڵێم هەر باشە. وادیارە ئەگەرچی هەر لەسەرەتاکاندایە، بەڵام وەک هەمیشە بیری تیژە.

وێنەکان کە زۆربەیان رەش و سپین، وەها خەمگینم دەکەن هاواری لێدەکەم بەسە تکایە بەسە! ئەویش وازدێنێ. دەڵێم شتێک لە قووڵاییەکانمدا وەها بزوا خەریک بوو شێتم بکا. رقم لەخۆم دەبێتەوە ئاوەها دەرفەتێکمم پێدا بتوانێ من بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکان. سەرەتاکان دەبێ تەنیا وەک بیرەوەری بمێننەوە و بەس، هیچی تر نا. هەڵدەستم و دەچم کتێبەکە هەڵدەگرم. ئەویش گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە. وندەبێ. تەنیا خۆمم و ژوورەکە و کتێبەکە. لەناو کۆڵانەوە دەنگی هەنگاو دێ. کەسێک تێدەپەڕێ. هەمیشە کەسێک هەیە بۆ تێپەرین. وەک بڵێی ژیان مرۆڤەکان هەر لە ئەزەلەوە بەسەر سێ بەشدا دابەشدەکا: سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی. کاتێک پێکەوەین کەسمان نازانێ کاممان هی کام بەشین. ئێمە ئەو ساتانە تەنیا پێکەوەین و بەس. بە خەیاڵی پێکەوەبوونێکی ئەبەدیانە.

من بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان زەمەن دەپێوم. تێپەڕینەکانی دەرەوە ئەوەندە پچڕپچڕن ناتوانم هیچ حسێبێکیان بۆ بکەم. ناتوانم زەمەن بەوان بپێوم. بەڵام دەبێ من گوێ بدەمە زەمەن؟ بەڕاست من چ پێویستێکم پێی هەیە؟ بایەک هەڵدەکا و لەگەڵ خۆی بۆنی سێوی باخەکە بە ژوورەوەدا دەکا. پەپوولەیەکی هەڵکەندراو خۆی بە چاوەشووشەی پەنجەرەکەوە دەنووسێنێ. با و بۆنی سێو چیتر دەرەقەتی نایەن. کتێبەکە دەگاتە شوێنێک و دەڵێ بۆچوونەکە هی ئەوەی بوو وا لە نیوەی رێگادا مایەوە. خۆشحاڵم ئەمە قسەی ئەوە و هی... بۆ وێنە هی منیش نیە. هەناسەیەک هەڵدەکێشم و لەبەرخۆمەوە لەناو ئەو تاریکییەدا دەڵێم جا ئەگەر شوێنێک نەبێ بیگەینێ ئیتر لەمە ژیان بێ ماناتر نابێ.

ئەو دیسان گڵۆپەکە هەڵدەکاتەوە. من کە یەکجار تووڕەم ناگەمە ئەوەی دەربیڕم کە ئەو دەڵێ ببورە بۆ پاکەتە جگەرەکەم دەگەڕێم، نازانی لەکوێیە؟ دەڵێم پێم وابێ پەپوولەکە دای بەو ڕێبوارەی وا کەمێک لەوە پێش لە کۆڵانەکەوە تێپەڕی. دەڵێ پەپوولە!... کامە پەپوولە؟ بەچاو ئاماژە بە چاوەشووشەکە دەکەم. مێشکوژێک هەڵدەگرێ و بەتووڕەیی و بەپەلە بەرەولای دەچێ، بەڵام پەپوولەکە زیرەکترە، با و بۆنی دارسێوەکەی حەوشە لەگەڵ خۆی دەیبەن و لە کۆڵانەکە لەناو فڕیندا وندەبێ. دەقیرێنێ و دەڵێ ئەمشەو بە بێ سیگار چی بکەم، چۆنی بەسەربکەم؟ من کە هیچ وەڵامێکم پێ نیە، سەردەخەمەوە سەر کتێبەکەم. ئەویش دیسان گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە. گوێم لەدەنگی هەناسەیەتی بۆن بە بۆنە بەجێماوەکانی دووکەڵ لەسەر سمێڵ و پەنجەکانییەوە دەکا. نازانم سوکنایی دێت یان نا.

لە دەرەوە هەورەتریشقە دەدا و بارانێکی بەخوڕ دەستدەکا بە بارین. هەورەتریشقەکان ڕستەکانم لێ وندەکەن، بەڵام گرینگ نیە. من چاوەکانم دەقونجێنم و بیر لەوە دەکەمەوە سەرەتاکان و هەورەتریشقە چەند لەیەکتر دەکەن، بارانیش لە درێژەدان و پشکووتنیش لە کۆتایی. بزەیەک دەمگرێ. هاوڕێکەم لەناو تاریکاییەکەوە دەڵێ ئاه ئەم هەوایە گیاندەدا بۆ جگەرەکێشان! ئەو ڕاستدەکا،... گیانیش دەدا بۆ چرکەیەک لە هەستی کۆتایی،... کۆتایی ڕێگا. دەڵێم خەفەت مەخۆ سبەی دەتوانی جگەرە بکڕی.

دەنگی مۆسیقا دێت. من گوێی نادەمێ. دەزانم گەر ئەمشەو ئەمەیشی نەبێت ڕەنگە لەگەڵ من نەگاتە سەرەتاکانیش، ڕنگە بگاتەوە پێش سەرەتاکانیش، ئەو کاتانەی وا یەکترمان نەدەناسی. بۆیە لێی دەگەڕێم. ئەو گوێ لە مۆسیقا دەگرێ و بۆن بە سمێڵی ماش و برینجی و بە پەنجەکانی دەستی چەپی خۆیەوە دەکا. دەزانم ئەو زیاتر لە من بە کۆتاییەکانەوە سەرقاڵە، دەزانم ئەگەرچی ئەو بە جەستە لەوێ لە سەرەتادا بەجێما

بەڵام خەیاڵی لە خەیاڵی من زیاتر دەڕوا. سەر لەسەر کتێبەکە هەڵدەگرم و دەڵێم سوپاس کە هەیت،... سوپاس بۆ هەبوونت ئەگەرچی نەهاتی!
وەڵامێک نیە. تەنیا دەنگی بۆنکردنەکانی ئەو و خوێندنەوە بێدەنگەکانی من دێت.
لەدەرەوە چیتر دەنگی پێ نایەت. بێگومان لە شوێنێک شتێک قەوماوە، شتێکی خراپ، بەڵام من دەزانم ئەمە کاتییە و دیسان دەنگەکان دێنەوە. ڕێبوارەکان هەمیشە بەرێوەن. دەزانم دیسان پەپوولەکە جگەرەکەیان بۆ دەدزێتەوە.
بەبێ ئەوەی گڵۆپەکە هەڵبکاتەوە، گوێم لێیە دەڵێ پێت وانەبێ ئەمەیشت نەکردایە ژیان خێرا نەدەڕۆیشت،... لەبیرت بێت تۆ گەر لەوێ لە ماڵیشەوە مابایتەوە و دەنگی رووان و بووژانەوەی دارسێوەکەیشت بژماردایە لە چەند دە رەقەم زیاتر نەدەبوو. گوناهی ئێمە نیە هاوڕێ، ژیان خۆی خەونێکی عەوداڵی خەونە.
کتێبەکە بەکراوەیی دەنێم بەناوچاوانمەوە. باوەڕەم پێی نیە. دەزانم ئەوەی لەوێ لە سەرەتاکاندا مایەوە ژیان لەبەرچاویدا هەر درێژە، با سەدان ساڵیش تەمەن بکا.
کتێبەکە دیسان دەکەمەوە. چار نیە من دەبێ بزانم کۆتایی چییە.

**دیوارێکی درزاوی**

لە کۆڵان دوێ شەو دوو کەس کاتێک خەریکی نووسینی دروشم لەسەر دیوارێکی کۆن بوون، درانە بە تەقە. یەکیان کوژراو و ئەوی تریان گیرا.
کاتێک چەکدارەکان تەرم و دیلەکەیان گرت و خستیانە پشت ماشینێک و دوورکەوتنەو، یەکێک لە خەڵکی گەڕەک وەها شەقێکی لە دیواری خانووەکەیان دا کە لە کەفی ژوورەکە تا بنی میچەکە درزی برد. بۆ سبەی ژنەکەی جووتێ چێوشەقی کۆنی لە ژێرخانەکە دەرهێنا، دایە دەستی و ئەویش بە شەلەشەل

روویکردە بیمارستان. دکتۆر بردییە ژووری ئەشیعە، وێنەیەکی لێگرت و بینی هەر پێنج قامکەکەی شکاون، جگە لەمە درزێک پانە ئێسکی سەر قاچی تێدەپەراند تا دەگەیشتە مەچەکی. ئازارەکە لەوەدانەبوو.

دراوسێکەی کاتێک بەمەی زانی لە دەرگای دا و کەوتە گلەیی. گوتی دیوارەکە لە دیوی ئەوانیشەوە قڵیشی بردووە. چێوشەق بەدەستەکە وتی ئەو نەبووە و نازانێ بۆ دیوارەکە قڵشی بردووە. دراوسێکەی کە یەکجار تووڕەبوو، چوو شکایەتی لێکرد. جووتێ پۆلیس بە ماتۆڕێکەوە هاتن. دووای پرس و جۆیەکی کورت کاتێک لەوە گەیشتن شەوی تەقەکە دیوارەکە درزی بردووە، پرسەکەیان بردە لای بەشی پۆلیسی نهێنی.

پۆلیسی نهێنی بە ماشینێکی سەرتاپا رەش و شووشە تاریکەوە هاتن. کەسێک لێی دابەزی. چەند نەفەری تر لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بوون، کەس نازانێ. منداڵەکان لە کاتێکدا ناوچاوانیان بە شووشەکانەوە نابوو و دەستیان لە هەر دوو لاوە کردبووە سێبەر و هەوڵیان دەدا ئەو دیو شووشەکان ببینن، لە گەرمای نیوەڕۆدا نائومێدانە هەنسکە هەنسکیان دەهات.

پۆلیسە نهێنییە چاویلکە رەشە لەچاوەکە لەگەڵ کابرای چێوشەق بەدەست هاتەوە دەرەوە، بە پاڵەپەستۆ سواری کرد و لەگەڵ خۆی بردی.

ـ کاتژمێر دووانزەی شەو، رۆژی چوارشەممە، نۆی مانگ لە کوێ بووی،... لە ماڵەوە بووی؟ (لەبیری چوو بڵێ مانگی دووی پاییز، بەڵام ئەم تێگەیی).

چێوشەق بەدەستەکە لە کاتێکدا بە چاوە بزەکانی کە ئەوەندەی تر دەرپەڕیبوون و لە وەرەقەکەی بەردەمی پۆلیسەکەی دەڕوانی، وتی:

ـ بەڵێ، لە ماڵەوە بووم.

ـ گوێت لە چیبوو؟

ـ سەیری،... سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد.

ـ نەمگوت سەیری چیت دەکرد، وتم گوێت لە چی بوو؟

ـ لە فیلم قوربان!

ـ چیتر؟

ـ وەڵڵا هیچی تر، تەنیا دەنگی گۆرانی (گۆرانییەکەی بە ئاستەم گوت).

ـ دەنگی دەرەوە چی؟... ها دەنگی دەرەوە؟

کەمێک راما. دڵنیا نەبوو. چاوێکی کەوتە فڕین.

ـ ئەها قوربان،.... عەیب نەبێ قوربان،... گوێم لە تەقە بوو، دەنگی تەقەیش.

ـ لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەت کرد؟

ـ نەوەڵڵا،... یەعنی ئەرێ، لە دووای ئەوەی گوێم لە دەنگی خەڵکی تریش بوو کە لە ناو کۆڵانەوە دەنگیان دەهات، دەنگی دراوسێکان،... غیرەتم بەرخۆم نا و چوومە بەر پەنجەرەکە.

ـ چیت بینی؟

ـ قوربان ئەوە ئیتر هەموو کەس لەم گەڕەکە دەیزانێ؟

ـ وتم چیت بینی؟

وشەکان ژوورەکەیان پڕ بە خۆیان تەنی.

ـ کۆمەڵێک چەکدار کە پێم وابێ تەرمێکیان لەگەڵ کەسێکی تر خستە پشت ماشینەکەیانەوە.

ـ دووای ئەوە چیت کرد؟

ـ هیچ وەڵڵا،... چووم خەوتم.

ـ جوان بیربکەوە... هیچی ترت نەکرد؟

لە ژێر چاوەوە سەیرێکی دارشەقەکانی کرد.

ـ بۆچی،... بۆچچیی قوربان،... بەهەڵکەوت قاچم لە دیوارەکەیش درا!

ـ بەهەڵکەوت؟

ـ نا،... راستییەکەی... راستییەکەی شەقێکم تێهەڵدا!

ـ بۆ؟

ـ کورە ئەمە کەی وەزعە! (ئەمەی بەخێرایی گوت)

ـ کام وەزعە؟

ـ نیوەشەو بە دەنگی تەقە راچڵەکێی.

پۆلیسەکە شتێکی نووسی کە زۆرتری لەوانی تر خایاند.

ـ ئەو دووانە دەناسی؟

ـ کام دووانە قوربان؟

ـ هەتا خۆت گێل بکەی بە زەرەری خۆتە.

ـ نەوەڵلا قوربان نایانناسم. جا لە کوێ بیانناسم؟

ـ زیندووەکەیان دەڵێ تۆ دەناسێ،... دەڵێ پێوەندیی لەگەڵ تۆ هەبووە.

ـ من!؟... بەخوا هەر نایناسم. جا چۆنی بناسم؟

هێنایانە ژوورەوە. دەستی کەلەبچەکرابوو و سەروچاویشی شین و مۆر هەڵگەڕابوو. لەمی ڕووانی و وتی بەڵی خۆیەتی، ئەمە لەگەڵیانە و یارمەتیان دەدا. گوتی وەرەقەکانیش هی ئەون. بردیانەوە دەرەوە و لەچاو ونبوو.

تفی وشکی ناو دەمی بە زەحمەت قووتدا.

ـ وەڵلا قوربان بە ژیانم نەمبینیوە،... درۆدەکا درۆ.

ـ جارێکی تر دەپرسمەوە، بۆ شەقت لە دیوارەکە هەڵدا؟

ـ قوربان عەرزم کردی، بەڵام بەخوا ئیتر بێ جێ دەکەم کاری وا بکەمەوە.

ـ وەرەقەکانت لە کوێ هێناوە؟

ـ کامە وەرەق قوربان، بە خوا نایزانم!

ـ هەتا درۆ بکەی وتم بە زەرەری خۆتە.

ـ بەخوا ئاگام لە مەحموودی بێ زەوا نیە!

پۆلیسەکە هەستا. یەکێک لە چێوشەقەکانی هەڵگرت و خستیە سەر قاچە ساخەکەی. ئەوسا تا توانی شەقێکی توودنی لە قاچە شکاوەکەی سرەواند. دەنگی زریکە پڕاوپڕ ژوورەکەی تەنییەوە. وەک بڵێی ئێسکی دەنگەگە شکابێ.

ـ وەرەقەکانت لە کێ وەگرتووە؟... ها لە کوێ؟

لە کاتێک ژان و ئێش تەواو روخساری تێکدابوو، لە کاتێکدا لیک و فرمێسک تێکەڵ ببوون بە دەنگێکی لەرزۆک و کز و داماوانە گوتی:

ـ قوربان بەخوا نازانم،... نازانم چی دەفەرمووی.

ـ ئەی بۆ شەقت لە دیوارەکە هەڵدا؟

ـ قوربان تووڕەم لە ئێوە،... رقم لێتانە بۆیە،... یەعنی لێتان بوو،... بەزەییم بەو گەنجانەدا دێتەوە، بەڵام بێجام کرد،... گووم خوارد،... گوو!

لە ژێر گەچەکە لەو داڵانە تەنگ و تەسکە ئازارێکی سەیر پێچ و لوولی دەخوارد. دەڵێی گڕ بوو دەئایسا و خۆی دەدا لە دیواری گەچەکە و ئەوسا سەرلەنوێ دەگەڕایەوە بۆ قاچی. هەموو شتێ تا ئەوپەڕی خۆی دەسووتا، سووتانێکی بێ بەزەییانە، چەند حەزی دەکرد ئێستا ئەم زیندانە سپییە درز ببا و قاچی لەم گڕە پڕ ژانە رزگای بێت.

شەو قاچی وەها ماسی کە لەناو گەچەکەدا جێی نەدەبووەوە. لە ئینفرادییەکەوە هاواری دەکرد و داوای یارمەتی دەکرد. بۆ سبەی بردیانە لای دکتۆری زیندان. گەچەکەیان شکاند بێ ئەوەی دانەیەکی تازەی بۆ سازبکەن. کەمێک حەبی ژانیان

دایە و ناردیانەوە بۆ ژوورەکەی. چوار هەفتەی تر لەوێ مایەوە و سەرئەنجام چوارشەممەیەک ئازادییان کرد. شەلەشەل خۆی گەیاندە ماڵەوە.

ژنەکەی ئەو ڕۆژە حەوشەی شۆردەوە، گووڵەکانی ئاودا و شووشەکانیشی خاوێن کردەوە. هەرچەند ئەو ئەمەی ئاخریانی بەدڵ نەبوو. لای ئەو دەبا ئەو تاقە پەنجەرەیەیش وا دەیڕوانی بەسەر کۆڵانەکەدا بکرێ بە دیوار. دیوارێک کە بتوانێ بەرگەی شەقی ڕق بگرێ.

سوێندی خوارد گەر دونیایش لە ناو کۆڵانەکەیاندا بکوژن و بەدیل بگرن، ئیتر نە بۆی بێتە بەر پەنجەرە و نە قەت شەقیش لە دیوار هەڵبدات. قەت قەت.

بەو چی هەندێ کەس بە هیچ ڕازی نین و، لە لایان دونیا هەمیشە چەرمی چۆلەکەیە.

**کۆڵبەر**

باوکم کاتێک بێکار بوو، کێشانی جگەرە و پێکەنین بە دەنگی بەرزی تەرک کرد. پێکەوە لە ڕۆژێکی پاییزیدا کە قورینگەکان لە ئاسمانی شارەوە تێدەپەڕین تەرکی کردن. بۆ ئەوەی خۆی لە نیگای ئێمە بدزێتەوە یاخود نیگای خۆی لە ئێمە، دەچوو لە قاوەخانەکەی بەر مزگەوت بە خواردنەوەی تاقەچاییەک تا درەنگان دادەنیشت.

باوکم ئەوەندە تەسبێحی لەدەستەکانیدا گێڕابوو کە بەری دەستی هەمووی لووس هەڵگرابوو، ئەوەندەیش بۆنە جگەرەی خەڵکی تری گرتبوو کە کاتێک بە شەلەشەل

بە گۆچانەکەیەوە دەهاتەوە بۆماڵەوە، بۆنی خانووەکەی ئێمە وەک قاوەخانەکەی بەر مزگەوتی لێدەهات.

باوکم کە لە سەر سفرە دادەنیشت تا دەیتوانی بە کاوەخۆ نانی دەخوارد. ئەو دەیزانی کاتێک پارووەکان زەمەنیان نێوان بکەوێ، بۆ تێربوون چیتر پێویست بە پارووی زۆرتر ناکا. ئەو بە کات تێردەبوو. "کات"ێک کە لە ئاو و بگرە لە هەوایش زۆرتر بوو. پاشان پاڵی دەدایەوە و بەیادی جاران بە لاچاو سەیرێکی تەپڵەکەکەی دەکرد کە هێشتا لەسەر لێواری پەنجەرەکە مابووەوە و دایکم لە کردەیەکی موعجیزەئاسادا کە زۆرتر لە فەرامۆشیی دەکرد لای نەبردبوو.

لە قاوەخانە زۆر نەدەدوا. هەمیشە لە دووای ئاشناکان هەڵدەستا بۆ ئەوەی بۆ کەسی حسێب نەکا. لەژێر چاویشەوە ئەوەندەی لە پاکەتە جگەرەی خەڵکی کە لەسەر مێزە چڵکنەکان دایاندەنان دەڕوانی کە لە بیری دەچوووە وەڵامی سڵاوی خەڵکی بداتەوە.

خەڵکی بەرەبەرە بە چاوی بەزەییەوە لێیان دەڕوانی. وای لێهات جگە لەوەی تاقە چاییەکەیان بۆ حسێب دەکرد، داوای چایی تر و نان و ماستیشیان بۆ دەکرد و بە ئەسپایی جگەرە یاخود چەند جگەرەیەکیان لەسەر مێزەکەی بەردەمی کە لە قوژبنی هەرە ژوورەوەی قاوەخانەکەدا بوو بۆ دادەنا.

باوکم ئیستا ئیتر کاتێکی زیاتری لە قاوەخانەکە بەسەر دەبرد.

ڕۆژێکیان وەک هەمیشە کاتێک لەوێ دانیشتبوو، دەنگی قەرەباڵغییەک هاتە گوێ. سەرنجی ئەوانەی وا دانیشتبوون بۆ دەرەوە گوازرایەوە، هێشتا چایچییەکە فریا نەکەوت سەردانێکی دەرەوە بکا کە کەسێک بەپرتاو خۆی بە ژوورەوەدا کرد و، وتی خۆپیشاندانە. وتی کەسێکی کۆڵبەر لەسەر سنوور کوژراوە، کوڕێکی جەوان... خەڵکی تووڕەن و لەبەر فەرمانداری کۆبوونەتەوە. جەماعەتێک خێرا وەدەرکەوتن و ڕۆیشتن. ئەوەی مابوونەوە، مانەوە. یەکیان وتی گەڕەلاوژەی

کەریەتی لەم دونیایە قەت تەواونابێ، تف لەم وەزعە! باوکم کە چاییەکی تازەیان خستبووە بەردەمی، دەستی برد و هەڵیگرت و بە دەمییەوەی نا. لەززەتی چاییەکە رژایە گیانییەوە و ئەو جگەرەیەیشی داگیرساند وا لەسەر مێزەکە بۆیان دانابوو. کە چەند مژی لە سیگارەکەی دا و گرژیی جەستەی ئارام بووەوە، لەبەر خۆیەوە وتی "کۆڵبەر!" ئەوسا دەستی برد و شوێنی برینە کۆنەکەی قاچی خوراند.

دایکم دەیگوڕاند و دەیوت بەقەدەر منداڵە ورتکەکانی سەرسنووریشت پێنەکرا!

باوکم لە پشت مێزە کۆن و رەنگ هەڵبزرکاوەکەی قاوەخانەکەوە بزەیەکی غەریب دەنیشێتە سەر لێوەکانی. نازانم تاڵە یان شیرین،... نازانم بزەی سەرکەوتنە یان شکستێکی تر. شەپۆلی دووکەڵێک لەلاتەنیشتییەوە دێت و بزەکەیش وەک باوکم دادەپۆشێ. باوکم دیسان قاچەکەی دەخورێنێتەوە.

لە دەرەوە هەتا دێت دەنگی خەڵکی بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. بەر قاوەخانەکە قەرەباڵغتر دەبێ. سێ سێ و چوار چوار، رەنگە زیاتریش لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە. دیسان جەماعەتێکی تر لە قاوەخانەکە دەچنە دەرەوە. ئەوسا دەنگی تەقە دێت. نە یەک و نە دوو و... بەڵکو بە رەگبار. بۆنێکی ناخۆش لە لووتی باوکم دەئاڵێ. ناوچاوانی گرژدەکا و زیاتر خۆی بەو سووچەوە دەچەسپێنێ وا هەمیشە لێی دانیشتووە. چاوەکانی بچووک دەبنەوە و قەتیس رادەمێنن. چایچییەکە هاوار دەکا و دەڵێ دەیەوێ دووکانەکەی دابخا. چەند دانەیەک لە مشتەرییەکان دەڵێن کاتی نیە و واباشترە لێرە نەجووڵێن و چاوەڕوان بمێننەوە،... بەڵام چایچییەکە مکوڕە. بەپەلە سەماوەرەکان دەکوژێنێتەوە، دەرگاکەی پشتەوە دادەخا و ئەوسا ئەو هێڵکەوڕۆنەیش وا لەسەر گازەکەیە لایدەبا، دەیڕێژێتە ناو زبڵدانەکە و گازەکەیش دەکوژێنێتەوە. کەس لە قاوەخانەکە نەماوە. سووچەکەی باوکم کە جگە لە دووکەڵە جگەرە سێبەری داخستنی درگاکەی دوواوەیشی بەسەرداکەوتووە، بەشی ئەوەندە تاریکە چایچییەکە

بەجوانی لەو هێنان و بەرەیە و دڵەڕاوکێیەدا نەیبینێ. دەرابەکان دادەدرێنەوە و ناو قاوەخانەکە تاریک و بێدەنگ هەڵدەگەڕێ.

دایکم دەڵێ شوکور ئەو شەلە نەگبەتە ئەمڕۆ ڕێگای لێ هەڵەبووە و ناگەڕێتەوە. من کە دەزانم باوکم لە پشت دەرابەکان ماوەتەوە، هیچ ناڵێم. بەڵام بە تێپەڕینی کات دایکم بێ قەرار دەبێ. دەچێتە بەر پەنجەرەکەو سەیری دەرەوە دەکا. لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ، کەس نازانێ چی دەڵێ. هەوا خەریکە تاریک دەبێ. حەوشەی پشتەوە بۆن و تامی ڕۆژئاوا دەگرێ. لە ناو شارەوە دەنگەکان بەردەوامن. دایکم کە تیایا ماوەتەوە چی بکا، پاش هێنان و بەرەیەکی زۆر سەرئەنجام رووم تێدەکا و دەڵێ بڕۆ بزانە ئەو باوکە تۆپیوەت لە کوێیە! بەڵام دەستبەجێ پەشیمان دەبێتەوە، بۆ خۆی چارشێوەکەی هەڵدەگرێ، لەسەری دەکا و بەپەلە دەڕوا. بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانییەوە ئەوەندە خێرا دەڕوا کە من فریا ناکەوم لە پەنجەرەکەوە پێی بڵێم لەوێ بە گۆچانەکەیەوە لە سووچی ناو قاوەخانەکە لە پشت دەرابە دادراوەکانەوە ماوەتەوە و، خەریکی خوراندنی قاچە شەلەکەیەتی. دایکم لە چاو وندەبێ.

من دەچمە حەوشەکەی پشتەوە، ئەو شوێنەی وا لە سووچەکەی باوکم دەچێ. لەو بێدەنگییە کتوپڕەدا گوێم لە دەنگی دراوسێکەمانە. بە ژنەکەی دەڵێ نەمگوت سەر سنوور قەت شوێنی ژیان نەبووە،... نەمگوت!

تیایا ماوم باوکم بەڕاستی لە قاوەخانەکەیە یان لە سنوور. رەنگە هاوکات لە هەر دووکیشیان بێت. کێ چووزانێ!

## رۆژنامەیەک بۆ ئاسمان

ساڵانی ساڵە من دەچمە ئەو سەرتاشخانەیە. هەر لە منداڵییەوە. سەرتاشەکە تەمەنی هەڵگەڕاوەتەوە و منیش بەجەستە جوان جوان هەڵکشاوم؛ ئەو تام و بۆنی دووکانەکەی خۆی گرتووە و منیش لە خەیاڵی دونیا و شوێنە نادیارەکان بۆنی دونیام گرتووە. ئەگەرچی سەرتاشەکە پێی وایە دونیا وای لێدێ ئەو دەڕوا و بەڵام من هەر لە شوێنی خۆم دەمێنمەوە! من و ئەو پێکەوە سازاوین. پێم وابێ بە هۆیەکی نادیار عادەتمان بەیەکتر گرتووە. باشتر وایە بڵێم ئەوە منم بەو و بە دووکانەکەی ئەو عادەتم گرتووە. لانیکەم تا رۆژێک دەستدەدا و من دەتوانم روو لە وڵاتانی دەرەوە بکەم، بڕیارمداوە هەر بچمە لای ئەو.

هاوڕێکانم پێم پێدەکەنن و دەڵێن باوکت فێری خوویەکی چاکی کردووی! من کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان مودێلی قژی خۆم و ئەواندا نابینم، تەنیا بەلای ئەم قسانەدا تێدەپەڕم. من پێم وایە سەرتاشەکە خۆی نوێ کردووەتەوە. گۆڤارەکانی سەر مێزەکە، واتە ئەو شوێنەی وا کورسیی مشتەرییە چاوەڕوانەکانی لێیە شاهیدی ئەمە دەدەن. گۆڤارەکان دوواترین مودێلە ماقولەکانی دونیایان تیایە.

دانیشتووم و لە کاتێکدا رۆژنامەیەکم بەدەستەوەیە و دەیخوێنمەوە، چاوەڕوانی نۆرەم. سەرنج و نیگام لەسەر هەواڵێکی شەڕی سووریایە. کەمپێکی ئاوارەکان بوردومانکراوە و بە دەیان کەس کوژراو و بریندار هەیە. وێنەیەکان مرۆڤ دەهەژێنن. لەلای خۆمەوە بیر لە خڵقەت دەکەمەوە. لەو کاتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بە شوێنی رمبازێنی خوێن و کوشتن و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەی گرتووەتەوە، ئەو باوەڕەم تیا خوڵقاوە و سەقامگیربووە کە دونیا نەک لە سەر سێ کوچکە، بەڵکو یەک کوچکە بونیات نراوە، ئەوی کوچکەیەیش شەڕە. باوکم دەڵێ ئەوەی بڕوای بەخوا نامێنێ ئەقڵیشی کزدەبێ.

ئەوەی لەژێر دەستی سەرتاشەکەیە پیاوێکە هەر لەتەمەنی خۆیدا. منیش دەیناسم. سەیرە، هەرچی منیش دێم، ئەویش لێرەیە! نازانم گەردوون ئەم رێکەوتەی چۆن خوڵقاندووە. هەڵبەت گرینگ نیە. سەرتاشەکە خەریکی قسەکردنە لە گەڵیا. ئەو هەمیشە لەگەڵ ئەوەی وا لەژێر دەستیدایە دەدوێ. ئەوەندە لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر قسەی کردووە کە لەسەر هەموو شتێک رای هەیە و دەتوانێ لێدوان بدات. تەنانەت لەسەر شەڕی سوریایش. جارێکیان گوێم لێبوو گوتی "شام لە کۆنەوە هەمیشە شوێنێکی گرینگ بووە، شوێنی پیاهەڵپژانی پاشاکانی ئێران و رۆم بووە، هەروەها ئێران و توووران، پێم وابێ لەوێیش بوو حەزرەتی ئیبراهیم ویستی ئیسمائیلی کووڕی بە ئەمری خودا سەرببڕێ." مشتەرییەکەی بەردەستی لەوەڵامدا

گوتبووی کە خودا ئاوری ئیبراهیمی پێ کوژێندرایەوە، بەڵام هی ئێران و رۆم و ئێران و توورا‌ن نا، بگرە بە ئیستایشەوە.

من هێشتا لە لاپەڕەکەی سەر بە سووریادام کە مشتەرییەکی تر خۆی بە ژوورەوەدا دەکا. سەرهەڵنابڕم. بەڵام بە لاچاو ئاگام لێیە لەجیاتی ئەوەی بێت و دابنیشێ، قیت لەوێ بە چەند هەنگاوێک لە دەرگاکە دوور رادەوەستێ. من کە وای بۆ دەچم ئەویش وەک هەر مشتەرییەکی تر خەریکی سەیرکردن و بەراوردکردنی سەر و قژی خۆی لەبەر ئاوێنە گەورەکەی سەرتاشخانەکەدایە، دیسان سەرهەڵنابڕم. بەڵام سەیرە بۆ سڵاوی نەکرد؟ هێشتا ئەم پرسیارەم لا تەواو نەببوو کە گوێم لە سڵاوە دوورودرێژەکەی بوو. وەستای سەرتاش لایکردەوە و سەیریکرد. ئاگام لێبوو مەکینەکەی دەستی راوەستا. منیش سەرم بەرزکردەوە و لەدووای وەستا سەیری مشتەرییەکەم کرد. بینیم مشتەرییەک بە سەروقژێکی سەیر لەوێ لە چەقی دووکانەکەدا راوەستاوە و لە وەستا دەڕوانێ.

وەک لە سەرەتادا گوتم من لە منداڵییەوە سەردانی ئەم سەرتاشخانەیەم کردووە و بۆیە بەدرێژایی هەموو ئەم ساڵانە سەروقژی جۆراوجۆرم بینیووە، چ لە پێش چاککردنیاندا و چ لە دووای رێکوپێک کردنیشیاندا. دیارە ئێوەیش بینیووتانە، بەڵام ئەوەی من فەرقی هەیە لەبەر ئەوەی وەستا بەردەوام قسەیشی لەسەرکردوون. دەبێ دیان بەوەدا بنێم قەت سەروقژی وەک ئەوەی ئەمڕۆی ئەو مشتەرییە تازەیەم نەبینیبوو. قژی لە قژی دەرویشانی دەکرد، ئاڵۆز، درێژ و پڕ. بەڵام هەستت دەکرد ئاڵۆزی و درێژی و پڕییەکەی لە شێوازێکی ترە. شتێک وەک ئەوەیکە زەمەنیش خۆی تیا ئاڵاندبێ و بۆیە دەستبەجێ هەست بە مێژوویەکی یەکجار دوورودرێژ بکەی. جل و بەرگێکی سەرتاپای سپی و یەکدەستی لەبەردابوو و لە کاتێکدا هەر دوو دەستی لە سەر لاکەلەکەکانی بوو، وتی هاتووم سەرم چاک بکەم. وەستا بە

مەقەست و مەکینەکەی دەستییەوە ئاماژەی بە کورسییەکان دا. وەستا نەدووا، تەنیا لێی دەڕوانی. مشتەرییەکە هات و لە تەنیشتی مندا دانیشت. بە نزیکبوونەوەی، بۆنێکی سەیر بە لووتمدا هات. بۆنێک وەک زەمەن و وەک مێژوو. بۆیەکی سارد و پۆلائاسا. شتێک کە لەگەڵ خۆی هەڵگری مانەوە و رەنگە نەمریش بێت. خۆم کۆکردەوە و نیگام لەسەر هەڵگرت و دیسان گەڕامەوە بۆ سەر لاپەڕەی سووریا.
وەستا کەوتەوە کار. بێدەنگییەک سەرتاشخانەکەی داگرت. بۆ یەکەم جار لە دووای سالانی ساڵ سەرتاشەکە لە کاتی چاککردنی سەری مشتەرییەکەیدا نەدووا. بێدەنگی هەتا دەهات قورس و قورستر دەبوو. وەک بڵێی سەقفەکە وەک لۆحێکی گەورەی ئاسنین بەرەبەرە دادەبەزی و، لەگەڵ نزیکبوونەوەی، هاوکات لەگەڵ خەفەکردنی هەوای ژوورەکە دەیەویست هەمووومان پرێس بکا. بۆیە من دەنگم هەڵبڕی و وتم بەڵکو ئەم منداڵ کوشتنانە ببێتە هۆی ئەوەی هەموو شەرم لەخۆیان بکەن و ئەم شەڕە کۆتایی پێ بێت. وەستا وەڵامی نەدامەوە. مشتەرییەکەی بەردەستیشی هیچی نەگوت. مشتەرییە تازە قژ بژە سەیروسەمەرەکە لای کردەوە و لە منی رووانی. منیش سەرم وەرگێڕا و لێم رووانی. رۆخسارێکی سەوزە بە دوو چاوی رەشی گەورەوە کە دەڵێی بەهۆی سەفەری زۆر ئیتر هیچ شتێکی ئەو دونیایە نەیدەجووڵاند. من کە هەر لە خۆوە چاوەڕوان بووم ئەو شتێک بڵێ، بەڵام نەک تەنیا هیچی نەگوت، بەڵکو زۆر خێرا نیگاکانیشی لەسەر من هەڵگرت و دیسان لە دیمەنی رووبەڕووی وردبووەوە. تەریق بوومەوە و بۆیە لە رقا لاپەڕەکەم هەڵدایەوە. لاپەڕەکەی تر باسی وەرزش بوو. من کە قەت حەزم بە هەواڵی وەرزشی لە دووای تێکچوونی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە نیە، رۆژنامەکەم بەست، کۆمکردەوە و لەسەر مێزەکەی بەردەمی خۆمم دانایەوە. خشەخشەکەی گوێی ئازاردەدا و دەڵێی تەواونەدەبوو.

وەستا سەری مشتەرییەکەی بەردەمی تەواوکرد. لەدووای شانەکردنی قژە تەنک و بێهێزەکەی و ئۆتکۆلۆن لێدان لە روخساری تاشراوی، بە پەڕۆکە سەرشان و ملی تەکاند و بەڕێی کرد. مشتەرییەکە بە نیگایەکی سەیرەوە لە مشتەرییە تازەکەی رووانی و رۆیشت.

نۆرەی من هات. بەڵام بە وەستام گوت پەلەم نیە و دەتوانم راوەستم. وەستا ئاماژەی بە مشتەرییە تازەکە دا. ئەویش جووڵا و بەرەو کورسییەکە رۆیشت.

وەستا لە بێدەنگیدا دەستی کرد بە چاککردنی قژی. لەگەڵ هەر دەمە مەقستێک کە لێیدەدا دەستبەجێ کۆشێک قژ بەردەبووەوە و دەکەوتە سەر شان و ملی و سەر پەڕۆکەی وا وەستا لە مل و سەرسینگی ئاڵاندبوو. وەستا هەر پێی دەکرا قژ کۆبکاتەوە و لە زبڵدانەکەی پەستێوێ. بەڵام زبڵدانەکە ئەوەندە خێرا پڕدەبوو کە بەناچار چوو لە پاشخانەکە دڵقی گەورەی رەشی هێنا. من کە بەزەییم بە تەمەنیدا دەهاتەوە، هەستام و یارمەتیم دا. دڵق لەسەر دڵق پڕی کرد و بە تەنیشت یەکێک لە دیوارەکانی سەرتاشخانەکەوە لەسەر یەک هەڵمانچنین. لەگەڵ قژەکان کە بەردەبوونەوە، زۆر شتی تریش دەکەوتنە خوارەوە، بەڵام شتەکان تەنیا لە شکلی وێنەدا بوون و لەدووای دەرکەوتنیان دیسان وندەبوونەوە. لەگەڵ قژەکانی، چەقۆ، رووباری نیل، زرێ، ئاسمان، کێوی توور، غاری حەڕا و زۆر شتی تر بەردەبوونەوە و دیسان لەناو قژە رژاوەکاندا دەنێژرانەوە. من کە نازانم داخۆ وەستا چاوی لەمانە بوو یان نا، بە سەرسوورمانەوە هەر سەیرم دەکرد. لە دووای ئەوەی دیوارەکە بەهۆی هەڵچنینی یەک لە دووای یەکی دڵقە گەورەکان ونبوو و داپۆشرا، مشتەرییە تازەکە بە سەرتاشەکەی گوت دەست راگرێ و بەسە. وەستا کە ناوچاوان و دەوری ملی شەڵاڵی ئارەق ببوو و دەستەکانی دەلەرزین، راوەستا. من بۆ ئەوەی دۆخەکە ئاسایی بنوێنم، دەستم برد رۆژنامەکەم هەڵگرتەوە و دیسان کەوتمەوە

خوێندنەوەی هەمان هەواڵەکەی سەر سووریا. بەڵام تەنیا چاوم لەسەری بوو و زەینم لە شوێنێکی تر. مشتەرییەکە هەستا. ئەوکات بوو تێگەیشتم یەک تاقە گیرفان چییە بە جل و بەرگەکەیەوە نەبوو. خۆی تەکاند و هاتە ئەم لاترەوە و گوتی ئەجری تۆ ئەوە دەبێ گەر هاتوو شەڕ هەڵگیرسا خۆت و ماڵ و منداڵت بەسەلامەتی دەربازدەبن. ئەوسا کەمێک لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد و ڕۆیشت. من کە لام وایە لە دووای ئەو هەموو قژلێکردنەوەیە سەری هێشتا هەر وەک خۆی بوو و هیچ فەرقی نەکردبوو، بە وەستام گوت پێم وابێ جوبرەئیل بوو.
لەو ڕۆژەوە من ئیتر نەچوومەوە بۆ ئەو سەرتاشخانەکە. نەک لەبەر ئەوەی نەکا بەتووش مشتەرییەکی سەیر و سەمەری تری وا ببمەوە و مەجبوور بە بێگاری بم، یاخود لەبەر ئەوەی وەستا بڕیاری داوە چیتر لەگەڵ مشتەری لەکاتی کارکردندا نەدوێ، نا، لەبەر ئەوە شەڕەکە وا جوبرەئیل ئەو ڕۆژە باسی لێکرد هاتووە و وەستا دووکانەکەی فرۆشتووە و ماڵ و مندالی لەو تەمەنەدا هەڵگرتووە و بۆ هەمیشە ڕۆیشتووە.
نازانم بۆ ئەو ڕۆژە هەواڵەکەی سەر سووریام لە ڕۆژنامەکەدا پیشان نەدا. ڕەنگە ڕۆژنامەکەی لەگەڵ خۆی هەڵبگرتایە و بۆ ئەو شوێنەی ببردایە وا دەڵێن خڵقت لەوێوەیە.
من لام وایە ئاسمان پێویستی بە ڕۆژنامەیەکە.

## ساڵەکان

خەریکی پێچانەوەی جانتاکەی بوو. دەستێک کەواوپانتۆڵ، دوو ژێرکراسی، دوو شۆرت، جووتێک گۆرەوی لەگەڵ دەستماڵێکی سپی کە دەورەکەی بە کاموا چنرابوو. دایکی چاوەکانی بە فرمێسکەوە بوون، بەڵام دەنگی دەرنەدەهات. بەپەنجە لەتەنیشت یەکەکانیدا زووزوو فرمێسکەکانی خاوێن دەکردەوە و، دەیگوت:

ـ رۆڵە وامەکە، وازبێنە،... ئاخر بۆ کوێ؟

کوڵمە داهێزراوەکانی گەش گەش دەدرەوشانەوە.

ـ دەڕۆم، دەچم نیشتمان ئازاد دەکەم.

ـ نیشتمان؟

ـ ئا، نیشتمان.

- چۆن؟

- چاک!

- لە کوێ،... لە کوێوە؟

- لەودیو سنوورەوە، دەچم بۆ لای ئەوان.

- دول لە گیانیان ئەوانیش ساڵانی ساڵە لەوێن،... ئاخر چۆن؟

- دێینەوە،... چەک لەشان هەموو پێکەوە. نیشتمان وەها نەبێ رزگار نابێ.

- مەبەستت ئەوەیە دێنەوە و دووایی دیسان دەڕۆنەوە...؟

ئەم سەری لەسەر جانتاکەی هەڵگرت. بەلاچاو سەیرێکی دایکی کرد.

- وەهایە، بەڵام یەکێک لەم هاتنەوانە ئاخرینیان دەبێ. هەمیشە وەها بووە.

- تۆ ئێرە بەجێ دێڵی دەڕۆی لەو دیو سنوورەوە نیشتمان رزگار بکەی؟

- بەڵێ، چاکی بۆ چووی!

فرمێسکەکان کەمێک کەمیان کردبوو. لە دەرەوە هەرایەکی سەیربوو. چۆلەکەکان دەڵێی لەسەر شتێک شەڕیان بوو.

- باشە بۆ لێرەوە رزگاری ناکەی،... ها بۆ لێرەوە نا؟... منیش یارمەتیت دەدەم. قەولت پێدەدەم،... سوێندت بۆ دەخۆم!

- لێرەوە نابێ، دوژمن پێت دەزانێ و دەتگرێ، جگە لەوە کە تفەنگت پێ نەبوو ئاسانتر دەتگرن،... دەتکوژن،.... لە زیندانت دەخەن،... نا نا لێرەوە نابێ.

- من تێناگەم چۆن بۆ رزگاریی نیشتمان، نیشتمان جێ دێڵی؟... تێناگەم!

- رۆژێک تێدەگەی.

- خۆ دەزانی ئەوانی تر چەند ساڵە رۆیشتوون... خۆ دەزانی؟

- ئەی چۆن نازانم.

- دەی...؟

ـ ساڵەکان گوزەراون، مانای ئەوەیە ئەوەندەی ساڵ نەماوە، من ئەوەندەم پێ ناچێ،... وەک ئەوان نابم.

ـ خۆ دەزانی زۆریان بەو دیوی سنوورەکانی ئەولای خۆیاندا رۆیشتن، خۆدەزانی؟

ـ مەبەستت خاریجە؟

ـ مەبەستم خاریجە.

ـ ئەوە بەزیوەکانن.

ـ ئەی ئێمە چی من و باوکت و... دیارە گەورە بوویت دەتوانی بۆ خۆت بژیت، مەبەستم ئەوە نیە لەبەر ئێمە بڕیاربگۆڕی، لەبەر خۆت دەڵێم.

جانتاکەی داخست. خستیە سەر قاچ. گەڕایەوە و رووبەڕووی دایکی راوەستا کە ئێستاکە ئارامتر دەینواند. دەڵێی بەڵگەهێنانەوەکان هەستەکانیان خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە و ونیان کردبوون. ئەقڵ هەستی دەستەمۆکردبوو. دونیا چەند سارد هەڵگەڕابوو.

ـ دایە،... دایە گیان! دڵنیا بە بەسەرکەوتن دێمەوە، هەمیشە دونیا وەها بووە، هەندێ کەس لە پێشەوە رۆیشتوون و ئەوانی تریش بە شوێنیاندا.

ـ پێشەوە؟

ـ ئەرێ پێشەوە.

ـ تۆ دەچی بۆ ئەو دیوی سنوور و ساڵی جارێک دێیتەوە و ئەوسا دەڵێی پێشەوە؟

ـ دایەگیان، پێشەوە ئاوەها نا، پێشەوە لە جۆرێکی تر.

دەنگی چۆلەکەکان نەدەبڕایەوە، بگرە هەتا دەهات زیادیشی دەکرد. هەردووکیان خەیاڵیان چووە سەریان. باشە بڵێی لەسەر چی شەڕبکەن؟

ـ هەر ئێستا دەڕۆی؟

ـ هەر ئێستا.

ـ بە باوکت ناڵێی؟

ـ پێویست ناکا،... تازە تۆ پێی بڵێ!

ـ من؟

ـ ئەرێ تۆ؟

ـ بۆ من؟

کوڕەکەی بێدەنگ بوو.

ـ نازانم، ڕەنگە لەبەر ئەوەی تۆ زیاتر لە من لەگەڵیا ژیاوی.

هەڵدەستم. دێمە پشتی درگاکە و بە ئارامی هەوڵدەدەم کەمێک زیاتر بیکەمەوە، وەها کە جوانتر گوێم لە قسەکانیان بێت. نازانم بۆ، بەڵام زیاتر لەوەی بەزەییم بە دایکما بێتەوە بەزەییم بە براکەمدا دێتەوە. ڕەنگە گوناهی هەراهەرای چۆلەکەکان بێت. یان ڕەنگە گوناهی ئەوە بێت ئەو هێشتا ناتوانێ لەگەڵ باوکی (باوکم) بدوێ.
بڕیاردەدەم ڕۆژانی داهاتوو لەسەر ئەو دووارستەیەی وا لە پشت درگاکەوە گوێم لێبوو، بیربکەمەوە. لەسەر ئەوەی، ئەوانەی وا لەگەڵ یەکتر زۆرتر دەژین دەتوانن ڕەحتتر لەگەڵ یەکتریش بدوێن.

**من و ئەو شەوە**

ماشینەکە رادەگرم. لێی دێمە خوارەوە. قاچی چەپم دەخەمە سەر ئەو ئیسفاڵتەی وا بە بەستەڵەک سەرتاسەر داپۆشراوە. هەنگاو کرپەی دێت. بنی ئەستووری پێڵاوەکانم دڵنیام دەکەنەوە ناکەوم، بەڵام من بە ئارامی هەنگاو هەڵدەگرم. سۆزی سەرما روخسارم دەنگێوێ.

شەقام و خانووەکانی ئەمبەراوبەری، بێدەنگن. گڵۆپی دارچرابەرقەکان و سەر دەرگاکان، روونی دەکەنەوە؛ بەڵام تاریکایی دەڵێی لەوە قورسترە بەم شتانە هەوێنی بشکێ و دارِمێ. رووناکایی پشت پەنجەرەکانیش لەمە دۆخیان خراپترە. یان رەنگە من زۆر بە قورسی وەریدەگرم، چونکە دوو کچ و کوورِی گەنج لەو سەرەوە پەیدادەبن و لە کاتێکدا قۆلیان بە قۆلی یەکتردا کردووە، دەنگی کەنینیان سەرما دەدرِێ و لە دیوارە چلورئاساکان گەرم گەرم دەئاڵێ.

سەعات نۆی شەوی یەکێک لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی نۆڤێمبرە. دەبێ خێراکەم، بەڵام نایکەم. وەک شەو و وەک ئەم بەستەڵەکە بەقورسی دەجووڵێم. لە راستیدا پێویستیش ناکا. هەر ئەم خانووەم ماوە و دووای ئەوە دەتوانم بچمەوە بۆ ئیدارە. لەوێ دوواراپۆرتی خۆم بدەم و ئیتر بچمەوە بۆ ماڵەوە. بە هێنانەوە یادی ماڵەوە زەردەخەنەیەک لەسەر لێوەکانم دەنیشێ. ئەگەرچی تا دەچمەوە منداڵەکان لەمێژە لەناو جێگادان، بەڵام دەتوانم بە ئەسپایی بچمە ژوورەکەیان، لە تاریکایی ژوورەکەدا لە چاوە زیتەکانیان بڕوانم کە شەیتانانە و بەدوور لە چاوی دایکیان چاوەڕوانی منن بۆ ئەوەی دەست لە ملانی یەکتر بین، گۆنایان ماچ بکەم و ئەوسا وەدەربکەومەوە. بەو شەوە ساردە، گەرمای هەناسە و چرپەکانیان بە گوێکانمەوە هەست پێدەکەم.

دەستەکلیلەکە دەردێنم. ئەگەرچی زۆرن، بەڵام بینینەوەی ئاسانە. هەر کامەی بە پلاستیکێکەوە وەسڵە کە ئادرەسێکی لەسەر نووسراوە. دیارە من پێویستم بە خوێندنەوەی نیە. بە شێوە دەیانناسمەوە. تەنانەت لە نیوەتاریکیشدا. کلیلەکە لە دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەو بینا بەرز و گەورەیە رۆدەکەم وا زۆربەی گڵۆپەکانی کووژاونەتەوە. دوو گەنجەکە لە منەوە تێدەپەڕن. من سەیریان ناکەم. بەڵام دڵنیام ئەوان زیاتر لە پێویست لە منیان رووانیوە. پیاوێک بە دەستەکلیلەوە بەو شەوە تاریکە بابەتێکی باشە بۆ لێڕوانین و بیرلێکردنەوە. داستانی ئەشق بە رووداوە سەیرەکانەوە سەرنجڕاکێشە.

ئاسانسۆڕەکە هەڵناگرم. وەک هەمیشە بە پێ پلیکانەکاندا سەردەکەوم. لە قاتی سێهەم دیسان دەستەکلیلەکە دەردێنمەوە و دیسان بە شێوە ئەو کلیلەی وا پێویستە دەیناسمەوە و، دەچمە ژوورەوە. ژوورەوە تاریکە. بە دەستی راستدا ئاشپەزخانەیە و لەوێ گڵۆپێکی زەردی کەم تین دەئایسێ. من بە شێوە خانووەکە دەناسمەوە و پێویستم بە

داگیرساندنی گڵۆپەکان نیە. ژوورەوە بۆنێکی تایبەت دەدا. بۆنی پیریژنێکی تەنیا، بۆنی دەواو دەرمانەکان، بۆنی وێنە کۆنەکانی سەر دیوارەکان، بۆنی چێشتی بەرماوە، بۆنی ئاودەست، رەنگە بۆنی تاریکی و سەرمای دەرەوەیش. من هەمیشە لە رووانینی وێنە کۆنەکانی ئەم جۆرە خانووانە خۆم بواردووە. وێنە رەش و سپی و رەنگییە کۆنەکان. ئەوانەی دەڵێی لەوێ هەن بۆ ئەوەی پێت بڵێن زەمەن شتێکە لە رەگەزی یادەوەرییەکان و بەس. کە تێدەپەڕم هەستدەکەم شوێنێک لەسەر دیوارەکە وەک جاران نیە. شتێک ونە.

بەناو هۆڵەکەدا تێدەپەڕم و لەوسەر دەگەمە ژوورە هەمیشەییەکە. دەرگاکە بە دەستی چەپدایە. بە ئارامی دەیکەمەوە. دەزانم وەک هەمیشە لە بەر تیشکی بێ هێزی گڵۆپێکی سەرمێزدا لەسەر تەختە گەورەکەی راکشاوە و لێفەکەی هەتا ژێرەوەی چاوەکانی بەسەر خۆیدا داوە و چاوەڕوانی من یان کەسێکی لەچەشنی منە. بە چوونە ژوورەوەی من چاوەکانی دەچنە سەر من و لەگەڵ جووڵەی من ئەوانیش دەجووڵێن. ئەوسا ئارام لێفەکەی کەمێک دادەکشێنێ و لێوەکانی دەردەکەون. ئەو لێوانەی چیتر مەعلوم نیە بزەن، گریانن، دەمەلاسکەن، یاخود قسە شاراوەکان. دەڵێم:

ـ چۆنی؟ ببورە کەمێک درەنگ کەوتم.

هەروا بێدەنگە و منیش هەروا نیگام لەسەریەتی.

ـ پێویستیت بە یارمەتی نیە؟... چیت بۆ بکەم؟

ئەوسا دەست دەبەم و سەیری داوودەرمانەکانی دەکەم کە لە ژێر گڵۆپە بێ هێزەکەدا خۆیان مڵاس داوە. ئەمشەو وەک هەمیشە دەبێ دووانیان لێ بخوا.

هەر وەڵام ناداتەوە. لادەکەمەوە و دیسان لێی دەڕوانمەوە. دەڵێم:

ـ برسیت نیە، کەمێک خواردنت بۆ بێنم،... ناتەوێ بچی بۆ ئاودەست؟

ئەوسا حەبەکان هەڵدەگرم، لە دۆلکەکە لێوانەکە نیوەپڕدەکەم.

ئەو لێفەکەی تا ژێر چاوەکانی هەڵکێشاوەتەوە و زیت زیت لێم دەڕوانێ. دەست دەبەم لێفەکە لابدەم، بەڵام وەها بە توندی دەیگرێ کە لام سەیرە.

ـ دەبێ لانیکەم داوودەرمانەکەت بخۆی!

ماڵەکە ساردە. دەچم کوورەکە بەسەردەکەمەوە. هەڵە. لەبەر خۆمەوە دەڵێم ئەمشەو دەبێ زۆر ساردبێ.

ـ ئیستا ناتەوێ دەرمانەکەت بخۆی؟

ئەمە دەڵێم و بە ئەسپایی لەسەر قەراخی تەختی خەوەکەی سمت دادەدەم. نیگاکانی لەگەڵم دێن و ئەوانیش دادەبەزن.

نازانم بۆ، بەڵام حەزدەکەم چیرۆکێکی بۆ بگێڕمەوە. دەلێم سەردەمانێک بنەماڵەیەک هەبوون لە خانوویەکی خۆشدا پێکەوە دەژیان، پیاوەکە لەدەرەوە کاری دەکرد و ژنەکەیش لە ماڵەوە، دوو کوڕ و دوو کچیان هەبوو. کە شەو پیاوەکە ماندوو و شەکەت لە کار دەهاتەوە ژنەکە خواردنی ئامادەدەکرد و ئەوسا پێکەوە لە دەوری سفرە کۆدەبوونەوە و نانیان دەخوارد. لە دووای نانخواردن لەبەر تەلەفزیۆنە رەش و سپییەکە دادەنیشتن و سەیری گۆرانی و فیلمیان دەکرد. جارێکیان پیاوەکە شەو نەهاتەوە. ژنەکە زۆر پەرێشان بوو. منداڵەکانیشی هەروەها، ئاخر قەت باوکیان درەنگ نەدەهاتەوە. نەیاندەزانی چی بکەن. تا کتوپڕ یەکێک لە منداڵەکان بیرێک بە مێشکیدا هات، کۆتایی بەهار بوو، حەوشەکەیان پڕی گووڵ بوو، کچەکە چووە حەوشە، گووڵێکی لێکردەوە، پەرەکانی دایە دەم بای ئێوارە و پێیانی وت ئەی پەڕە جوان و ناسکەکان تکایە بە باوکم بلێن درەنگ نەکا و ئەمشەویش وەک هەمیشە زوو بێتەوە. ئەوسا هاتەوە ژوورەوەو چاوەڕوان مانەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو باوکیان هاتەوە. ئەو شەوە لە هەمیشە خۆشحاڵتر بوون. ژنەکە بە دەم سڕینی

فرمێسکەکانییەوە شوکری ئەوەی کرد ژیان وەک هەمیشە بەردەوامە و هیچ نەقەوماوە. شەو کاتێک چوونە ناو جێگاوە، باوکیان چووە لای کچەکەی. گووڵێکی پێ بوو. دای بە کچەکەی. کچەکەی بزەیەکی کرد و دەستی کردە ملی باوکی و ئیتر خەوت. لەو ساڵەوە دەڵێن گەر کەسێکت لێ ونبوو تەنیا گووڵ بنێرە بەشوێنیا.

هەستم بە سەرمای زیاتر دەکرد. لام سەیر بوو. چیرۆکەکە کاریگەر نەبوو. ئەو بەهەمان حاڵەتەوە بەردەوام لێمی دەڕوانی. پەرداخە ئاوەکەم بەرزکردەوە و وتم هەستە دەبێ بیخۆی! دیسان بێسوود بوو. هەستام دەرمان و ئاوەکەم خستەوە سەر مێزەکە و گەڕامەوە سەری بۆ ئەوەی بەرزی بکەمەوە. نەیدەهێشت. سەیری سەعاتەکەی دەستم کرد. درەنگ بوو. دەبا تا بیست خولەکی تر لە ئیدارە بوومایە. حەزم نەدەکرد ئەمشەو نیگا زیت و شەیتانییەکانی منداڵەکانم لەکیس بچێ. لەم بەستەڵەکەدا گووڵێک وەک تەتەر دەست نەدەکەوت.

چاوەڕوان مامەوە. من سەیری ئەوم دەکرد و ئەویش سەیری من. بێدەنگی وەها قورس هەڵگەڕابوو کە لە ژێر لێفەکەیشەوە گوێم لە هەناسە ئارامەکانی ئەو بوو. چوومە بەر پەنجەرەکە، پەردەکەم لادا و سەیری دەرەوەم کرد. شەقام هەر وەک خۆی. ئاشقەکان تێپەڕیبوون،... لە مێژ بوو. پەردەکەم دادایەوە و هەر لەوێ راوەستام و لێم رووانییەوە. لێرەوە تیشکی گڵۆپە کەم تینەکە لە چاوەکانیدا شۆقی دەدایەوە. چاوەکانی گەنج بوونەوە. ئەوسا هەستم کرد شتێک لە ژێر لێفەکە رێک لە سەر سینگی جووڵا. نزیک کەوتمەوە. لەلا تەنیشتەوە لێفەکەم هەڵدایەوە. ئەو کە حسێبی ئەمەی نەکردبوو، هەروا لێمی دەڕووانی. قاپێکی وێنە لەسەر سینگی بوو. ئەو وێنەیەی وا شوێنەکەی لەسەر دیوارەکە چۆڵ بوو. با ئارامی کێشامە دەرەوە. ئەو سەرەتا کەمێک خۆی راگرت، بەڵام دەستی شل بوو و بەریدا. وێنەکە وێنەی

کچێک بوو بە گوولێک بەدەستییەوە و بە نیگایەکەوە کە کەس نازانێ لە کوێی دەڕوانی!

داچڵەکام.

دوو حەبەکەم دایە، لێفەکەم بەسەردا دا و، دەرگاکەم بەست و وەدەرکەوتم. دەستە کلیلەکە وەک هەمیشە لە گیرفانمدا خڕەی دەهات. ئەو دەستەکلیلەی بۆنی تەنیایی و بیرەوەریی دەدا. بۆنی پیرەمرۆڤەکانی شارێکی نوقمی مانگی نۆڤێمبر.

لەسەر ڕێگای ئیدارە بیرم لە لێکچوونی چیرۆکەکان کردەوە. ئەو چیرۆکانەی تەنیا زەمەن لەیەکتر جیایان دەکاتەوە. تەنیا زەمەن.

**زەماوەند**

دایکم خەریکی جلشۆردنە. دوو سێ تەشتی جل بە دەورووبەرییەوە هەڵکورماون. یەکیان هی جل و بەرگی پیس، یەکیان هی خاوێن و لەئاوهەڵکێشراو و، سێهەمیشیان لەبیرم نایەت. راستی هی چی بوو؟

دایکم پانتۆڵی لێ هەڵکێشاوە و کراسەکەیەشی لە ناویا. پانتۆڵەکە لەبەریا فش فش راوەستاوە. هەڵتروشکاو، بە مەچەکە بەهێزەکانی جلەکان دەگووشێ و لە ناو تەشتی دووهەم دایاندەنێ.

عەسری رۆژێکی هاوینییە. باوکم و باوەگەورە هێشتا لە خەوی دووانیوەڕۆ هەڵنەستاون. خێزان هێشتا لە ژوورەوەن، لە پشت شووشە نارِوونەکان، ئەو شووشانەی وا لەبەر شۆقدانەوەی نوور لەسەریان ژوورەوەیان ونکردووە، نازانم خەریکی چین. ژیان لەوێیش بەردەوامە.

من خەریکی یاریی کەللام. دوو کەللام پێیە و لە یەکتریان دەگرم. یەکیان بچووکە و ئەوی تریان گەورە. هەر دووکیان لە بەردن. ئاگام لێیان نەبێ سەری یەکتر دەشکێنن! بۆیە هەموو جارێ کە یەکتریان پێ دەپێکم، دڵم دادەخورپێ. بە خۆشییەوە

ئەوەندەیش دەستم راست نیە. بە ئیستایشەوە من ئەوەی حەزم لێی کردووە و ویستوومە بەدەستی بێنم، نەمپێکاوە! لای من لە نێوان کایەی ئەو رۆژەی حەوشەی دووانیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین و ئەم ساڵانەی ئیستا، پێوەندێکی نەپچڕاو هەیە.

دایکم تینوویەتی. دەم دەبا و لە ئاوی شێرەکە دەخواتەوە. هەڵبەت لە دووای ئەوەی چەند جارێک ئاوی پیا دەکا و دەیشواتەوە. دایکم وەک چۆلەکەکان قوم قوم ئاو دەخواتەوە. نا، وەک کۆترەکان،... وەک هەموو باڵندەکانی دونیا. من سەر بەرزدەکەمەوە و لە ئاسمان دەڕوانم. لەو سەرسەرانە باڵندەیەکی گەورەی رەش، بەرز بەرز دەسووڕێتەوە. لە حەوشەکە چۆلەکەکان لە بن میچەکاندان. زۆر تاقەتی سووڕانەوەیان نیە. تەنیا جریوە جریویان زۆرە.

یەکێک لە کەللاکانم لە یەکێک لە تێگرتنەکاندا دەکەوێتە کونی ئاوەڕۆکەوە. هەرچی دەکەم بۆم دەرنایەت. دایکم لا دەکاتەوە و دەڵێ چەند جارم وت ئاگات لێ بێ! ئەوسا بە دەستە کەفاوییەکانییەوە بە زەحمەت هەڵدەستێ و کوڕەکوڕ دێت. لە پاش کەمێک گەڕان، سەرئەنجام دەیدۆزێتەوە. پێم دەڵێ لەو لاترەوە کایە بکەم. من کەللاکان دەخەمەوە گیرفانم و بڕیاردەدەم واز لە کایەکردن پێیان بێنم. بە پلیکانەکاندا سەردەکەوم و دەچمە بانیژێکە. گوێم لە گەڕەکە خەریکە دەبزوێ و بەرەو فێنکایی ئێوارە جەستەی خۆی دەکێشێتەوە. باوەگەورەیشم دەردەکەوێ،... دێتە بەر دەرگاکە. لە دایکم دەڕوانێ. دەزانم لەبەر ئەوەی دایکم هێشتا تەواو نەبووە تووڕەیە. ئەو دەیەوێ لەوێ لەبەر شێرەئاوەکە سەروچاوی بشوا، دەسنوێژ بگرێ و دوواتر لەسەر بەردە نوێژە هەمیشەییەکە نوێژبکا. بەڵام تووڕەییەکەی دەرنابڕێ. سەیرێکی من دەکا و لە ناو داڵانەکە ون دەبێتەوە.

سەر بانیژێکە دەڵێی گەرمترە. خۆم دەدەمە بەر سێبەری بن دیواری دراوسێکەمان. بانەکانی شار سەرنجم دەقۆزنەوە. گەرما، شەپۆل شەپۆل لەسەریان بەرزدەبێتەوە و

بەرەو ئاسمان دەکشێ. لە ماڵی دراوسێکەمانەوە بە ئاستەم دەنگی گۆرانی دێتە گوێم. من گۆرانی بێژەکان ناناسم، بەڵام دەنگەکە ئاشنایە. پیاوێکی دەنگ زوڵالی حەزینە. دایکم هاوارم لێدەکا و دەڵێ "ئاگات لەخۆت بێت نەیەیتە بەر گوێسبانەکە!" من هەمیشە ئاگام لە خۆم بووە، گەر درۆ نەکەم.

کتوپڕ یەکێک لە دشەکانی دایکم بە پەلە دێتە حەوشە و بە دەنگێکی پڕ لە سۆز و حەزەوە بەپەلەپەل دەڵێ:

- بووک دەگوێزنەوە،... بووک،... لێرەوە دەیبەن،... لێرەوە!

ئەوسا دیسان لەناو سێبەری دالانەکەدا وندەبێتەوە. دایکم بەزەحمەت رادەبێ. هێشتا لە جل شۆرین تەواو نەبووە. بە پشتە دەستی سەر لووتی دەخورێنێ. لە ژوورەوە دەنگی گریانی منداڵ دێت. خوشکەکەمە لەخەو هەستاوە. لە ناو بێشکەدایە. جەماعەتی ژوورەوە بەشێکیان دێنە حەوشە و لەوێوە بۆ سەر بانیژەکە و دواتر بۆ سەر بانی. پەیژەیەکی بچووک، بانیژێکە بە بانەکەوە گرێدەدا. دەجووڵێم. من کە نازانم چی بکەم، لە جەماعەت و لە دایکم دەڕوانم. دایکم لادەکاتەوە، سەربەرزدەکاتەوە و لە من دەڕوانێ. دەڵێ نەجووڵێی تا من دێم.

دایکم بە پەلە پانتۆڵەکەی دادەکەنێ. کراسە چرچەکەی شۆڕدەبێتەوە. بە پەلە کەمێک قژەکانی کۆدەکاتەوە و خێرا ئاوێک بە دەست و دەموچاویدا دەکا،... دیسان بە پەلە دەچێتە ژوور. لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەبیستم. دەنگەکە هەتا دێت روون و روونتر دەبێتەوە. گەرەک کتوپڕ دەبێتە شتێکی تر. لەهەموو ماڵەکانەوە دەنگە دەنگ و ورتەورتی خەڵکی بەرزدەبێتەوە.

بەرەو پەیژە پچووکەکە دەچم. بەڵام سەرناکەوم. چاوەڕوانی دایکم دەمێنمەوە. سەر بەرزدەکەمەوە، باڵندە رەشە گەورەکە لەوێ نەماوە. چۆلەکەکانیش بزاون. دەنگی

گۆرانیی دراوسێکەیش لەناو تەپڵ و زوڕنای دەرەوە ونده‌بێ. گەرەک ئیستا تەنیا دەبێ بە دەنگی ئەوان.

دایکم لە کاتێکدا خوشکەکەمی بە باوەشەوەیە، دەردەکەوێتەوە. بەپەلە بە سەر پێ پلیکانەکاندا دێتەسەرەوە. بە دەستێکی بەردەوام هەوڵدەدا قژی چاک بکا،... بسکە رەشە بریقەدارەکانی لەژێر دەسماڵەکەیدا جوانتر کۆبکاتەوە و رێک و پێکیان بکات.

دەگاتە من. ئەوسا دەڵێ پێشم کەوە! من پێشی دەکەوم. دەڵێ بە هێواشی و لەسەرەخۆ! منیش بە هێواشی و لەسەرخۆ بە پەیژە ئاشناکەدا سەردەکەوم. پەیژەکە تەنیا پێنج پلیکانەیە. کە دەگەمە سەر بانی، لادەکەمەوە و لە دایکم دەڕوانم. دایکم بە منداڵەکەی باوەشییەوە سەردەکەوێ. ترسێکی سەیر دەروونم دادەگرێ. لادەکەمەوە بۆ ئەو خەڵکەی لەو سەر بانەکە پشت لە ئێمە راوەستان، بەڵام هەموو یەکجار سەرقاڵی کۆڵانەکەن. دەڵێن گۆرانی بێژەکە یەکجار بەناوبانگە.

لەگەڵ دایکم لە قەراخ بانەکە راوەستاوین. بووکێ و لۆتییەکان رێک لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدان،... لە ژێر پێی ئێمە. جەماعەتێکی زۆر بە شوێن بووکێوەن. لەشکری منداڵ وازناهێنێ. هەراهەرایەکی سەیرە. ئاوێنە گەورەکەی بەردەمی بووکێ شۆق دەداتەوە. بووکێی شەرمێون سەربەرزناکاتەوە و تەنیا لەبەر دەمی خۆی دەڕوانێ. تۆزێکی نەرم لە قاچەکان ئاڵاوە.

من کە کراسەکەی دایکم گرتووە و سەیری دیمەنەکەی خوارەوە دەکەم، زیاتر خۆم بە دایکمەوە دەچەسپێنم. لەشکری گۆرانی، سەما و شایی ئارام ئارام لە ژێر ئێمەوە تێدەپەرێ. دەگەنە چوارڕێیانەکە و لەوێ دەترازێن و ئەوسا وندەبن. تەنیا دەنگ دەمێنێتەوە. ئەو دەنگەی وا ئەویش ئارام ئارام لە یەکێک لە کۆڵانەکاندا بۆ هەمیشە بزردەبێ.

باوەگەروە لە خوارەوە بە تووڕەیی هاواردەکا "ئەوە تەواو نەبووی؟"
دایکم بەپەلە دەگەڕێتەوە. پانتۆڵەکە لە خوارەوە چاوەڕوانیەتی.
نازانم بۆچی ئیستایش کە بیری ئەو رۆژە دەکەمەوە، وێنەکان بەردەوام رەش و سپین.

**ئازاری سارد**

کەرەبۆز زۆر رقی لە ئیشی قاچاخە. کە زستانی لێ دێت، خەم وەک تەم و مژی نزار لە کوێستانی سەری درێژ و چوارگۆشی دەئاڵێ و، چاوەکانیشی وەها خەمگین دەبن کە بەزەحمەت بۆی هەڵدێن. بگرە ئەم خەمە ئێستاکە بە هاوینیش بەرۆکی بەرنادا و بووە بە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی و چوار وەرزی ساڵ.

ئەو، رقی لەم بارە تەلیسە قورسانەیە کە تەنانەت خاوەنەکەیشی ناتوانێ بەرزیان بکاتەوە و بۆیە بۆ بارکردنیان پێویستی بە یارمەتیی پیاوانی ترە. ئەو پیاوانەی هەر هەموویان بۆنی گیا، گەنم، یۆنجە و دەوڵەت دەدەن و کەچی کە زستانیان لێدێ دەستدەکەن بەم کارە نالەبارە. تەلیسەکان ئاخنراوی کوتاڵن. ئەو کوتاڵانەی موویان بە بەیندا ناچێ و وەها لەتەنیشت یەکتر ئاخنراون کە تۆپیش چییە نایانبڕێ. کوتاڵە تۆکمە، پڕکێش و سەنگین ترەکانی لە بەردە سپییەکانی بەردەمی ئاوایی.

کەرەبۆز بە تەمەنی خۆی شتی وای لەبیر نایەت. سواری بوون، گزرەیان پێ کێشاوە، چیلکە و چەوێڵیان لێناوە و بگرە قەدی قورسی درەختیشیان پێ راکێشاوە، بەڵام قەت وەک ئێستا هەستی بە قورسیی بارەکەی سەر پشت و شانەکانی خۆی نەکردووە. دەڵێی گیانی دەکێشن. ئەو کە تەنیا ناوەکەی بیستووە "کوتاڵ"، لای

سەیرە و بیر لەوە دەکاتەوە کە داخۆ کوتاڵ دەبێ چی بێت. قەتیش هەڵنەکەوت لەبەرچاویا بارەکان بکەنەوە و بۆ یەک جاریش بێت ببینێ کە داخۆ ئەوە چییە ئاوەها ئێسک و پروسکی لێ داماڵیوە و پێستی بە لاشانەکانییەوە نەهێشتووە و وەها ژانێکی خستووەتە ناو مۆرەغەی پشتییەوە کە ئاسەوارەکەی لە هیچ شوێنێکی تری ئەم دونیا بەرینەدا نەبینراوە و نابینرێ. کەرەبۆز جاری وایە سەرهەڵدێنێ و بە چاوە خەمینەکانی سەیری کێوەکەی بەرامبەری دەکا و بیر لەوە دەکاتەوە رۆژێک دەبێ سەرئەنجام ئەوەندە بڕوا و ئەوەندە هەڵبێ کە خۆی ون بکا و بگاتە ئەو دیوی کێوەکە و بۆ هەمیشە لەم ئەرکە گران و زاڵمانەیە کە زیاتر لە ئەشکەنجە دەچێ، رزگاری ببێ؛ بەڵام داخۆ قەت بۆ ئەمە دەرفەتی دەستدەکەوێ؟... ئەبەد! مرۆڤەکان هەمیشە لێرەن،... لەم دەرووبەرە. هەمیشە چاویان لەسەرتە. گەر چاویشیان لەسەرت نەبێ، ئەوا پڕمە و زەڕە و کلک هەڵسووڕان و بای سکیش خۆ واز ناهێنن. ئاشکرات دەکەن، جا لە هەر شوێنێک بیت. کەرەبۆز سەردادەخا و بۆ حاڵی زاری خۆی بە ئارامی چەند قەترە فرمێسکێکی کەرانە دەڕێژێ. ئەو فرمێسکانەی وا هەمیشە مێشەکان لەوێن بۆ ئەوەی لێی بخۆنەوە و لەبەر گەرمای تاقەت پڕوکێنی هاویندا بێ بەزەییانە وشک نەبنەوە.

کەرەبۆز ئاگای لێبووە کە بارەکان سەرەتا بە تویوتا دەگەنە مووچەیەکی دووری ئەو دەورووبەرە. ئەوسا خاوەنەکەی، ئەو هەڵدەگرێ و پێکەوە ملی رێگا دەگرن و دەچن دەیهێنن و لە گوند بە دزییەوە لە خانوویەکی پەرتی دەهاون،... تا شەوی خۆی دێت. ئەو شەوەی کە زۆر خێرا دێت و کەرەبۆز دەبێ بە خۆی و کورتانە درێژەکەیەوە لە کاتێکدا خەڵکی ئاوایی بەرەبەرە دامرکاون و پرخەی خەویان دێت، لەوێ لەبەر دەمیا ئامادە بێت. ئەوجا لە دووای ئەوەی بەئەسپایی باری دەکەن، خاوەنەکەی کە بەجوانی خۆی پێچاوەتەوە و پاڵتۆیەکی یەکجار گەورەی لەبەردایە،

بەو مێزەر و ملپێچەوە دەڵەی تەگەرە ماشینە لە دەوری ملی ئاڵاوە، نەقیزەکەی تێدەوەشێنێ و ئیتر وەڕێدەکەون.

خاوەنەکەیشی چەندە بەپێچەوانەی رۆژانی کاری مەزرا لەم کاتانەدا مرۆڤێکی دیکەیە. هەر لە خۆوە، بێهۆ و بەهۆ تووڕە دەبێ و زرم لە شوێنێکی ئەم دەوەشێنێ. لەهەمووی ناخۆشتر ئەو کاتانەیە کاتێک دەچن کوتاڵەکە بۆ ناو دێ رادەگوازن، بە شەق، نە یەک جار و نە دوو جار، بگرە بێ ئەژمار لەژێر ورگی هەڵدەدا. لەم کاتانە ژان وەک هەژدیها بە ناو سکی گەورەیدا پێچ و لوول دەخوا و جاری وایە سەرەکەی کە ئاوری لێ دەبارێ دەگاتە دەمی و لەوێوە گڕدەهاوێ. ناو دەمی کەرەبۆز وەها گەرم و تاڵ هەڵدەگەڕێ کە زەڕاندنیش مەحاڵ دەبێ و هەرچی بکەی خۆی بەدەستەوە نادا کە نادا. قوڕ بەسەریشی گەر بیەوێ لە شەوە نووتەک و ساردەکانی بارلێنانیشی بزەڕێنێ! ئیتر دەبێتە کارەسات. لە جیاتی هەژدیهایەک ئەمجارە چەندین هەژدیها لە ناو سکی دا دەستدەکەن بە پێچ و لوول خواردن و هەر هەمووشیان دەیانەوێ بەیەکڕا خۆیان بگەیەننە ناو دەمی!

ئەو شەوەیش کە وەڕێ کەوتن، وەک هەموو شەوەکانی تری قاچاخ بوو. ئەم پێشکەوت و خاوەنەکەی وەک سێبەرێکی مەزن لە پشتییەوە بە نەقیزەکە بە دەستیەوە ملی رێگایان گرتەبەر. هەر لە سەرەتاوە خاوەنەکەی جۆرەیەک بوو. لە جارانی نەدەکرد. کۆکەیەکی وشکی هەبوو و هەناسەیشی زووزوو سوار دەبوو. بۆ ئەوەی لەم هەناسە سوارییە نەجاتی ببێ هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا. وەک هەمیشە لە قەراخ ئاواییەوە تێپەڕین. عەرز بە بەفر داپۆشرابوو. ئاسمانی ساماڵ بە ئەستێرە بێ ئەژمارەکانییەوە چاوشارکێیان دەکرد. لەناو ماڵەکانەوە گڕسۆزەکان بە ئاستەم دەئایسان. جاروبارە دەنگی گریانی منداڵ، بارەباری بزن و مەڕ، یاخود کاوێژی مانگا دەگەییە گوێ. ئەو بە گوێ زلەکانی هەموو ئەم دەنگانەی دەبیست و دەیتوانی

لێکیان جیابکاتەوە. چەندەیش لە دەروونەوە حەسوودیی بە هاوڕێکانیدا دەهاتەوە کە ئاوا لە تەویلەکاندا بە دوور لەسەرما و بەستەڵەک لە تەنیشت یەکترەوە، بەدوور لە خەمی سەرما ڕۆژیان دەکردەوە.

ڕێگاکە بەجوانی شارەزا بوو. دەیزانی دەبێ بەرەو کوێ بڕوات. بەڵام هەر لە خۆوە جاروبارە لایدەدا و ئەمە ئەو سێبەرە زەلامەی وا بە شوێنیەوە بوو یەکجار قەڵس دەکرد و بۆیە لەناکاو نەقیزەیەکی ناخۆشی بە لاکەلەکەدا دەکرا و ئەمیش سەر لەنوێ دەچووەوە سەر ڕێگای ڕاستی خۆی. ڕێگاکە سەرەوخوار بوو. دەبوایە بەرەو چۆمەکەی بەری ئاوایی بڕۆن. ئەو چۆمەی وا لە هەموو شوێنێکی تری ئەم دونیایە بە زستاندا ساردتر بوو. چۆمێک کە بەناو بەستێنێکی قووڵی گەمارۆدراو بە دوو تەنیشتی بەرز کە لێیەوە تەنیا ئاسمان دیار بوو، ڕێگای دەکرد. ئەوسا وردە بەردەکانیش کە چەندە هەنگاوهەڵهێنانەوە لەناویاندا زەحمەت بوو. هەموو جارێ سەرنگری دەدا و بە زەحمەت بەو بارە قورسەوە خۆی دەگرتەوە. جوێن و بۆڵەی خاوەنەکەیشی کۆتایی نەبوو:

ـ حەک ملت شکێ و هەڵنەستیتەوە کەرەبۆزی قن قوپاو!

چەمەکە ڕێک بەرەو شار دەچوو و دەگەییەوە یەکێک لە گەڕەکەکانی. چەمەکە لەم کاتەی ساڵدا بێوەی ترین ڕێگای قاچاخی بەرەو شار بوو. تا دەگەیشتن، چوار سەعاتێکی دەخایاند. چوار کاتژمێری چوار ساڵە. پڕ لە زوقم و هەڵەنگوتن و ترس و مژ. ئەرێ، مژ وەک چارشێوێک دەنیشتە سەر سەرتاسەری ڕێگاکە. کەرەبۆز دەیزانی هەر لەبەر ئەمە بوو ئەم ڕێگایان بۆ قاچاخ هەڵبژاردبوو. جاری وابوو چاو تا دوو سێ میتریی بەردەمی خۆی بە جوانی نەدەبینی. ئیتر ئەوە هیچ کە لەگەڵ هەنگاوەکان بەرەبەرە زوقم دەنیشتە سەر جەستەی هەر دووکیان و وەک ڕۆحی زیندوویان لێدەهات. دوو بوونەوەری سپی سپی لە هەناوی شەوێکی زستاندا. ئیتر

لەم کاتانەدا خاوەنەکەی لە سێبەربوون دەردەچوو و دەبوو بە هەیکەلێکی چەرمگ بەو سمێڵە بابڕ و سپی و برۆ بەستەلەکانەوە کە جگە لە تەسلیمکردنی بارەکەی بیری لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە.

باشە مەگەر کاری مەزرا چ عەیبێکی هەبوو کە ئاوا خوویان دابووە ئەم کارە؟ مەگەر رەوتی ژیان وەها نەبوو زستانان لەدووای کاری تاقەت پڕوکێنی بەهار و زستان و بەشێک لە پاییز بحەسێنەوە و لەبەر هەتاوی کەم تینی زستان لە بن دیوارەکان خۆیان هەڵخەن، تسبێح بهاون و باس لە دخڵ و دانی ساڵی رۆیشتوو بکەنەوە؟ مەگەر بەڵێن نەبوو تەنیا خۆیان بە کوورەی بەتین بسپێرن و گۆرەوی بازی و چای هەڵقوڕاندن بکەنە ناوەڕۆکی شەوانی داهاتوویان؟ کەرەبۆز بیری لەمانە دەکردەوە و لە پاڵ بێزارییەکەیدا رقێکی ئەستووریش سەری هەڵدەدا. ئەو لە مرۆڤ نەدەگەیشت. ئەو بینیبووی خاوەنەکەی کاتێک بارەکەی لە یەکێک لە خانووەکانی قەراغ شاردا تەسلیم دەکرد و بەو شەوە نووتەکە ئەسکەناسەکانی وەردەگرت، چەندە سیمای بەستەڵەک ئاسای گەرم دەبووەوە و بزەکانی سەرتاسەری روخساری وەک شمشێر دڕپێدەدا. ئەم ئەسکەناسانە بەڕاستی چیبوون؟

دەنگی سمی لەسەر بەردەکان تێکەڵ بە خوڕەی ئاوی چەمەکە دەبوو و دوواتر لە ناو لاپاڵە بەرزەکاندا دەنگی دەدایەوە و دەمرد. هاوینیان جاری وابوو لێرە لەم گۆمانە مەریان دەشۆرد. هەموو جارێک کە لێرەوە تێدەپەڕین لەبەر خۆیەوە دەیگوت "ئاە، یادی بەخێر!" ئەمەی دەگوت و دەڵێی یەکێک لەم شەوانە دوواشەوی تەمەنی دەبوو. ئەو ئەمەی لە نیگا پڕ لە ترسەکانی خاوەنەکەیەوە خوێندبووەوە. ئەو نیگایانەی لەهەر سەفەرێکدا دیسان بەزەقی خۆیان دەردەخستەوە و وەها لە خاوەنەکەی دەئاڵا کە دەڵێی ئەوە ترس بوو لەو شەوانەدا سپی سپی بە نەقیزەیەکەوە لەناو مژی چەمدا رێگای شاری دەبڕی.

ئەم شەویش وەک هەمیشە هەستی بە سەرمایەکی سەیر بەتایبەت لە ژێر سکی و لە نێوان رانەکانیدا کرد. باشییەکەی ئەوە بوو کاتێک لە شار نزیک دەکەوتنە، خاونەکەی چیتر ئەوەندە نەقیزەی لێ نەدەوەشاند و بەڵکو بە پاڵ پێوەنان راستی دەکردەوە. بگرە جوێنیشی نەدەدا. بێدەنگییەکی سەیر دایدەگرت، بێدەنگییەک کە هەستی دەکرد بە بێ ویست ئەمیشی دەگرتەوە.

ئەژنۆکانی دەلەرزین. جاری وابوو هەستی دەکرد چیتر ناتوانێ خۆی لەسەر پێ راگرێ، بەڵام مەگەر دەکرا! ئەزموونی ئەم سەفەرانە پێی دەگوت کە دەرکەوتنی ماندوویی نیشانەی نزیک کەوتنەوە لە خانووە قێزەونەکە بوو. بۆیە بەو هومێدەوە لە کاتیکدا بەسووکە لایەکی دەکردەوە و لە شەبەحەکەی پشت سەری خۆی دەڕوانی، گوێی بۆ دەنگە ئیستا ئاشناکانی شاریش رادەداشت کە یەکجار لە دەنگی گوند جیاوازتر بوون. لێرە لە شاریش خاوەنەکەی زیاتر لێی نزیک دەکەوتەوە. ئەمەی یەکجار پێ خۆش بوو. جاری وابوو بۆ ئەوەی ئەم خۆشحاڵییەی خۆی پیشان بدات، زیاتری دەنرکاند. نرکاندنێک لە قوڕگدا و وەک نازێکی کەرانە بۆ راکێشانی سەرنجی خاوەنەکەی.

بەڵام ئەمشەو دیسان جۆرێکی تر بوو. رێک لەکاتی بارلێکردنی مرۆڤەکان هەڵسوکەوتیان لەچاو جاران جیاوازتر بوو. زیاتر دووابوون و باسی شتێکی ترسناکیان کردبوو. کە وەڕێیش کەوتبوون خاوەنەکەی جاروبارە رایدەگرت و گوێی رادەداشت. کەرەبۆز ئەمەی پێ خۆش نەبوو، بەڵام بەناچاری ملی دەدا و چاوەڕوانی فرمانی ساحیبەکەی دەمایەوە. راوەستانەکان یەکجار بۆی ناخۆش بوون. رێگا درێژتر دەبوو و بۆیە بارەکە زیاتر بە سەر شانەکانییەوە قورسایی دەکرد. ئەمشەو هەم زوقمی زیاتریان لێ نیشتبوو و هەم ئەژنۆکانیشی زیاتر دەلەرزین. بیری دەکردەوە باشە مەگەر باشترین شێوازی رێگابڕین هەر ئەوە نیە ملی بۆ

دابخەیت و گوێ بە هیچ نەیەت و بۆی بڕۆیت؟ مەگەر هەموو کەرێک هەر ئاوا ناگاتە شوێنی مەبەست؟

زەمەن تێدەپەڕی. هەنگاوەکان دەیانبردن. وشکەکۆکەکان بەردەوام بوون. هەناسە قووڵەکانیش. ئەگەرچی مژ هەموو رێگاکەی داپۆشیبوو، بەڵام هەستت بە گۆڕینی حاڵ و هەوای رێگا دەکرد. بە مەزەنەنەی خۆی ئەوەندەیان نەمابوو بگەنە گەڕەکەکەی قەراخ شار کە خاوەنەکەی پێشی کەوت و رایگرت. ماوەیەکی باش بە بێدەنگی هەر وا مانەوە. لەبەر دەمیاندا دووایێچی سەر رێگاکە بوو. لەوێ ترازابان تا خانووە نەگبەتەکە ئەوەندەی نەدەما. بەڕێ کەوتنەوە، بەڵام خاوەنەکەی دیسان رایگرتەوە. ئەمجارەیان زیاتر مانەوە. خاوەنەکەی ئیستاکە لەناو ملپێچەکەیدا دەکۆکی. زۆر خراپ. جاروبارە تفێکی خەستیشی رۆدەکرد. کەرەبۆز بێ قەراری دەکرد. هەڵمی هەناسەی خەست خەست لە لووتەکانییەوە هەوایان دەدڕی. خاوەنەکەی بەمە رازی نەبوو، هەوساری کەرەبۆزی گرت و کەمێک لە رێگا لایاندا، پاش ماوەیەکی کورت کۆلکەدارێکی دۆزییەوە و کەرەکەی پێوە بەستەوە و بۆخۆی ملی پێوە ناو و لە ناو تاریکایی بەردەمیاندا ونبوو. کەرەبۆز ورد لێی روانی، ئەوسا بەتەمای بژیوی لچە ئەستوورەکانی بۆ زەویی بەردەمی برد. ئەمشەو چەندە هەموو شتێک بێسوود دەهاتە بەرچاوی. بە ئەزموونی خۆی دەیزانی کاتێک بە شتێکەوە بەستیانەوە دەبێ لەوێ بمێنێتەوە هەتا خاوەنەکەی دێتەوە. خاوەنەکەیشی هەمیشە دەهاتەوە. ئەوان قەت بزر نابن. ئەو قەت کەرەبۆزی لەبیر نەدەکرد. کەرەبۆز خولێکی بە دەوری خۆیدا دا و رێک رووبەڕووی چەمەکە راوەستا کە ئیستاکە ئەگەرچی بەردەوام دەنگی دەهات، بەڵام دیار نەبوو. کتوپڕ هەستی بە تینوویەتی کرد. بزوا، بەڵام کۆلکە دارەکە رایگرت. تەواوی جەستەی دەلەرزی. کوتاڵەکان دەڵێی چنگیان بۆ زەوی دەبرد و دەیانویست خۆیان بگەیەننە

سەری و لەوێ بۆ هەمیشە دابمەزرێن و لەنگەربگرن. چەند بێ بەزەییانە خۆیان دەسەلماند. شەو وەک هەمیشە بوو. نە زیا، نە کەم. لە ناو ئەو مژە قورسەدا هەموو شتێک چەند ئاسان دەیتوانی خۆی لەبیر بباتەوە.

زەمەن گوزەرا. بەڵام خاوەنەکەی پەیدای نەبوو. کەرەبۆز هیچ دەنگێکی وەهای نەبیستبوو گوێکانی پێ قوڵاخ بکا، باشە چی روویدابوو؟ کەرەبۆز گوێکانی جووت کردن و بەرەو پێش قیتی کردنەوە. هەواڵێک نەبوو. ئەوسا بەم لاو لادا وەری چەرخاندن،.... دیسان هیچ هەواڵێکی تایبەت نەبوو. قاچەکانی دوواوەی هەتا دەهات زیاتر کەوانی دەبوون. کلکی سیس بە ناو گەڵیا شۆڕ ببووەوە. جارێکی تر بیری گوند کەوتەوە، بیری هاوڕێکانی لەناو تەویلەکاندا. هاڵاو و بۆنی گەرمی جەستەکان هات بە لووتیدا. خوا لە خۆوە تەویلەی نەخوڵقاندبوو.

دیسان زەمەن گوزەرا. قاچەکانی قەفێکی تریشیان تێکەوت. کوتاڵەکان ئیستا لە دوواوە خەریکبوو دەگەیشتنە زەوی. ئارەقی جەستەیشی سارد ببووەوە و ئەمجارە وەها سپی هەڵگەڕابوو کە لە زەوی جیا نەدەکرایەوە. توێژاڵێکی ئەستووری چەرمگ ببووە بەرگی جەستەی. تەنیا دوو کونی چاوەکانی رەش دەچوونەوە. دیسان چەند سووڕێکی تری بە خۆی دا. گوریسەکە لە قاچەکانی پێشەوەی ئاڵا. گەییە بن و کەمێک لە زوقمەکەی ژێر سکی رووشاند. هەستی بە ئازارێکی سارد کرد. پڕماندی. بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو. شەو کتوپڕ یەکجار تەنیا ببوو.

هاوینان لە مەزرا، نیوەشەوان کاتێک گزرەیان دەکێشا، هەموو جەستەی دەبوو بە تۆز: تۆزی خۆڵ و تۆزی گیای گێرە. مرۆڤەکانیش کە خەواڵوو هەموو شەو تا بەیانی لە مووچەوە تا گوند و لەوێوە تا مووچە بە شوێنیانەوە لە هات و چوودابوون، جاری وابوو وەها وەنەوز دەیبردنەوە کە لووتیان بە پاشەڵی ئەودا دەتەقییەوە. بیری شەوانی هاوینی کردەوە. ئەو شەوانەی مێشەکان زەفەریان

پێنەدەبرد و بۆیە ئەو ناچار نەبوو ئەوەندە کلک و گوێ هەڵسووڕێنێ. مرۆڤەکانیش ئەوەندەماندوو و ئەوەندە خەواڵوو بوون تاقەتی نەقیزە وەشاندنیان نەدەما. شەوانی هاوین، شەوی ئەوان بوو،.... شەوی کەرەکان.

قاچەکانی کووڕ کووڕ دەبن. دەچەمێنەوە. چۆک دادەدا و لەسەر عەرزە سارد و بەستەڵەکەکە پاڵ دەکەوێ. بیردەکاتەوە شەوانی زستان ناخۆشترین کاتەکانی ژیانن. لەمە خراپتر نابێ. بەتایبەت کە بە بارێک کوتاڵەوە بە ناو چۆمی پڕ مژ و زوقماویدا بەرەو شار بڕۆیت، شارێک کە هەمیشە لێوالێوی دەنگە سەیر و سەمەرەکانە. ئەو دەنگانەی جگە لە دڵەڕاوکێ هیچی تر لە خۆیان ناهێنن.

چاو هەڵدێنێ و لە دەورووبەری خۆی دەڕوانێتەوە. رووانینێکی بێسوود. خاوەنەکەی دیار نیە، باشە ئەوە بۆ کوێ چوو؟... خۆ بەڵێنمان ئەمە نەبوو! داخۆ چی دەبێ گەر وەک جاری جاران، وەک هەمیشە بگەڕێتەوە؟ هەست بە سەرمایەکی سەیردەکا. هەوڵدەدا هەستێتەوە. تەکانێکی قورس لەخۆی دەدا، بەڵام قاچەکانی لە هیچ گیرنابن. بارە کوتاڵەکەیش ئەوەندە قورسە و جەستەیش ئەوەندە ماندووە کە تەنیا بە دەوری خۆیدا سووڕدەخواتەوە. ملی بەلادا دەخا. بەڵێن دەدا گەر خاوەنەکەی هاتەوە کارێک بکا ئەمجارە بە بێ نەقیزە هەموو رێگای شاری بپێوێ،... بەس ئەوەندەی تەنیا بتوانێ هەستێتەوە سەر قاچەکانی. بەڵێن دەدا بۆ یەک چرکەیش بێت چیتر بیر لە هاڵاوی گەرمی ناو تەویلەکان نەکاتەوە،... بەس ئەو، بەس خاوەنەکەی ئەمشەو بێتەوە.

دیسان سەردەخاتەوە سەر زەوی.

دونیا خەریکە رووناک هەڵدێ. مژەکە تا دێت خەست و خەستر دەبێتەوە. سەرما وەک مشار جەستە دەبڕێ. لەشی سڕسڕە. جاری وایە هەست دەکا دەڵێی هیچ بارە کوتاڵێک بە پشتییەوە نیە. سووک سووکە. نەکا خاوەنەکەی کاتێک ئەم ئاگای لێ

نەبووە هاتبێ و بە کەرێکی تر بارەکەی بۆ شار بردبێ! رقی لە خۆی دەبێتەوە. نانا،... شتی وانابێ. تەنیا ئەمە لەو ئاواییە دەتوانێ ئەم رێگایە ببڕێ و بە سەلامەتی کوتاڵ بگەیەنێتە شاری، شاری قێزەون! ئەو تاکە قارەمانی ئەم ناوچەیە. ناوبانگی داخستووە. ئەو لەمێژە ئەم توانایەی خۆی سەلماندووە. تەکانێک لەخۆی دەدا بۆ ئەوەی هەستێتەوە سەر قاچەکانی، بەڵام دەڵێی شتێک لە زەوییەوە بە مەحکەمی رایگرتووە و بە زۆر ناهێڵێ ئەم رابێتە سەر پێ. تەکانێکی تر لە خۆی دەدا. ئەمجارەیان یەکجار بە تین تر و قورستر. دەڵێی شتێک دەدڕێ و لێ دەبێتەوە. لە جەستەی. دەی چاوی دەرێ، با بدڕێ و لێ بێتەوە، بەم چی! ئەوسا گوڕمێکی زۆر بە هیزی تر لە خۆی دەدا. ئەمجارەیان دەتوانێ،... دەکەوێتە سەر قاچەکانی،... قاچە لەرزۆکەکانی. بەڵام،... بەڵام بارەکە وەها خوار بووە کە بەلادا دێتەوە. نەفرەت لە کوتاڵ! لەم کاتانەدا ئەو دەهات و بارەکەی دەکردەوەو یارمەتی دەدا هەستێتە سەر پێ و ئەوسا بەجوانی دیسان بارەکەی لێ دەنایەوە. ئاه ئەو! جارێکی تر چاوە خەمگینەکانی بە چواردەوریدا دەگێڕێتەوە. هەستدەکا لە شارەوە دەنگە سەیروسەمەرەکان زیاتر بوونە و زیاتر دێنە گوێ، هەر لەو ساتەیشدا هەست بە گەرمایەک لەژێر سکی، لە ژێر جەستەیدا دەکا. شتێکی گەرم، گەرمی رەوان. گەرمی خۆش. شتەکە تا دێت بەشێکی زیاتری ژێر جەستەی دەگرێتەوە. چ لەززەتێکی هەیە!

کەرەبۆز تا دێت زیاتر خۆی دەداتە دەست ئەم لەززەتە. بگرە کەمێک بە جەستەیشی کایەدەکا بۆ ئەوەی گەرماکە بەشێکی زۆرتری ژێر سکی بگرێتەوە. دونیا بەم بەیانییە زووە چەند سپی هەڵگەڕاوە. سپی بوون تا ئەوپەڕی خۆی. ئەو سپییەی وا خاوەنەکەی لەوێ لە شوێنێکیدایە. رێک وەک چۆن ئەمیش لە شوێنێکی تریەتی.

با وابێ!... هەمیشە وەها بووە. هەر کەس لەم دونیایە، چ کەرەبۆز بیت و چ نەبیت، رۆژێک دەبێ سەر بخەیتە سەر زەوی. جا چ لە شەوێکی زستانیی زوقمی قەراخ چۆمێک بێت، یان لە هاوینێکی پڕ مێش و مێشوولەی مەزرا، کاتێک جاروبارە بیر لەو دیوی کێوەکە دەکەیتەوە.

کەرەبۆز لە بوومەلێڵی خەیاڵ و بیرەبیرەکانیدا هەستدەکا گوێی لە کۆکەیەکی وشکی بەئاستەمە. لەوێ لەو دەورووبەرە، رەنگە کەمێک واوەتر. گوێکانی بەرەو شوێنی دەنگەکە قوڵاغ دەکا. بەڵام بێسوودە، نە دەنگی کۆکەیەکی تر دێت و نە دەنگی هەناسەیەکی قووڵ بۆ راستکردنەوەی هەناسەسواری.

هەموو شتێک ئێستاکە تەنیا زوقمێکی سپییە،... سپی سپی.

کەرەبۆز بیردەکاتەوە گەر شاعیر بایە، شیعرێکی لە ژێر ئەم سەردێڕە دەنووسی،... ئا، بێگومان دەینووسی.

## پۆستە فەیسبووکییەکان

دانیشتووم و سەیری فەیسبووک دەکەم. ئارام دەست بە مووسەکەدا دەنێم و بەسەر سەفحەی کۆمپیوترەکەدا سەرەوخوار دەبمەوە. پۆستەکان بێ ئەژمارن. لە هەموو چەشنێک. بەڵام لەبەر ئەوەی هاوڕێیانی فەیسبووکیی من زۆربەیان سیاسین، یاخود باشتر وایە بڵێم حەزیان بە سیاسەتە، زۆربەی پۆستەکان هەر بەو پێیە سیاسین. باسی دەوڵەت، سەرکوت، زیندان و ماوەیەکیشە باسی کۆڵبەرەکانی سەر سنوور کە بێ بەزەییانە دەکوژرێن. ئەوسا پۆستە ئەدەبییەکان و پاشان پۆستە رەش و سپییە نۆستالۆژییەکان. نووسراوە کورتەکانی ژێر وێنە کۆنەکان. کۆڵانەکانی جاران، ئەو گەڕەکانەی لەبیرچوونەتەوە، وێنە رەش و سپییەکان کە دڵ ئەوەندە تەنگ دەکەن کە بەو شەوە درەنگانە دەبێ هەستی و بچی پەنجەرەکە بکەیتەوە بۆ ئەوەی بە هەڵمژینی هەوایەکی فێنک و تازە، ژیان بە بەری سییە لەپەڕ ژاکاوەکانتدا بکەیتەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەناسە هەڵکێشان زەحمەتە، بەڵام ئەمشەو بڕیاردەدەم بەناو ئەم جۆرە پۆستانەدا بێم و بچم. بە پەنجەرەیەکی کراوەوە. باشتر بڵێم، پۆستەکان و وێنەکان بڕیارم پێدەدەن. وەک بڵێی دەستێک لەناو کۆمپیوترەکەمەوە دێتە دەر و یەخەم دەگرێ و بەزۆر لەگەڵ خۆی دەمبا. ئەمردەکا لێرە بمێنمەوە. منیش دەمێنمەوە و

لەگەڵ پۆستەکان دەڕۆم. ئارەزوومەندانە مل دەدەمە زەختی دەستی بەهێزی و هەنگاو هەڵدێنم.

ئەمشەو پۆستە نۆستالۆژییەکان زۆرن. شاعیرەکانیش لەگەڵیا بزواون و ئەوەندەی تر دیمەنەکە بەهێزتر دەکەن. من پەنجەرەکە داناخەم و خۆم بۆ درێژەدانی سەفەرێکی ترسناکی ئاشنای تر ئامادەدەکەم.

نازانم چەندە لە شەو تێپەڕیوە، بەڵام من هەروا دێم و دەچم، جەستە بە بێ جووڵان بەسەر باڵێ نیگا، خەیاڵ و ئەندێشەوە لە گەڕانێکی دیجیتاڵیدایە. مەچەکم ماندووە. ئەگەرچی دەستی چەپ عادەتی نیە، بەڵام مووسەکە دەدەمە دەستی.

دیسان کات بەردەوام وەک هەمیشە لە تێپەڕیندایە. نازانم چەند جار مووسەکەم ئەم دەستاودەست کردووە، هەر ئەوەندە دەزانم نەک هەر دوو مەچەکم بەڵکو ئەمجارە مل و سەر و چاوەکانیشم دێشێن. لە دژکردەوەیەکی خۆبەخۆدا سەرئەنجام مووسەکە فڕێدەدەم و پاڵدەدەمەوە. دەستێک بە روخساری ماندوومدا دەهێنم، چاوەکانم جوان جوان هەڵدەگڵۆفم، ملێکی بۆ دەگەڕێنم، دەیتەقێنم و ئەوسا بە چاونووقاندنەوە هەر دوو دەستم قوفڵدراو لەسەر تەوێڵم، پاڵدەدەمەوە.

دونیای پشت چاوەکانم رەش و نووتەک نین. وردە سپییە سەرگەردانەکان تێیدا لە بەستێنی رەشیەتیدا دێن و دەچن. جاری وایە هەستدەکەم تیشکێکی کەم هێز لە گۆشەوە خۆ بە ژوورەوەدا دەکا و زۆر خێرا وندەبێتەوە. جەنجاڵێکی سەیرە. گەر رۆژ بووایە بێگومان دەچوومە باڵکۆنەکە و لەوێوە سەیری شاخ و دیمەنە دوورەکانم دەکرد. لەم هەموو نزیک بینییە و لەم هەموو دیمەنە ونە یەکجار دوورانەی ناو زەمەن و شوێن کە ئێستاکە لە کۆمپیوترەکەدا تەنیا بستێک لە چاوەکانم دوورن، وەڕەزم. بڕیاردەدەم جارێکی تر ئەوەندە خۆمیان پێوە ماندوو

نەکەم. هەر جارە و کۆمەڵێک وێنە و چەند گوتەیەک بەسن. دەبێ ئاگام لە سەلامەتیی خۆم بێت.
گوێم لە دەنگی پێی دراوسێکەی قاتی سەرەوەیە کە لە ناو جێگاکەی هەستاوە و خەریکە دەچێ بۆ ئاودەست. هەنگاوەکانی دەژمێرم. وەک هەمیشە لە رۆیشتن و گەڕانەوەیدا بیست و پێنج تا سی هەنگاون. گوێم لە دەنگی سیفونی ئاودەستەکەیشە. ئەوەندەی پێناچێ دونیا دیسان بێدەنگ دەبێتەوە. چەند دڵۆپە بارانێک خۆ بە پەنجەرەکەدا دەکوتن.
سەرئەنجام رادەبم. وەک دراوسێکەم دەکەم. هەڵبەت لە گەڵیا دیانەکانیشم دەشۆم. دیانە رەنگ بۆرەکانم کە حەزم دەکرد سپی بن. کەمێک لێیان رادەمێنم. پارێکە پارەیەکی زۆرم تیا خەرج کردن. دکتور وتی گۆشتی دیانت بەتووش نەخۆشییەوە بووە. پرسیاری کرد داخۆ دایک یان باوکم خاوەنی ئەم نەخۆشییە نین. من کە دایک و باوکم وەک بوومەڵێلێک لە بیرە هەروا لێی رادەمێنم. ئەوسا پرسیاری سیگاری لێکردم. وتی بە قەندیشەوە چایی مەخۆ. وتی هەموو جارێ دەبێ دوو خولەک دیانم بشۆم و نێوانیشیان جوان خاوێن بکەمەوە. ئەوسا بە فڵچەیەک و بە پەتێکی دیان، لەسەر تاقمێکی دیانی دەستکرد پیشانی دام. چەند تەریق دەبوومەوە!
ئەگەرچی تا هەفتەیەک دووای ئەمە من لەسەر فەیسبووکیش زۆر سەرنجم دەچووە سەر ئەو پۆستە دەگمەنانەی وا لەسەر دیان و چۆنیەتیی پاک و خاوێنکردنیان بوون، بەڵام پۆستە سیاسی هەمیشەییەکان زۆر خێرا لە بیریان بردمەوە.
ئەمشەو بڕیاردەدەم لەجیاتی تەختی خەوەکە، کە لە ژوورێکی بچووکدایە، لە سەر مۆبلەکان بخەوم. جاروبارە خۆشە. لەوێ هەندێ جار باشتر خەوم لێدەکەوێ. ئەمشەویش کە یەکێک لە شەوە جەنجاڵەکانە وا باشە لەوێ بخەوم. کۆمپیوترەکە

دەکوژێنمەوە، بۆ ژێر مۆبلەکە پاڵی پێوەدەنێم و لە پاش کوژاندنەوەی گڵۆپەکە پاڵدەکەوم. دەنگی هۆڕنی سەیارەیەک لە دوورەوە بە ئاستەم خۆ بە ژوورەکەدا دەکا. لەگەڵ ئەوەی هەوڵدەدەم بیر لە شتی تر بۆ وێنە بیر لە کارەکەم، ئەو کێشەیەی لەوێ هەفتەی پێشوو هەمبوو، بکەمەوە؛ بەڵام خەیاڵم زووزوو دەگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمپیوترەکە. ئەم شانە و شان دەکەم و بەدەنگی بەرز بەخۆم دەڵێم "وازبێنە!" بەڵام بێسوودە. دیسان پۆستە سیاسییەکان، کۆڵبەرەکان، پۆستە شیعرییەکان و وێنە رەش و سپییەکان دێنەوە بەرچاوم. یەک بە دووای یەکتردا و دوواتر لە خولێکی شپرز و بە بێ هیچ چەشنە یاسا و رێسایەک. ئەوان تەنیا دێن. بێ بەزەییانە. دەستێک رادەوەشێنم. پرتە و بۆڵەیەک دەکەم. دیسان بێسوودە. کۆمپیوترە خامۆشەکەی ژێر مۆبلەکەی ژێرم وازناهێنێ. نادڵنیا لەوەی داخۆ بەڕاستی کوژانوومەتەوە، خۆم خواردەکەمەوە و سەیری دەکەم. نا،... کوژاوەتەوە! ئەو پێش من خەوی لێکەوتووە. قومێک لە پەرداخی سەر مێزەکەی بەردەمم دەدەم و، دیسان پەتووەکە بەسەر خۆمدا دەکێشمەوە. جەستەم ماندووە، کەم کەم خەریکە خۆی دەکاتەوە. هەست بە ئاسوودەییەک دەکەم. بە خۆم دەڵێم "ئەوەندە ناخایەنێ خەوت لێدەکەوێ." ئەوسا دیسان وێنەکان دێنەوە: پۆستە شییعرییەکان، وێنە رەش و سپییەکان، کۆڵبەرەکان و پۆستە سیاسییەکان. ئەمجارە نەک وەک تاوێک لەوە پێش، بەڵکو بێ هێزتر و لاوازتر، لە خولدانەوەیەکی ئارامتر و پچڕپچڕتردا. لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان زیاتر لەوانی تر بەرجەستە دەبنەوە. هەست بە ئارامی جەستە و ئارامیی مێشکم دەکەم. لەبەر خۆمەوە دەڵێم "کات درەنگە و ئیتر نۆرەی ئێوە نیە." وە نۆرەی ئەوان نیە؛ بەڵام لەجیاتی ئەوان خەریکە شتێکی تر نەرم نەرم دێت. ئەو شتەی وا ئەمشەویش هەوڵمدا بیری لێ نەکەمەوە. زەینم بە بێ ویستی من ئارام ئارام رێگا و جێگای بۆ دەکاتەوە. گێنگڵ دەدەم. بەتەمای دوورخستنەوەی سەرم دەخەمەوە ژێر پەتووەکەوە.

بەڵام بێسوودە. شتەکە زەق و زیندوو، ئەمشەویش لەبەردەممدا، لەو سەر، قوت دەبێتەوە. گلەیی!

گلەیی لەوبەر مۆبلەکە دانیشتووە و لە من دەڕوانێ. من لە ژێر پەتووەکەوە ئاگام لێیە. ئەو وەک هەمیشە پەلەی نیە. دانیشتووە و چاوەڕوانە. سەرئەنجام داخۆ واز لە خەوی ئەمشەویش دێنم یان نا. بەتانییەکە لەخۆم دەکەمەوە، هەڵدەستم و دادەنیشم. هەنیشکەکانم دەخەمە سەر ئەژنۆکانم و کووڕ بە ملی رۆچوومەوە لەناو شانەکانمدا لێی دەڕوانم.

ـ ئەمشەو ئیتر چیت دەوێ؟... ماندوو نەبووی؟

ـ من چیم دەوێ؟... سەیرە!... مەگەر بۆ خۆت وەک شەوانی تر بانگت لێ نەکردوومەتەوە؟

ـ من؟... ئەبەد!

بەڵام گلەیی ناشەمزێ. وەک هەمیشە بەپێچەوانەی دەروونی هەڵچوویەوە لە رواڵەتدا ئارامە. پەتووەکە بە تەواوی لەخۆم دەکەمەوە و ورد لێی دەڕوانم:

ـ دەزانم خەتای خۆمە، پەنجەرەکەم پێوەنەدابوو.

ـ نا من لەوێوە نەهاتووم. لەوە گەڕێ، پێم بڵێ چیت دەوێ؟ هەموو جارێ دێم و کەچی هیچ ناڵێی!

من کە دەزانم ئەم قسەوباسە وەک هەمیشە بێسوودە، هەوڵدەدەم بەجۆرێکی تر بدوێم:

ـ من هیچ گلەییەکم نیە، یەعنی هەمبوو، بەڵام ئیستاکە نەمماوە.

ـ باوەڕەت پێناکەم!

ـ بۆ باوەڕم پێناکەی؟ باوەڕبکە من ئیستا ئیتر هیچ گلەییەکم نەماوە، بە من چی دونیا سەری بە کوێوەیە.

- دڵنیای؟

- دڵ... نیام،... ئا باوەڕبکە دڵنیام.

بە پەنجە ئاماژە بە ژێر مۆبلەکە ئەو شوێنەی من لێی دانیشتووم دەکا و، دەڵێ:

- شاهیدم هەیە.

- ئەگەر،... ئەگەر مەبەستت پۆستەکانی ئەمشەوە ئەوە هەڵەیت، مەگەر هەموو خەریکی ئەم کارە نین؟ دەی خەڵک لە ناو فەیسبووکدا چی دەکا؟ ئەمە نەکەن ئیتر دونیا بۆیان هیچ مانایەکی نامێنێ. منیش تەنیا حەزدەکەم سەیریان بکەم.

- گوێ بگرە ئێمە هاوڕێی کۆنین، لەمێژە یەکتر دەناسین. هەر لەو کاتەوە تۆ گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوویت هەتا ئەم ساتەوەختە. تۆ هەموو ژیانی گەورەساڵیت لە سەر من، لەسەر گلەیی، بونیاتنراوە. بۆ خۆتی لێ گێل دەکەی؟

- ئا ئەو ساڵانە وابوو. گلەییم زۆر بوو، هەر زۆر زۆر، لە بوون، لە گەردوون، لە خۆم، لە تۆ، لە ئەو، ئەسڵەن لەهەموو شتێکی ئەم دونیایە و بگرە ئەو دونیایەیش دیارە گەر هەبێ،... گلەیی لە خودا و لە ژیان و لە مردن؛ بەڵام ئیستا هەموو با بردنی، من و خۆم پێکەوە ماوینەتەوە... تەنیا تەنیا بەجووت؛ بە چ زمانێک بڵێم من گلەییم نەماوە.

- پێم وابێ ئالێرەدایە هەڵەدەکەی، کە خۆت لەگەڵ خۆتدا مابیتەوە مانای ئەوەیە دیسان کەسێک هەیە ببێتە هۆکاری گلەیی. ڕەنگە زیاتر لە جاران. پێت وانیە هەر ئەمەیشە دەتابەوە ناو کۆمپیوترەکەت؟

ماوەیەک بێدەنگی زاڵدەبێ. ئەوسا دەڵێم:

- ئەمەیان ئیتر عادەتە عادەت. خۆ ناکرێ شتێک پیاو عومرێک خووی پێگرتبێ و کتوپڕ وازی لێ بێنێ، بگرە ڕەنگە بۆ هەموو ساڵەکانی داهاتوویش پیاو هەر وا بژی، ئەمە شتێکی ترە.

گلەیی هەڵدەستێ. بە ناو ژوورەکەدا سوورێک دەخوا و سەیری وێنەکانی سەر دیوارەکان دەکا. وێنە رەش و سپییەکان بە شیعری شاعیرەکانەوە، وێنەی پیاوە سیاسییە گەورەکان و وێنەی کۆڵبەرەکانی سەرسنوور و... .

ـ بەهەرحاڵ من هەر دێمەوە. یەعنی تۆ دەمهێنیتەوە. بۆیە هەرچی زووتر ئەم بارە لە سەر شانەکانی خۆت سووک کە!

ـ کام بارە؟

ـ ئیتر خەریکی دەبیتە ئەوانەی وا نایانەوێ بیسەلمێنن. ئەوەندە ئینکار مەبە!

ـ ئینکار نیم،... من تەنیا باوەڕم وەهایە کە دونیا عادەتە، یەعنی دەبێتە عادەت، وەک هەموو شتەکانی تر. کۆڵبەرەکان لەسەر سنوورەکان دەمرن، پیاوە سیاسییەکان لەسەری دەدوێن، شاعیرەکان فرمێسکی لەسەر هەڵدەڕێژن و ئەوسا پاش ماوەیەک وێنەکان دەبنەوە بە رەش و سپی. ئەو وێنە رەش و سپیانەی وا خەڵکی لایان وایە باشترین ساتەکانی ژیانیان بووە!

ـ خەریکە رۆژ دەبێتەوە، دەبێ بڕۆم. دیارە سبەی شەویش لێرەم. زیاتر قسەدەکەین.

ـ نا، تکایە ئیتر وازبێنە، مەیەوە،... قەت قەت!

پاڵدەکەومەوە و پەتووەکە دەدەمەوە بەسەر سەرمدا. وەک هەمیشە دەزانم ئەو پێش رۆیشتن بۆ ماوەیەکی تر دادەنیشێتەوە. گلەیی پەلەی نیە. پەتووەکە لادەدەمەوە و بە دەنگێکی مکوڕ دەڵێم:

ـ من ئیتر گلەییم نەماوە، لەبەر ئەوەی بێسوودە. ساڵان من ئەمەم نەدەزانی، بەڵام ئیستا دەزانم. مەگەر تۆیش لە ماڵەوە سەیری کۆمپیوترەکەت ناکەی؟... مەگەر تۆیش بەردەوام سەیری وێنە و قسە دووپاتکراوەکان ناکەی؟

گلەیی وەڵام ناداتەوە. من دیسان پەتووەکە دەکێشمەوە بەسەر خۆمدا. دەزانم ئیتر کاتیەتی بڕوات. دەڕوات.

لە پاش چەند خولەکێک رادەبمەوە. پێکەنینم بە خۆم دێت. گەر هەموو شتێک دووپاتکردنەوەیەکی بێسوودە، بۆچی ئەو، گلەیی، وا نەبێ؟
کۆمپیوترەکەم لەژێر مۆبلەکەم دەهێنمەوە دەرەوە و، رۆشنی دەکەمەوە. من دەبێ وەک هەمیشە ئاگام لە دوواهەواڵ و لە دووا پۆستە بێسوودەکان بێت.

## ئەو شەوەی لە پشت ئاشان بووم

ئێوارەیکی ساڵی ٢٠١٧ ڕێم کەوتە پشت ئاشان. پشت ئاشانی بناری قەندیل. ئێوارەیەکی بەهاری بوو. کە گەیشتم گوند چۆڵ بوو. کەسی تیا نەبوو. تەنیا خانووەکان مابوون، ئەوانیش بە کاولی. قەندیل بە هەیبەتی بێ وێنەی خۆیەوە سێبەری بەسەردا کێشابوو. بایەکی سازگار خۆی بە ناو گونددا دەکرد و بەسەر رووبارەکەدا دەگوزەرا و دوواتر لەناو دارستانەکەی ئەوبەر ئاوایی ونددەبوو. گوێم لێی بوو هەتا بزردەبوو بەچرپە لەگەڵ گەڵاکان دەدوا.

کۆڵەپشتییەکەم لەبن داربەڕوویەک دانا و بەشوێن کانیاودا گەڕام. دەمزانی لێیەتی. ئەوەندەی پێ نەچوو دۆزیمەوە. ئەوسا گەڕامەوە کۆڵەپشتییەکەم هەڵگرتەوە و چووم لە تەنیشتیا باروبنەم خست. پاش وەی کەمێک ئاوم لێخواردەوە، ئاورێکم سازکرد، چاییەکم لێنا و نانێکیشم لێخوارد کە بابۆڵە پەنیری کوردی بوو. بە دەم نانخواردنەوە کتوپڕ چاوم بە قونچکە جگەرەیەک کەوت. دەستم بۆ برد و هەڵمگرت. بۆنم پیوە کرد. هەم بە بۆن و هەم بە رەنگ زۆر کۆنی نەدەنواند. فڕیمدایە ناو ئاورەکەوە و هەوڵمدا لەبیری خۆمی بەرمەوە. لەم دونیایەدا هەر ڕێبوار زۆرن.

شوێنەکەم لەژێر درەختێکی گوێزی زەلام بوو. درەختێک کە بەتەنیا بوو، بەڵام ئەوەندە گەور بوو کە خەفەتی ئەم تەنیاییەی نەخوا. جگەرەیەکم داگیرساند و

بەکاوەخۆ دەستم بە کێشانی کرد. لەگەڵ بەرەبەرە تاریکبوونی هەوا هەموو شتێک چەند سیحراوی تر دەینواند.
کە هەوا تاریک بوو، ئاگرەکەم خۆشتر کرد. ئەوسا کیسەخەوەکەم کردەوە و چوومە ناوییەوە. ئەستێرەکان لەناو گەڵاکانەوە چەند جوان باق و بریقیان بوو. با چەند جوان سەمای گەڵاکانی لەگەڵ چاوشارکێی ئەوان رێکدەخست. جەستەی ماندووی منیش چەند حەزی بە حەسانەوە و خەوێکی بەلەزەت بوو.
لەناو سروشتەوە دەنگەکان دەهاتن. من هەموویانم دەناسییەوە: دەنگی خوڕەی ئاو، چەقەڵ، خشپەی خشۆکەکان، قرچەی لقەکان و چپەی ئاگر و هەوا کە بە زمانی پزیسک دەدوا. من کە بەجوانی وەک هەمیشە گوێم بۆ راگرتبوون و لەگەڵیا خەیاڵ دەبیردمەوە، کتوپڕ گوێم لە دەنگێکی تر بوو،... دەنگی مرۆڤ!
رابووم. من کە چاوەڕوانی شتی وانەبووم و لام وابوو لەم ناوە تەنیا مرۆڤێک دەستدەکەوێ منم، بە گومانەوە لە دەورووبەری خۆم رووانی. ناڵێم ترس. چونکە لە راستیدا نەدەترسام. بەڵام دڵنیا نەبووم لەوەی کە بەڕاستی ئەو دەنگە، ئەگەرچی لە دەنگی مرۆ دەچوو، بەڵام هی مرۆڤ بێت. لەم بیرکردنەوانەدا بووم کتوپڕ دوو کەس لە لاخوارووەمەوە پەیدابوون. ئەوان رێک بەرەو من دەهاتن.
ویستم هەستم و بچم لە پشت قەدی ئەستووری دارگوێزەکە خۆم بشارمەوە، بەڵام تازە درەنگ بوو. بۆیە هەروا لەناو کیسەخەوەکە مامەوە و سەیرم کردن. ئەوان هەر ئەوەندەی کەمێکی تر هەڵکشان و کاتێک چاویان بە گڕی بێ تینی ئاورەکە کەوت خێرا دەستیان برد و ئەو شتانەی بە شانیانەوە بوو دایانگرت و خۆیان مڵاس دا. پاشان جیا لەیەک لە دوو قۆڵەوە بەرەو دارگوێزەکە هاتن. هاوارم کرد کەس نیە خۆمم خۆم، وەرەن مەترسن! دوو کەسەکە گەیشتنە سەرم. لوولەی شتەکان کە ئیستاکە زانیم تفەنگن تێیان گرتم و، وتیان کێی؟ وتم:

ـ بابایەکی گەڕیدەم.

ـ لێرە چی دەکەی؟

ـ هاتووم بۆ گەڕان، مێژووناسم.

ـ مێژووناس؟

ـ مێژووناس.

ـ جەلالی نیت؟

ـ جەلالی!

ئەوسا چوون کۆڵە پشتییەکەیان پشکنیم، پاشان خۆم و بگرە ناو کیسە خەوەکەیش. سەرئەنجام دووای بینینی پێناسەکەم و پرس و جۆیەکی تا رادەیەک زۆر لێم دڵنیا بوون و دانیشتن. وتم چای ناخۆن؟ بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد و پاشان سەیری منیان کردەوە. وتم نان چی؟ دیسان هەمان دژکردەوە. وتم جگەرە؟ دیسان هەمان. من وازم هێنا و زۆر خێرا بابەتەکەم گۆڕی و وتم شوێنێکی یەکجار خۆشە. وتیان یەکجار خۆشە. ئەوسا باسی ئەوەیان کرد کە ئەوان هەموو شەوێک لێرە کێشکن و هاوڕێیان ئێرەیان پێ سپاردوون کە قەت بەری نەدەن تا پەیامیان بۆ دێت. وتم هاوڕێیان؟ وتیان هاوڕێیان. وتم:

ـ لە کەیەوە؟

ـ لە مانگی پێشووەوە، واتە لە مانگی سێی ١٩٨٣وە.

من بە سەرسوڕمانەوە سەیرم کردن.

کات تا درەنگتر دەبوو، هەوا زیاتر سارد هەڵدەگەڕا. وتم سەرمامە دەتوانم ئاگرەکە کەمێک خۆش کەم؟

ـ لە راستیدا تۆ ناتوانی لێرە بمێنیتەوە چ بگا بەوەی ئاگر بکەیتەوە، بەڵام،... بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێرە نیت و ماندوویت تازە ئەمشەو قەیناکا، بەڵام سبەی دەبێ بڕۆیت.

من کەمێک چیلکە و چەوێڵم لەو ناوەدا هەروا ئەگەرچی تاریک بوو کۆکردەوە و، نام بە ژێلەمۆکەوە. ئاگر باڵای کرد. جگەرەیەکم پێ داگیرساند و خۆم لێ نزیک کردەوە. بینیم ئەو دووانە نەک تەنیا لە ئاورەکە نزیک نەدەکەوتنەوە، بەڵکو هەر بگرە سەرماشیان نەبوو. بەفری قەندیل بە لووتکەوە بەو شەوە چەند جوان دەبریسکایەوە. وتم:

ـ تا کەی حەرەسن؟

ـ تا بەیانی تا نزیکەو روونبوونەوە.

ـ دوواتر؟

ـ دەچینەوە بۆ بنکەکانمان.

ـ بنکە!

ـ ئەدی بنکە،... لای هاوڕێیان.

ـ مەگەر کەسی تری لێیە؟

ـ ئەیچۆن، ئەی گوێت لێیان نیە گۆرانی دەڵێن و ئەوانیش وەک تۆ جگەرە دەکێشن و یاخود خەریکی جل و بەرگ و گۆرەوەی دوورینەوەن و لەبەر چرا لامپادا کتێب دەخوێننەوە؟

من ملم کێشا، بەڵام هیچ دەنگ و رەنگێک بەو تاریکە سەلاتە سەرنجی نەقۆستمەوە.

ـ جگە لەوە هاوڕێیان خەریکن خۆیان ئامادە دەکەن.

ـ ئامادە!... بۆچی؟

ـ قەرارە هجوممان بکرێتەسەر،... هێزێکی زۆرن بەرێگاوەن. بەعس پۆشتە و پەرداخی کردوون و بەداخەوە برادەرانی ئەو دیویش ڕێنومایيان دەکەن.

من دیسان ئەوەندەی تر بەسەرسوورمانەوە لێیان دەڕوانم. چەند حەزدەکەم بەبیانوویەک دەست بەرم و جەستەیان هەست پێبکەم. لەناکاو ترسێکی سەیر بە مۆرغەی پشتمدا دادەگەڕێ. دەچمەوە سەر کۆڵەپشتییەکەم. کتێبێکی مێژوویی تیایە دەریدەێنم و دەچمەوە بەر ئاورکە: مانگی سێی هەشتا و سێی زایین، پشت ئاشان، قەرناقا و ئاشقۆڵکە و... شەش سەد کەس کوژراو و هەفتاوحەوت دیل کوژراو و...، هەناسەم سواردەبێ،... نەکا من بەڕاستی نەک لەساڵی ٢٠١٧ بەڵکو لە ساڵی هەشتا و سێ دەژیم. بەپەلە بیردەکەمەوە، هەوڵدەدەم ڕووداوە گرینگەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، ساڵەکانی دووای هەشتاکان بێنەوە یادم: ڕاپەڕین، هێڵی ٣٦، شەڕی ناوخۆ، شەڕی کەنداو، کەوتنی سەدام، هاتنە سەر کاری شیعەکان لە ئێراق، نەوت، پەڕلەمانی کوردستان، زوونی زەرد و سەوز، تورکیا، ئێران و...، نا من لە دووای هەشتاکانیش ژیاوم، ئەوە نیە هەمووم دێنەوە یاد. سەر بەرزدەکەمەوە و لێیان دەڕوانمەوە. بێدەنگن و خەریکن لە من دەڕوانن. کتێبەکە دەبەستم و دەچمەوە لایان. دەپرسن ئەو کتێبە چییە؟

ـ وەک وتم من مێژووناسم، کتێبی مێژووییە.

داوا ناکەن وەریبگرن و سەیری بکەن، ئەوان بەشێوەیەکی سەیر جگە لە چەکەکان و ئەو شتانەی وا بە خۆیانەوەیە لە دەست لێدانی شتی تر خۆیان دەبوێرن. جا لە ڕووی وشیاری یان ناوشیاری،... نازانم.

ـ هاوڕێیانی ئێمەیش زۆر حەزیان بە مێژووە، دەزانی هاوڕێ! لەبنەڕەتدا مێژووە منداڵدانی هەموو شتێکە.

ـ وایە،... وایە وایە، منیش مێژووم لا یەکجار گرینگە.

ـ دەتوانی بۆمان باس بکەی ئەو کتێبە چ جۆر مێژوویەک باس دەکا؟

من کتوپڕ تیایا دەمێنمەوە چییان وەڵام بدەمەوە. زەینم دەشێوێ، بەڵام لەمە زیاتر ماتڵی ناکەم و دەڵێم:

ـ ئەم کتێبە زیاتر پێش بینییەکە بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو، ئەوەی کە بۆ وێنە لە نەوەدەکان و هەروەها لە سەدەی بیست و یەک چی ڕوودەدا.

ـ نەوەدەکان و سەدەی بیست و یەک!؟ وەڵلا هاوڕێ گیان ئەنتیکەیە، بەڵام ئەمە مێژوو نیە، ئەمە دەسخەڕۆکردن و فێڵکردنە، خەڵەتاندنی جەماورە،... کاری بۆرجوازییە.

کتوپڕ ئەو دانەی تریان کە یەکجار بێدەنگە و بە پێچەوانەی هاوڕێکەی جامانەی بەسەرەوە نیە و لەملی پێچاوە، دەڵێ:

ـ گەر وایە پێمان بڵێ بەهاری هەشتاوسێ لە پشت ئاشان چ ڕوودەدا و چۆن چۆنی کۆتایی دێت؟ بێگومان لەو کتێبەدا نووسراوە،... وانیە؟

ـ پشت ئاشان!... هەشتاوسێ!... چی ڕوویداوە و چۆن کۆتایی هاتووە!... بەڵام ئەم کتێبە ئەوەندە بەوردی نەچووەتە ناو باسەکانەوە. زیاتر خۆی بە مێژووی نوێترەوە سەرقاڵ کردووە، ئاخر وەک ئەم کتێبە دەڵێ لە نەوەدەکانەوە ئیتر دونیا زۆر دەگۆڕدرێ، بۆ وێنە سۆڤیەت دەکەوێ و ئامریکا دەبێ بە تاقە زلهێز و...

لێرەدا هەردووکیان بە سەرسووڕمانەوە لەیەکتر و پاشان لەمن دەڕوانن. تیشکی ئاگرەکە لەسەر ڕوخسارییان گەمە دەکا.

ـ سۆڤیەت دەکەوێ؟! ئیتر ئەمە تەواو خەونێکی بۆرجوازیانەیە و دیارە ئەو برادەرەی ئەم کتێبەی نووسیوە تەواو تەمەعکارە!

ئاورەکە دیسان خەریکە دادەمرکێتەوە. من کە حەز دەکەم سەرلەنوێ چیلکە و چەوێڵی بۆ بێنمەوە، ئەمجارە گوێ نادەمێ. من چۆن باسی ئەوەیان بۆ بکەم کە

رێک لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دونیا کتوپڕ بوو بە شتێکی تر. چۆن باسی ئەوەیان بۆ بکەم نەک تەنیا سۆڤیەت بەڵکو هەموو شتێک کەوتووە، ئەوەیکە مێژوو بووە بە خولدانەوەیەکی بێهوودە. مێژوویەک کە کەس نازانێ هۆکارەکەی کەوتنی سۆڤیەت بوو وای لێهات یاخود مێژوو لە راستیدا هەمیشە وەها بووە و ئەم نەسڵەیە لە راستیدا هەر لە سەرەتاوە لێی نەزانیوە. سەرهەڵدەبڕم و هەست دەکەم بە بەفری ئەو شاخانەوە هێشتا جێ هەنگاوی هەفتاو دوو کەسەکە ماوە وا لەوێوە تێپەڕین بە بێ ئەوەی بتوانن لە راستیدا تێپەڕن. کتێبە مێژوویەکە رادەوەشێنم و، دەڵێم:

ـ وەک دەبینن کتێبێکی زۆر ئەستوور و گەورەیە و دۆزینەوەی ئەو رووداوەی ئێوە ناوتان لێناوە پشت ئاشان زەحمەتە، بۆیە ئیزنم بدەنێ دوواتر سەیری بکەم، بەتایبەت لەم تاریکییەدا هەر هیچ ناکرێ.

ـ بەڵام تۆ سبەی دەڕۆی.

ـ نا،... نا وەعد بێت نەڕۆم، جا کوێ لێرە خۆشترە، سەیری ئەم سرووشتە!

ـ ئەرێ وابکە، سبەی ئێمەیش لە هاوڕێیان ئەو کتێبە مێژوویانەت بۆ دەهێنین کە گرینگن و زانستیانە نووسراون، ئەو کتێبانەی وا مێژووی راستەقینەی دونیان.

من سەرمامە، خۆم دەخزێنمە ناو کیسە خەوەکەمەوەو دیسان لێیان دەروانمەوە. وەک بڵێی لێم تێدەگەن. وەک بڵێی دەزانن کە بەڕاستی ساردە. ئەوان پشت لە من دەکەن و کەمێک جودا لەیەکتر دەست دەکەن بە کێشک گرتن، تفەنگەکانیان دەخەنە سەر کۆشیان. تاپۆی رەشی هەیکەلیان بە دەم داوێنی چیاکەی ئەو بەرەوە دەکاڵێنەوە. فرمێسکەکان بە گۆنامدا شۆڕدەبنەوە. من رەنگە یەکێک لە بەختەوەرترین کەسەکانی ناو ئەم سرووشتە بم کە بەم شەوە درەنگانە هێشتا دوو هاوڕێ لەم دونیا سەرتاسەر نەگبەتە ماون خۆبەخشانە نیگابانیم بۆ بدەن. هاوڕێکانی دەیان ساڵ لەمەوبەر.

بە تیشکی گەرمی هەتاو لەسەر کیسەخەوەکە لەخەو بەئاگادێم. دەنگی باڵندە بەهارییەکان سرووشتیان هێناوەتە سەما. دونیا چەند جوان و رەنگین دەنوێنێ.

ئاوێک بە دەموچاومدا دەکەم و نەرم دادەگەڕێم، رێک بەو شوێنەیدا وا ئەوان دوێ شەو سەرکەوتن. دەگەمە شیوەکە. راستەوڕێ دەیبڕم. کتوپڕ لە بن چەند داربەڕوویەکدا لەو قووڵکەیە دوو گۆڕ دەبینم. گۆڕەکان یەکجار کۆنن. بە کێلەکانیان دەیانناسمەوە. کێلە خوارەکانیان. دەچمە سەر گۆڕەکان. مارمێلکێک بەهەڵەداوان دووردەکەوێتەوە. لقی داربەڕووەکان نەویونەتە سەر گۆڕەکان. دەنگی رووبارەکە لێرە جوان نایەتە گوێ.

نازانم چلۆن توانیوویانە لە بەهاری ساڵی هەشتا و سێ لەگەرمەی ئەو شەڕە ترسناکەدا ئەم دوو هاوڕێیە بنێژن و دوو کێلیشیان بۆ دابنێن. دوو کێل کە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە هێشتا ئاو و بەفر و باران نەیانتوانیووە راپێچیان بدەن.

رەنگە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ هەمیشە ئەم دۆڵ و شاخانە جی نەهێڵن و جاروبارە سرووشت بێتەوە یادی، سەردەمانێک، لەو کاتانەی وا بۆ ماوەیەکی کورت هومێد ئاوێزانی مێژوو ببوو، کەسانێک هەبوون وەها دەژیان.

**مانگ گیران**

جاران کە مانگ دەگیرا، نوێژی مانگ گیرانیان دەکرد، لە دوو رکەعاتدا، دیارە بە بێ بانگدان و بە بێ ئیقامە. نوێژکەرەکان خێرا لە مزگەوت کۆدەبوونەوە و، پاش نوێژ، دەستی دۆعایان بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی.

هەر ئەمەیش نەبوو، دەروێشەکانیش کۆدەبوونەوە، لە کووچە و کۆڵان وەرێدەکەوتن و دەستیان دەکرد بە دەف لێدان و زیکرکردن، بەو قژە درێژ و ترسناکانەیانەوە کە هیچ منداڵێک نەیدەوێرا توخنیان کەوێ. ئەوان زیکریان دەکرد بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی مانگ دەگیرا، ژیان و دونیا بە بێ زەرەر و زیان تێپەڕن.

دەستەی سێهەمیش هەبوو. منداڵانی گەڕەک! ئەوانیش خۆیان لەم ئەرکە بێ بەری نەدەکرد و بە لێدانی تەنەکە پووتی بیست کیلۆیی بەتاڵ لە ڕۆن، کە هەمیشە لەو ساڵانە لەم لاو لا دەستدەکەوت، بەشدارییان لە پرۆسەی ئازادکردنی مانگدا دەکرد. دیارە تەنیا تەنەکەی بیست کیلۆیی نەبوو، هەموو جۆرە تەنەکەیەکی تریش دەشیا، تەنیا بە مەرجێک بەتاڵ بووایە.

بە کورتی گەڕەک دەبوو بە بەزم و هەرایەک نەبێتەوە. دەروێشەکان نوقمی حاڵ و هەوای خۆیان و منداڵەکانیش رۆچووی هاڕەهاڕی تەنە ژەنگاوییەکان، خەڵکیش تیادەمانەوە کە گوێ بۆ کامیان رادێرن. بەم چەشنە مانگ سەرئەنجام ملی دەدا،

لەژێر ئەو پەردە رەشەی دایدەپۆشی دەهاتە دەرەوە و خەڵکی ئاهیان بەبەردا دەهاتەوە.

دیارە بە خۆشییەوە هەمیشەیش گیرانی مانگ بە بێ زەرەر و زیان تێدەپەڕێ، سەرئەنجام دونیا وەک هەمیشە وەک خۆی دەمایەوە و روخساری گەشی مانگیش سەرلەنوێ خۆی پیشانی زەوی و خڵقەت دەدایەوە. من کە نەمدەزانی داخۆ نزاو تکای دەروێشەکان مانگیان رزگار کردووە، نوێژی بێدەنگی نوێژکەرانی ناو مزگەوت، یاخود تەنەکە کوتانی منداڵانی گەڕەک بیرم لەوە دەکردەوە داخۆ مانگ لەو سەرە دەبێ زیاتر گوێی لە کامیان بووبێ. سەیر ئەوە بوو لە کۆتاییدا هەمووشیان بە جۆرێک خەنی دەبوون. ئەم سێ دەستەیە هەر کامەیان لەلای خۆیانەوە پێیان وابوو ئەوا ئەوان بوون مانگیان رزگارکردووە (دیارە پێیان دەگوت مانگ بەردان یاخود بەردانی مانگ)، بۆیە کەس بە دڵ ئێشانەوە بەرەو ماڵەوە نەدەبووەوە. هەرچەند لەو سێ گروپە دوو گروپیان، واتە نوێژکەرەکان و زیکرکەرەکان، لە دەروونەوە پێکەنینیان بە منداڵەکان دەهات و بە گەمژەیان دەزانین. منداڵەکان بەپێچەوانەوە، نا. ئاخر غەیری ئەوە بوو دەنگی کوتانی تەنەکە لە بێدەنگی نوێژکەران و دەنگی ئاهەنگینی دەروێشە بەتەمەنەکان بەسامتر بوو و، باشتر دەیتوانی جنۆکەکان و رۆحە خەبیسەکانی ناو سروشت راماڵێ!

ساڵان گوزەران، تا کتوپڕ دونیا یەکجار گۆڕانی زۆری بەسەرداهات. دووای ئەوەی شۆڕشگێرەکان بە دەسەڵات گەیشتن و رژێمی کۆنیان بە یارمەتیی هێزێکی دەرەکی رووخان، دیسان کاتێک مانگ گیرایەوە وەک جاران هەندێ کەس بە بێدەنگی نوێژیان لە مزگەوتەکان کرد و، دەروێشەکانیش هەرچەند نەک بە هەمان رادەی جاران، بەڵام لێرە و لەوێ دەرکەوتنەوە و دەفیان لێدا و زکریان کرد. تا ئێرە دونیا هەمان دونیای جاران بوو؛ بەڵام دوو شت بە تەواوی لەگەڵیا گۆڕابوو:

یەکەمیان ئەوەیکە منداڵانی گەڕەک چیتر وەک جاران تەنەکەیان نەدەکوتا (جا ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بوو وەک جاران تەنەکە دەست نەدەکەوت و بەپێچەوانەی ساڵانی زوو ڕۆن زیاتر لە دەبەی گەورە و بچووکی پلاستیکیدا دەفرۆشرا)، دووهەمیان ئەوەیکە لە هەر کووچە و کۆڵان و پشت بان و باڵکۆنێکەوە چەکەکان دەهاتنە دەرەوە و تەقەیان دەکرد و بە بێ هەدادان فیشەکیان بە ئاسماندا دەکرد. لام وایە هەر هەمووشیان لە مانگیان دەگرت! شۆڕشگێڕەکان کە پێکەنینیان بە دوواکەوتوویی و نەزانی و گەمژەیی مەلا و دەروێشەکاندا دەهاتەوە، بە سەربادانەوە، دراخ بە شوێن دراخدا بە ئاسمانیاندا دەکرد و جاری وایش بوو بەمە ڕازی نەدەبوون و کتوپڕ 'ئار پی جی'یەکیشیان تێبەردەدا. دەبوو بە حەشر و حەلەلایەک نەبێتەوە. دەبێ بڵێم بە داخەوە من بە هۆی ئەوەوە جوان شتم لەبیرنامێنی، نەمدەزانی داخۆ مانگ جاران زووتر بەردەبوو یان ئیستا، بەڵام لەیەک شت دڵنیا بووم ئەویش ئەوەیکە خەڵکی لە جیاتی ئەوەی لەم کاتانەدا سەیری مانگ بکەن لە فیشەکە گڕدارەکانیان دەڕوانی،... لە گڕی لوولەی تفەنگە شێتەکان کە نیگای ئەوانیان بێڕەحمانە بەرەو لای خۆیان دەقۆستەوە. بۆیە کەس بەجوانی ئاگای لەوە نەدەما کەی و چۆن مانگ ڕزگاری دەبوو و لە پشت ئەو دیوارە تاریکەوە وا بۆ ماوەیەک باڵی بەسەردا دەکێشا، نەجاتی دەهات.

ئاخر جار کە مانگ گیرا، هاوینی پار بوو. دیارە لەوە پێش لە هەواڵەکاندا باسی کرابوو، هەرچەند دایە مینەی دراوسێمان کە ژنێکی یەکجار میهرەبان و دڵسۆزە و کورێکێشی ساڵانی ساڵ لەوە پێش لە ڕووداوی هاتوچۆدا لەدەستدابوو، پێی وابوو ئەمەیش مەکرێکی تری کافرەکانی ئەم زەمانەیە بۆ ئەوەی بلێن لە کاری حەقتەعالا سەردەردێنن بۆ ئەوەی لە قودرەت و عەزەمەتی خوا خوانەخواستە کەم بکەنەوە. دونیا تاریک داهاتبوو و لە دووای نانخواردن لە ژوورەوە دانیشتبووین و سەیری

تەلەفزیۆنمان دەکرد. باوکم کە یەکجار شانازی بە رابردوویەوە دەکا و هەمیشە کاتێک کە میوانمان دێ باسی سەردەمی چەکداری خۆی و بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی پێشوو دەکا، هەر لە ئێوارەوە کاتێک هاتەوە ناردی دایکم هەفتاوپێنجییەکەی بۆ بێنێ و لە تەنیشت خۆیدا داینا و بە دیوارەکەوە هەڵیپەسارد. هەڵبەت کەمێکیش سەیری کرد و بە پەڕۆیەک جوان جوان خاوێنی کردەوە،... فیشەکەکانیشی بەجوانی ژمارد. بەمەیش رازی نەبوو و پاش کەمێک ورتەورت داوای لە دایکم کرد لە یەغانەکە چەند دراخی تریشی بۆ دەربێنێ. من کە نەمدەزانی هەواڵ چییە، لام وابوو ئەمشەویش میوانمان دێ و باوکم ئەمجارە دەیەوێ کاتێک بەسەرهاتی شەڕەکان و قارەمانییەتەکانی زووی خۆی دەگێڕێتەوە، چەکەکەیشی لە تەنیشتدا بێت بۆ ئەوەی دیمەنەکە زیندووتر و حیماسی تر بنوێنێ. من، هەر خەیاڵیشم بەلای گیرانی مانگدا نەدەچوو.

ئاگام لێبوو باوکم زووزوو سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد، ملێکیشی دەکێشا و هەوڵیدەدا لە پەنجەرە کراوەکەوە سەیری ئاسمان بکا. لە دەرەوە هەوایەکی هاوینیی یەکجار خۆش هەبوو، بە مانگێکی تەواوەوە کە دونیای یەکجار رووناک کردبووەوە. زەوی هەناسەی دەدا و گەرمای تاقەت پڕوکێنی رۆژی بەکاوەخۆ لە خۆی دەکردەوە.

من کە بە دزییەوە جگەرەم دەکێشا، بۆ جگەرەکێشانێکی تر چوومە سەر باڵکۆنەکە، ئەو باڵکۆنەی بەسەر کۆڵانەکدا دەیڕوانی. هێشتا دوو نەفەسم لێنەدابوو، بینیم جەماعەتێک پیاوی دەف بەدەست لە تەنیشت ماڵەکەی ئێمە بە چەند خانوویەک بەولاترەوە لەبەر تاقە دووکانی گەڕەک لەژێر باڵکۆنێکدا راوەستاون. دەروێش بوون. دەروێشەکان بەدەم جگەرەکێشانەوە لەگەڵ یەکتر دەدوان و جاروبارەیش سەیری ئاسمانیان دەکرد. من کە سەرەتا نەمدزانی چ باسە، بەڵام دەستبەجێ هەموو

شتێکم لا ئاشکرا بوو. منیش لەوێوە لەسەر باڵکۆنەکەوە سەیرێکی ئاسمانم کردوو و چوومەوە ژوور و بە دەنگی بەرز گوتم "خۆ ئەمشەو مانگ دەگیرێ!" باوکم بە سەرسوڕمانەوە بەلاچاو سەیرێکی کردم، وەک بڵێی دەیەوێ بڵێ لە بێخەبەران کەشکەک سەڵەوات!

دانیشتم. کابرایەکی سمێڵ قەیتانی لە ناو تەلەفزیۆنەکە خەریکی گۆرانی وتن بوو. حەجمینم نەبوو، چیتر خۆم نەگرت و هەستامەوە و چوومەوە سەر باڵکۆنەکە. دەروێشەکان هەر لەوێ بوون. کتوپڕ دایە مینەم بینی بە دۆلکەیەک ئاو و پەرداخێکەوە بەرەوڕوویان دەچێ. دەرویشەکان ئاویان خواردەوە و بەو شەوە جوانەی هاوین سوپاسیان کرد. دایە مینەیش بەگەرمی دۆعای بۆ کردن و داوای لە خودا کرد بە قوورەتی خۆی بیانپارێزێ و لە بەڵای دونیای فانی بەدوور رایانبگرێ.

کاتژمێر لە نۆ نزیک دەکەوتەوە. باوکم جووڵە جووڵێکی پێکەوت. هەستا، هەفتا و پێنجییەکەی هەڵگرت و چووە باڵکۆن. چوومە لای دایکم. گوتم ئەوە بۆ میوانەکان نەهاتن؟ گوتی میوانی چی! گوتم ئەی باوکم ئەو تفەنگەی بۆچییە؟ گوتی وەڵلا رۆڵە گیان منیش نازانم، ئیتر باوکتە!

لای خۆمەوە بیرم کردەوە کە بێگومان بۆ دڵنیایی لەوەی کاتێک مانگ دەگیرێ و دونیا تاریک دەبێ، هەڵیگرتووە. ئاخر کێ چووزانێ دزێک پیاوخراپێک خۆی بە ژوورەوەدا نەکا و شتێکی خراپ نەقەومێ. جگە لەمە باوکم دوژمندار بوو و، وەک بۆ خۆی دەیگوت پیاوە خراپەکانی رژیمی پێشوو بەردەوام سەرەڕای گۆڕانی دونیا هەر بەتەمای ئەوە بوون لە کوونێکەوە تۆڵەی لێبکەنەوە، دیارە لەبەر ئەوەی کاتی خۆی باوکم لە شەڕەکاندا پیاوی لێکوشتبوون. جا چ کوونێکیش لە کوونی سرووشت

خراپتر، کاتێک هەموو خەڵکی ئاگایان لە کووچە و کۆڵان نامێنێ و، تەنیا نیگایان لەسەر ئاسمانە!

دایکم گوتی وەرە میوەم داناوە، باوکیشت بانگ کە وەرەن بیخۆن. گوتم دایە لە میوە گەڕێ، با مانگ گیران تەواو بێت، راستی دەرگای دەرەوەت جوان داخستووە، دایکم گوتی خەمم نەبێت و مشوری هەموو شتێکی خواردووە.

چوومە لای باوکم. خەریکی جگەرەکیشان بوو و هاوکات لەو جەماعەتەیشی دەڕوانی وا لەژێر باڵکۆنەکە کۆببوونەوە. گوتی:

ـ لەمێژبوو سەروکەلەیان دیارنەبوو،... پەیدابوونەوە!

ـ کێ؟

چەناکەی خستە سەریان و گوتی:

ـ ئەوانە ئیتر،... ئەوانە گەمژە!

ـ ئەها،... وەڵلا منیش لەمێژە نەمدیبوون، ئەڵێی ژمارەیان کەمبووەتەوە،...

ـ کەمبووەتەوە!... ئەمانە کەم نابنەوە، لە دووای شۆڕش ئیتر روویان نیە زۆر خۆیان دەرخەن، خۆیان دەشارنەوە، باویان نەماوە، خەڵکی ئیستا وشیارن و تێدەگەن، چیتر بە سەما و قژی درێژ و ژنانە و قسە قۆڕەکانیان هەڵناخەڵەتێن.

ئەوسا مژێکی وەها قووڵی لە جگەرەکەی دا کە تەواوی روخساری سوور هەڵگەڕا.

گوتم:

ـ شاریش گەورە بووە، کەس کەس ئیتر ناناسێتەوە.

ـ جا ناسینەوەیان بۆچییە، کێ گوێیان دەداتێ،... جا راوەستە بزانە ئەمشەو چۆن حاڵییان دەکەم، وا دەماخیان دەگرم قەت لەبیریان نەچێتەوە!

من بە سەرسووڕمانەوە سەیری باوکمم کرد. لێی تێنەگەیشتم. گوتم:

ـ باوکە لەمێژە مانگ نەگیراوە، بەحاڵ لەبیرم دێت، ئەو ساڵانە خۆشیش بوون، لەبیرتە! ساڵانی پێش شۆرش.

ـ خۆش بوو!... چی خۆش بوو؟

ـ ئەها منداڵ تەنەکەیان دەکوتا و دەروێشیش زیکریان دەکرد و...

ـ بەززیانەبێ!... بەوە دەڵێی خۆش بوو؟ ئاوا لە ژیان گەیشتووی؟ ئەوە سەردەمی خورافە و جاهلییەت و نەزانی بوو، حکومەت خەڵکی وا فێردەکرد بۆ ئەوەی نەزانن زانست و پێشکەوتن چییە.

دایکم لە ژوورەوە هاواری کرد:

ـ من زۆر ماندووم، دەچم دەخەوم.

کەسمان وەڵاممان نەدایەوە. میوەکانی کۆکردەوە و رۆیشت. باوکم هەروا جگەرەی دەکێشا، لە دەروێشەکانی دەڕوانی و جاروبارەیش چەکە قورسەکەی بە ئاستەم رادەوەشاند.

ناو کۆڵان بەرەبەرە خەڵکی تێدەهات. هەندێ لە دراوسێکان دەهاتنە بەردەرگا. دوو دوو و سێ سێ رادەوەستان و پێکەوە قسەیان دەکرد. بەر پەنجەرەکانیش سێبەرەکان پڕیان کردنەوە. ماتۆڕێک بەپەلە و بە دەنگێکی زلی ناخۆش لە کۆڵانەوە تێپەڕی. باوکم گوتی "حەک عەمرت نەمێنێ!" باوکم راستی دەکرد. دەنگی ماتۆڕەکە کەلەسەری دەسمی.

کتوپڕ هەرا پەیدابوو. لەشوێنێکەوە هاواریان کرد "مانگ گیرا!" سەرم بەرزکردەوە. لە قەراخەوە مانگ بەرەبەرە پەڵەیەکی رەش خەریکبوو دەیگرتەوە. ئەوەندەی پێنەچوو دەروێشەکان وەخۆکەوتن. ئەوانەی وا جگەرەیان بەدەستەوە بوو خێرا فڕێیاندان و کەوتنە دەف لێدان. کەمێک لە ژێر باڵکۆنەکە کشانە دەرەوە بۆ ناو کۆڵانەکە و لە کاتێکدا لە ئاسمانیان دەڕوانی دەستیان کرد بە خوێندن:

ـ الله الله یا الله، حی الله...!

باڵکۆنەکەمان گەورە بوو. باوکم لە دووای شۆڕش ئەم خانووەی دروستکرد. خانووەکەمان لە ناو گەڕەکدا شاز بوو. بەسەر هەموو ماڵەکانی تردا دەمانڕوانی. باوکم چەکەکەی بەرزکردەوە، بەهەر دوو دەست گرتی و هەنگاوێک چووە پێشەوە. من کە نەمدەزانی خەریکی چییە و دەیەوێ چی بکا، نیگام لەسەر دەروێشەکان و مانگ هەڵگرت و لە باوکمم رووانی. ئەوەندەی پێنەچوو میلی هێنایەوە، لوولەی کلاشیکۆفە مزەللیەکەی بەرەو ئاسمان کرد و دەستی بە پەلەپیتکەدا نا. دەنگی تەقەی بێ پسانەوە و گڕی بەهێز لەخۆ بێخۆی کردم، دەستم بە گوێکانمەوە گرت و سەرم داخست و کشامەوە. جەستەی باوکم چ سەمایەکی وردی دەکرد. ئەوانەی ناو کۆڵان سەرەتا کشانەوە ناو ماڵەکانیان، بەڵام دووبارە هاتنەوە دەرەوە. ئاگام لێبوو دەروێشەکانیش سەریان لێشێوا و لە زیکرکردن کەوتن، بەڵام زۆر خێرا وەخۆکەوتنەوە و دەستیان پێکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەژێر باڵکۆنی سەر تاقە دووکانی گەڕەکەکەدا.

ـ زیکری دەروێشان زیکری اللهیە، پشتیوان دەرویشێ رسوالله‌یە...

چاوێکیشیان لە باڵکۆنەکەی ئێمە بوو. ئەوان کە قەت بیریان لەوە نەدەکردەوە بەتووش وەها بەزمێکەوە بن، هەوڵیاندا زیاتر دەنگ بەرزبکەنەوە.

ـ پشتیوانەکەت رسوالله بێت...

ئەوەندەی پێنەچوو کە دەنگی تەقە لە هەموو شوێنێکەوە بەرزبووەوە. باوکم هەر ئەمەی بینی یەکجار خۆشحاڵ بوو. ئەمجارە کلاشینکۆفەکەی بەرزتر گرت و لەگەڵیشیا نەراندی. مانگ تا دەهات تاریکیتر دەبوو. گوێم لە دەنگی قیژەی دایکم لە ژوورەوە بوو.

ـ ئیستا ئەم کەرانە بێدەنگ دەکەم،... هەر ئیستاکە، سەردەمی ئەوە بەسەرچوو مانگ بە دەف و گۆرانی کەری وا رزگاری بێ،...
دەنگی تەقە ئەوەندە زۆر بوو کە من بە زەحمەت گوێم لە دەنگی دەروێشەکان بوو. بەڵام لە بەیندا شتێک هەر دەهاتە گوێ:
ـ جەلال و جەلال شای جەلالانی...
دەروێشەکانی زیاتر لەیەکتر نزیک ببوونەوە و دەڵێی سەریشیان کزتر راگرتبوو. هەفتاوپێنجییەکەی باوکم گەییە ئاخر. باوکم لەبەر خۆیەوە جوێنێکی دا. بەسەرما گوڕاندی بچم خەشابەکانی تری بۆ بێنم. فیشکە گڕدارەکان ئاسمانیان دڕپێدەدا. ناوەناوەیش دەنگی تەقینەوە گەورەکان دەنگی فیشەکەکانیان دەشاردەوە. ئاسمانی شار روون ببووەوە.
دایکم بەسەری خۆیدا دەکێشا و هاواری دەکرد هەر ئەمەمان کەم بوو، لەگەڵ ئەوەیش چەند جارێ ویستی نەهێڵێ بچمەوە باڵکۆنەکە. بەڵام من دراخەکانم فریای باوکم خست. باوکم گۆڕینی و دەستی کردەوە بە تەقە. دەروێشەکان راهاتبوون، چیتر سەیری ئێمەیان نەدەکرد و بە زیکری خۆیان و تەماشای مانگەوە سەرقاڵبوون کە ئیستا لایەکی تەواو تاریک ببوو. زیکر، دەنگی دلێرتر ببوو. یەک تاقە کەس چییە نەک تەنیا بە دەوری دەروێشەکانەوە نەبوو، بەڵکو هەر هەموویان بە تەقەی تفەنگەکانەوە سەرقاڵ بوون. باوکم ئەمەی دەبینی و یەکجار خۆشحاڵ بوو، بەڵام بوونی دەروێشەکان بەردەوام ئازاری دەدا.
ـ الله الله یا الله، حی الله...!
ـ ئیستا الله اللهیەکتان حاڵی بکەم قەت لە بیرتان نەچێتەوە!
قاپۆڕی فیشەکەکان هەندێکیان لەسەر باڵکۆنەکە دەکەوتن و هەندێکی تریان دەکەوتنە خوارەوە بۆ ناو کۆڵانەکە. فیشەکەکانی باوکم، نوێترین فیشەکەکانی دونیا

بوون. وەک بۆخۆی دەیگوت لەسەردەمی خەباتیشی دا نەیهێڵاوە یەک فیشەکی چییە ژەنگ هەڵبێنێ.

نازانم داخۆ خەڵک ئیستا لە مزگەوت نوێژی مانگ گیرانیان دەکرد یان نا، بەڵام گوێم لە دەنگی هیچ تەنەکەکوتانێک نەبوو. سەرم وەرگێڕا، دایکم لە کاتێکدا روومەتی خۆی دەرنی خۆی بە ژوورەکانی تردا کردەوە.

باوکم سەری تفەنگەکەی نزمتر کردەوە. فیشەکەکان ئەمجارە نەک بەرەو ئاسمان بەڵکو بەسەر بانەکاندا دەکشان و لەوبەر دونیا وندەبوون. دەنگی تەقە هەتا دەهات گەرم و گەرمتر دەبوو. دەروێشەکان لەیەکتر نزیکتر ببوونەوە و لە دایرەیەکدا کە دروستیان کردبوو سەریان بە سەری یەکترەوە نابوو و هەتا دەیانتوانی زیاتر دەنگیان هەڵدەبڕی. وەک بڵێی دەیانویست هەرچۆنێک بێت وەک ساڵی ساڵان دەنگیان بگاتەوە مانگ. ئەمە ئیتر گاڵتەی پێنەدەکرا، لە دەنگی تەنەکە پووتەکان یەکجار جیاوازتر بوو.

- جەلال و جەلال شای جەلالانی...

مانگ لەوە زیاتر تاریک هەڵنەگەڕا. پەڵەکە ئیستا دەکشایەوە کەم و کەمتر دەبووەوە. باوکم بۆ چەندەمین جار دراخی گۆڕی و ئەمجارە لوولەی تفەنگەکەی تەواو نزم کردەوە، رێک بۆ ناو کۆڵان بەرەو شوێنی دەروێشەکان. من کشامەوە و پاڵم بە دیوارەکەوە نا. بەسەرسووڕمانەوە لە باوکمم روانی، بەڵام ئەو هەر ئاگایشی لە من نەبوو. سیرەی گرت. چەند فیشەکێکی بە دانە تەقاند. دەروێشەکان کە تەواو سەریان بە کاری خۆیانەوە گەرم بوو، سەرەتا لە دۆخەکە نەگەیشتن، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو جووڵەجووڵیان تێکەوت و بە نیگەرانییەوە لە دەوروبەری خۆیانیان روانی. زیاتر بەرەو ژێر باڵکۆنەکە جووڵان. باوکم یەک دووانێکی تریشی تێگرتن. دوو دانە لە دەروێشەکان وازیان لە دەفکوتان هێنا و خۆیان بە

دووکانەکەوە نووساند. ئەوانی تر لە کاتێکدا چاویان بە دەورووبەریاندا دەگێڕا لە زیکر بەردەوام بوون. ریزیان شێواو. ئەمجارە فیشەکەکانی باوکم رێک لەبەردەمیاندا دەکەوتە سەر زەوی. تەپ و تۆز بەرزبووەوە. یەکێک لە دەروێشەکان کە لەوانی تر گەنجتر بوو زریکاندی و رایکرد. باوکم لەبەر خۆیەوە چەند جوێنێکی حەواڵە کردن. چەند زرمەی ترسناکی تر هەوایان دڕدا. چەند ژنێک قیژاندیان. سێبەری پشت پەنجەرەکان نەوی بوونەوە. مانگ هێشتا مابووی، تەواو بەرنەبوو. ناو باڵکۆنەکە پڕی قاپوڕەفیشەک بوو. باوکم نەوییە سەر چۆکێکی. بەرپێی دەروێشەکان خۆڵ کەوتبووە سەما. سەرئەنجام یەکیان چاوی بە ئێمە کەوت، بە باوکم. هاواری لەوانی تر کرد و بە راستە کۆڵانەکەدا کەوتنە راکردن. ئاگام لێبوو هەتا لەچاوونبوون، باوکم هەر فیشەکی تێگرتن.

مانگ بەربوو. تەقەکان بەرەبەرە کەمدەبوونەوە. سێبەری پشت پەنجەرەکان نەمان و، تاق و تەرا خەڵک لە کۆڵان مابوونەوە. باوکم کە ئێستاکە چەکەکەی دانابوو، جگەرەیەکی تری سەرفرازانە داگیرساند و نەفەسێکی قووڵی لێدا و لە ئاسمانی روانی. مانگ گەش گەش بە تاقی ئاسمانەوە خەریکی سووڕی هەمیشەیی خۆی بوو. بەربوو.

باوکم دەڵێ ئیتر سەردەمی گیرانی مانگیش وەک سەردەمی کۆن بەسەرچووە،... بۆ هەمیشە.

## ڕۆژێکی پاییزی

لە چایخانەکە دانیشتووین. ڕۆژێکی پاییزییە و هێشتا هەتاو تینی بە بەرەوە ماوە. من و ئەو لە سەر دوو کورسی لە سەر شۆستەکە دانیشتووین، بە پاڵتۆ پاییزییەکانمانەوە کە ساڵانی ساڵ تەمەنیانە. ئەو جگەرە بەبادەکا و منیش بە چاییەکەمەوە خەریکم. ڕێبوارەکان وەک هەمیشە خەریکی تێپەڕینن. ناکرێ لە چاخانە دانیشی و سەرنجی ڕێبواران نەدەی. هەموویان دەبینی و ناشیانبینی. شەقام بۆنی خۆشی ژیان دەدا،... بۆنی بەردەوامی و هەناسەی ژیان. من چەندە حەزم لێیەتی و پێی سەرسامم.
کتوپڕ ریقنەی باڵندەیەک ـ ڕەنگە چۆلەکە، ریشۆڵە، کۆتر یاخود واشەیەک ـ لە ناخافڵ دەکەوێتە سەر مێزەکەی بەردەممان. هەر دووکمان دادەچڵەکێین. ئەو جگەرەکەی ریقناوی دەبێ و منیش پیاڵە چاییەکەم. پاش کەمێک واق وڕمان و تێڕامان لەیەکتری و لە سپیایی پەرێشانی سەر مێزەکە، هەردووکمان دەست دەکەین بە پێکەنین. شێتانە. ڕیبواران لێمان دەڕوانن. سەیرێکی ئاسمان دەکەین. ئاسمانی پاییزی. هەست دەکەم هەورەکانیش لە ریقنە دەکەن. ئەو ریقنانەی تێدەپەڕن. دەڵێم:
ـ دیسان پاییز هاتەوە.
ـ دیسان پاییز هاتەوە.
ـ حەزم بە کزەی سەرماکەی، ئێوارەیانی بەپەلەی و شەوانی خەمگینیەتی. حەزم بە دانیشتنی شەوانیەتی. ماڵەوەیش دەبێ بە شتێکی تر. زیاتر هەست بە دیوارەکان

دەکەی،... بە بوونی دەرەوە تەنیا وەک شتێکی دەرەکی، شتێکی زۆر غەریب. حەزم بە دانیشتنی دایک و باوکمە لە شەوانی پاییزیدا لە ژوورە هەمیشەییەکەدا. من لام وایە دونیا تەواو دەبێ بە شتێکی تر.

ـ پێت وایە چەند پاییزی تر دەژین؟

ـ رەنگە هەر ئەمە و رەنگە دەیانی تر.

ـ بەڵام من لام وایە من هەر ئەم پاییزە دەژیم! وەک ئەم ریقنەیە لە کۆمی ژیان بەردەبمەوە و دەکەومە سەر مێزی دوو ئاشقی پاییزیی تر. جگەرەی یەکیان و چاییەکەی ئەوی تریان ریقناوی دەکەم.

ـ ئەوانیش وەک ئێمە پێدەکەنن.

ـ ئەوانیش وەک ئێمـە پێدەکەنن.

ـ دیسان پاییز هاتەوە.

ـ دیسان پاییز هاتەوە.

سەرهەڵدەبڕم. لەوبەر جادەکەوە بەسەرسووڕماوی دەبینم هاوڕێکەم خەریکە تێدەپەڕێ. دەڵێم:

ـ ئەوە خۆ تۆی تێدەپەڕی،... تۆ نیت؟

سەر وەردەگێڕێ و سەیری شۆستەکەی ئەوبەر دەکا. دەڵێ:

ـ خۆ راست دەکەی، ئەوە منم!

ـ وادیارە هەڵە نەبووی هەر ئەم پاییزە دەژیت.

ـ خۆ پێم گوتی. دەمزانی.

ـ چۆنت دەزانی؟

ـ زانیم.

دەڵێم:

ـ پارێکەیش هەر وات گوت.

ـ بەترپێراریش هەر وام گوت!

ـ یەعنی ئەوەندە خێرا تێپەڕی؟

ـ خێرا تێپەڕی.

من بێدەنگ دەبم. بۆنی باران دێت. دەڵێم:

ـ من ئەویشم لەوێ لەو بەر بینی.

ـ کێ؟

ـ ئێوە پێکەوە لەوێوە تێپەڕین.

فریا ناکەوم قسەکەم تەواوکەم کە دەبینم هەموو ئەوانەی وا ساڵانی ساڵ لەوە پێش تێپەڕین لەوێ لەوبەر جادەکە خەریکن تێدەپەڕنەوە. دەڵێم:

ـ سەیرە هەمووتان کۆبوونەتەوە!

ـ سەیرە؟

ـ سەیرە!

ـ چەند پاییزی تر دەبێ بژیت بۆ ئەوەی لات سەیرنەبێ؟

بێدەنگ دەبم. شەرمێک دامدەگرێ. خێرا دەزانم جارێکە ژیان بە بەرمەوە ماوە. دەڵێم:

ـ خۆشحاڵم سەرەڕای ئەوەی خەریکی لەوێ لەوبەر جادەکەوە تێدەپەڕی، بەڵام لای من دانیشتووی.

ـ قسەکانمان هێشتا تەواو نەبووە.

ـ راستە تەواونەبووە،... پێم وایە قەتیش تەوانابێ.

ـ نا قەت تەواو نابێ.

ـ کەواتە تۆ هەمیشە پاییزان لێرەی،... دەێیتەوە؟

ـ دێمەوە.

چایچییەکە دێت و چاییەکی تر دەخاتە بەردەمی لەسەر مێزەکە. سوپاسی دەکا. بۆنی چاییەکە لەو ئێوارە پاییزییەدا دەگاتە لووتم. دیسان بیری شەوانی پاییز دەکەومەوە. شەوانی پاییزی ساڵان. دەڵێم:

ـ هەموو شتێک چەند خێرا تێپەڕی.

هەڵدەستێ و دەست بۆ ئەو بەر جادەکە رادەوەشێنێ. هاواردەکا:

ـ مەڕۆ،... راوەستە،... ئیستا منیش دێم.

من لە چاییەکە دەڕوانم. دەڵێم:

ـ لانیکەم ئەم دووا چاییەپاییزییە بخۆرەوە جا بڕۆ.

لادەکاتەوە و لێی دەڕوانێ. دەڵێ:

ـ بۆ پاییزێکی تر.

منیش دەڵێم:

ـ بۆ پاییزێکی تر.

ئەوسا لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە. لەوبەر، ئەو بە تووش خۆی دەبێتەوە. ئاگام لێیە لەگەڵ یەکتر دەست لێدەدەنەوە و پاش کەمێک قسە پێکەوە وەرێدەکەونەوە. شان بە شانی یەکتر. وەک هەموو پاییزەکانی تر. لە ناو قەرەباڵغییەکەی ئەو بەرەوە دەستی ماڵئاواییم بۆ رادەوەشێنێتەوە.

وەک هەموو پاییزەکانی تر.

هەوا خەریکە تاریک هەڵدەگەڕێ. من چاییەکەی خۆم و ئەویش حسێب دەکەم و بۆ دوواجار سەیری کوورسی و مێزەکەی سەر شۆستەکە دەکەم و، بەرەو ماڵەوە دەبمەوە. کۆڵانەکان وەک هەمیشە درەنگان چاوەڕووانمن.

من چەند حەزم لە شەوانی پاییزە. شەوانی دوورودرێژی،... شەوانی دیوارەکان و غەریبیی دونیای پشت پەنجەرەکانی. لە حەوشەوە بۆنی دایک و باوکم دەکەم. بۆنی خۆشی بوون و مانەوە. درەختە رووتەڵەکان بن باڵم دەگرن و تا ژوورەوە بەڕێم دەکەن. سوپاس کە ئەوان هێشتا هەن. دایک و باوکم دەڵێم،... دایک و باوکە پاییزییەکانم.

## دڵۆپە

لە دوێ شەوەوە بەفرێکی قورس دایکردووە. خەڵکی خۆشحاڵن. لە دووای ساڵانی ساڵ وشکەساڵی، ئەمساڵ ئاسمان دڕی تێکەوت و وەک مەستێکی لەخۆ بێ ئاگا، شێتانە رشایەوە و دونیای سپی سپی کرد. لە پشت پەنجەرەکە رادەوەستم و سەیری حەوشە دەکەم. کلوە بەفرەکان دەنیشنە سەر یەک و تێکڕا توێ توێ بەرزدەبنەوە. تاقە درەختەکەیش بەرگی سپی دەپۆشێ و لە ترسی ئەوەی نەکا بایەکی ناوەخت هەڵبکا و بەرگەکەی لێداماڵێ و وەک ساڵانی لێ بێتەوە، بێدەنگ وەک منداڵێکی گوێڕایەڵی ترسنۆک راوەستاوە. هەست بە لەرینی پڕ لە دڵەڕاوکێێ قەدی دەکەم. بە چاوەکانی کە بەقەد خۆشحاڵی ئاوێتەی دڵەڕاوکێن. هەوایش سپی دەچێتەوە.

من تەواوی ئەمڕۆ لە پشت پەنجەرەکە راوەستام و لە بەفرم رووانی. لە دووای ساڵانی ساڵ پێم وانەبوو بگەڕێتەوە. بە خۆمم گوت ئیتر سەردەمی بێ ئاویی کۆتایی هات، دەتوانین وەک ساڵان بچین و لە چەمەکەی جاران مەلە بکەینەوە. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوم.

لە دوورەوە گوێم لە قریوەی کایەی منداڵانە. بێگومان خەریکی یاریی تەپۆڵە بەفرن. رەنگە خەریکی سازکردنی شێرەبەفرینەیەکیش بن. بە چەند خەڵوزی رەش کە چاو و دەم و لووتین. ئەو سپییەی وا رەش دەڕوانێ.

شەو کە دێت بارینی بەفرەکە ون نابێت. بەفر لەبەر تیشکی خۆیدا کلوەکان دەنوێنێتەوە و لەزرزەتێکی بێ پایانی تر دەبەخشێ. من کە قاچەکانم ماندووبوونە، سەرئەنجام بڕیاردەدەم بچم و بخەوم. لەو ژوورەی وا بەسەر هیچ بەفرێکدا ناڕوانێ.

کتوپڕ نیوەشەو خەبەرم دەبێتەوە،... بە دەنگێک. دەنگێکی کپی دووپاتەوە بوو،... دەنگێکی بێ کۆتایی و قیرسیچمە. سەرەتا گوێی نادەمێ، بەڵام دەنگەکە لەوێیە،... وازناهێنێ. رادەبمە سەر شان و لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا لە دەورووبەرم ورددەبمەوە. قورسایی هەستەکانم لەسەر گوێمە. بیرم بۆ هیچ شتێک ناچێ. کتوپڕ ترسێک دامدەگرێ. بەپەلە لە کاتێکدا تەزوویەکی سارد بە پشتم دا دەگەڕێ، هەڵدەستم و گڵۆپەکە هەڵدەکەم. دەڵێی رووناکاییەکە لە هەیبەتی دەنگەکە کەم دەکاتەوە. بەڵام دەنگەکە هەر لەوێیە، ئەگەرچی ئەمجارەیان کزتر. بە چواردەورمدا دەڕوانم. ئەوسا سەمای بچووکی نوقتەئاسای تیشێک دەبینم کە لە نێوان سەقف و کەفی ژوورەکدا لە هاتووچۆیەکی خێرا و ناوەناوەدایە. زیاتر لێی ورددەبمەوە.

دڵۆپە!

لێی دەچمە پێشەوە. فەرشەکە بەقەدەر ژێرپیاڵەیەک تەڕ بووە و تەڕییەکە هەتا دێت پانتاییەکی زیاتر داگیردەکا. سەربەرزدەکەمەوە و لەسەقفەکە دەڕوانم. دڵۆپەکان لە پشتەوەی یەکێک لە دارەکان دەردەکەون، دەخزێنە خوارەوە و ئەوسا کە دەگەنە قۆقزی ژێرەوەی دارەکە لەپاش وەستانێکی کشاوەوە و چرکەئاسا بەردەبنەوە. هەستدەکەم هەتا دێت خێرایی دڵۆپەکان زیاتر و زیاتر دەبێت. ماوەیەک هەروا رادەوەستم و نیگام لە نێوان سەقف و کەفی ژوورەکدا دێت و دەچێ. ئەوسا بیرم دەکەوێتەوە دەبێ شتێک بکەم. بەپەلە دەچم شتێک بێنم و بیخەمە ژێر دڵۆپەکانەوە. دێتەوە بیرم جاران دایکم جامۆڵکەی دادەنا. دیارە فەرشەکەیشی کۆدەکردەوە بۆ

ئەوەی پرژەی قەترەکان کە بە بنی رەقی جامۆڵکەکەدا دەدران، تەری نەکەن. منیش هەروا دەکەم. کە فەرشەکە هەڵدەدەمەوە بۆنی گڵی کۆن، گڵی دەیان ساڵە لەناو ماڵەکەدا خەستتر دەبێتەوە. بە دیار جامۆڵکەوە دادەنیشم و، لێی ورددەبمەوە.
ساڵانی ساڵ لەوە پێش باوکم دەیگوت سەردەمانێک دێت تۆ بە بینینی دڵۆپە سەرت سووڕدەمێنێ. نازانم لەو ساڵە چەند گوزەراوە. تک... تک... تک... تک... تک... تک... تک.. تک.. تک.. تک. تک. تک. تک... نێوانەکان کورتتر دەبنەوە. جامۆڵکەکە لە پڕبووندایە کە گوێم لە دەنگێکی کپی ترە. بە دەستی چەپمدا رێک نزیکی جێگاکەم، دڵۆپێکی تر دایکردووە. جامۆڵکەیەکی تری رۆحیش ژێر ئەو دەخەم. دەنگی قوڵتەی کەوتنی دڵۆپە لە ناو ئاوی یەکیان و دەنگی رەقی وەبەریەککەوتنی دڵۆپە لەسەر بنی جامۆڵکەی ئەوی تریان یەکدەگرن و، پێکەوە مۆسیقایەک بەو نیوەشەوە دەژەنن.
ساڵان کە دڵۆپە دایدەکرد، دایکم باوکمی هەڵدەستان و ئەویش دەچوو بەو نیوەشەوە بانەکەی دەماڵی یاخود دەیگێڕا. باوکم دەیگوت ئەوەی دڵۆپە لە ماڵی خۆیداقبوڵ بکا گەوادیشی لا ئاساییە. کە دەهاتەوە خوارەوە تەڕتەڕ بوو. دایکم کوورەکەی نێڵ دەدا و بەو نیوەشەوە بۆنی باوکم ژوورەکەی دەئاخنی. من لە ژێر لێفە ئەستوورەکەوە بە غیرەتی باوکم سەرسام دەبووم و نازانم چۆن دەیوێرا بەسەر ئەو پەیژەیەدا بەو نیوەشەوە سەرکەوێ وا رێک لەبەردەمی ژوورە تاریک و ترسناکەکەی حەوشەی پشتەوە بە بانەکەوە نرابوو. ئەو پەیژەیەی وا یەکەم پلیکانەکەی لەوێوە دەستی پێدەکرد.
ئەو ساڵانە ئەوەندەی پێنەدەچوو دڵۆپە تەواودەبوو و، بۆ سبەی تەنیا جامۆڵکەیەکی نیوەپڕ لەوێ لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەمایەوە.

هەڵدەستم دەچمەوە ئەو ژوورەی وا بەسەر حەوشەکەدا دەڕوانێ. بەفر بەردەوامە، بگرە کلوەکان درشتتر بوونە. بە نائومێدی دەگەڕێمەوە ژووری نووستنەکە. مۆسیقاکە بەردەوامە.

باشە من ئەمشەو چی بکەم؟ گەوادییەکە قبوڵ بکەم یان گوێ بە ژوورە ترسناکەکە نەدەم و بچم بانەکە بگێڕم؟ ساڵان کە دەترسام قەبزدەبووم و سکم دەستیدەکرد بە ئێشان. سک ئێشە وازی نەدەهێنا. باوکم هەنجیری دەکڕی و دایکم هەنجیرەکەی لە ئاو دەکرد،... تا سبەی،... ئەوسا دەمخوارد،... دەمخواردەوە. ئاوی هەنجیر ئەوەندە خۆشبوو کە هەمیشە حەزم دەکرد قەبزبم بۆ ئەوەی باوکم بیکڕێ. دەمزانێ لە نێوان ژوورەکە و قەبزبوونی مندا پێوەند و رازێکی نهێنێ (کە زۆر خێرا ئاشکرابوو) هەیە. جامۆڵکە هەنجیرەکانیش لە نێوانیاندا. من حەزم دەکرد بۆ هەمیشە ژوورەکە لەوێ بمێنێتەوە و قەت ون نەبێ. زەمەنیش یارمەتی ئەمەی دا. بە خۆشییەوە!

دڵۆپەکان زیاددەکەن. جامۆڵکەی زیاتر دێنم. جامۆڵکە لۆحە لێرە و لەوێ قووپاوەکانی سەردەمی دایکم. جامۆڵکە نەمرەکان. ئەوانەی وا دەتوانن نەوە لە دووای نەوە بمێننەوە و خزمەتی خێزان بکەن. دیارە گەر خێزانێک مابێ. گەر رەشیش هەڵگەڕان، گرینگ نیە؛ تەنیا ئەوەندە پێویستە بە فافۆنشۆرێکی رەقی تەل ئاسا سپیان بکەیتەوە. چەند خێرا سپیش دەبنەوە! بەو شەوە دەیانژمێرم. ئێستا هەشت دانەن. مۆسیقاکە لە ئەوپەڕی خۆیدایە. ئەمشەوی زستانی ئەمساڵ چیتر تەنیا نیم.

دەچمە داڵان. پەردەکە بە ئاستەم لادەدەم و سەیری حەوشەی پشتەوە دەکەم. حەوشەیەکی سپی بە ژوورە مێژووییەکەوە. پەردەکە دادەدەمەوە. پێم وابێ پەیژەکەیشم بینی. ئەو پەیژەیەی وا وەک تاقەدرەختەکە سپی سپی ببوو. بەخۆم دەڵێم "گەواد وانابێ!" بەڵام بێسوودە. قاچەکانم گوێیان لێ نیە. ئەوان بەرەو ژووری نووستنەکە دەمبەنەوە. دڵۆپێکی تریش زیادی کردووە. بانە گڵییە کۆنەکەی ساڵان

لەوە وەزعی خراپتره بیرم لێدەکردەوە. کات، بۆشی کردووە،... وەک ئیسفەنج کون کون بووە،... لە هەناوی خۆیدا.

سەیری کاتژمێردەکەم. نزیک پێنجی بەیانییە. بەخۆم دەڵێم لە نیوەشەو زۆری لاداوە. خێوەکان لەمێژە لە ژوورەکە نووستوون. ئەوسا پاڵتۆکەی باوکم لەبەردەکەم. وەک بڵێی ورەم پێدەبەخشێ. پێڵاوەکانم هەڵدەکێشم، بەڵام لە دەرگای پشتەوە ناڕۆم. دەرگای پێشەوە دەکەمەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەم هەبێ بەناو هەموو حەوشەکەدا بڕۆم، دەوری خانووەکە بدەمەوە، بۆ ئەوەی سپێدە کەمێک نزیکتر بکەوێتەوە و من کە عادەتم بە ژووری نووستنەکە گرتووە بەرەبەرە بە حەوشەکە و بە دەرەوە رابێم. کرپەی بەفر لە ژێر هەنگاوەکانمدا پێم دەڵێن تەنیا نیم. من هێشتا لە دووای ساڵانی ساڵ لە مردنی دایک و باوکم هەر ماوم،... رێک لەم خانووەدا.

سەرهەڵدەبڕم. خانووە نوێ و چەند قاتەکانی دراوسێکانمان سەرنجم دەقۆزنەوە. وەک بڵێی ئەوان لەو سەرسەرەوە بە سەرسووڕمانەوە سەیری من و خانووەکەم دەکەن. ئەو خانووانەی لەم چەند ساڵەی دووایدا لە زۆربەی شوێنەکانی شار وەک کارگ هەڵتۆقیون. بە زەبری هەورەتریشقەی پارە. گوێم لێیە، دەڵێن "ئەمە کێیە؟... ئەها دیسان ئەوە!" ئەرێ منم. سەرم کزدەکەم و نەرم نەرم بەرەو پەیژەکە دەڕۆم. هەستدەکەم خانووەکان ورەم پێدەبەخشن. ئیستا بەو بەیانییە زووە، کە هێشتاکە دونیا تاریکە، چەندە ژوورە ترسناکەکەی تەنیشت پەیژەکەم لەناکاو لا بێ مانا و هیچ و پووچ دەبێ. جەستەم وەک نەمامێکی نەویی بن با راستدەبێتەوە. هەنگاوەکانم خێراتر دەکەم.

من کە ئێستا دڵنیام خێوەکان لەمێژە بەهۆی بینا بەرز و چەند قاتەکانی دراوسێکانمەوە کۆچیان بەرەو شوێنێکی نادیار کردووە، بە متمانەوە بە پەیژەکەدا

سەردەکەوم بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە ژوورەکە لەوێ لە کاتێکدا من خەریکی سەرکەوتنم، لەوێیە.

هێشتا بەحاڵ دونیا روون بووەتەوە کە من لە بەفرماڵین و لە گێڕانی باگردێنە کۆنە لە مێژینەکەی باوکم بوومەتەوە. دڵنیام لە خوارەوە ئەوەندەی نەماوە بۆ ئەوەی مۆسیقای دڵۆپە بێماناکان کۆتاییان بێت. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانم.

لەسەر بانەکە، رێک لە تەنیشت پەیژەکە رادەوەستم و لەو بەرزاییەوە بەسووکی سەیری ژوورەکە دەکەم. چەند داماو و نەگبەت دێتە بەرچاوم.

بە خۆم دەڵێم "ئافەرین گەواد!... گەواد ئافەرین!"

**بەڵێنی نامە**

بەڵێنە نامەی بۆ بێت. ئەو هەموو رۆژێ دەچێتە دەرەوە و سندووقی نامەکە بەسەر دەکاتەوە. نەک تەنیا سەرەکەی هەڵدەداتەوە و سەیری دەکا، بەڵکو بۆ دڵنیایی زیاتر دەستێکیش بە ناویا دەگێڕێ. بەڵام بێسوودە. ئەو نامەیەی وا بەڵێن بوو بێت، نەهاتووە،... نایەت. بۆیە خەمبارانە بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە و دیسان چاوەڕوان لە دار و دیوار رادەمێنێ.

کەس نازانێ کێ بەڵێنی نامەی پێداوە و قەرارە لە کوێوە بۆی بێت. دەڵێن باشە ئەوە چ نامەیەکە وا ناگات؟ نامە گەر نامە بێت رۆژێک هەر دەگات، کەواتە لە راستیدا نامەیەک لە ئارادا نیە و ئەوە وەهمە هەڵیگرتووە و بەس. بەڵام ئەو دڵنیایە کە بەڵێنی نامەکە بەڵێنێکی راستەقینەیە و درۆ نیە. تەنانەت دەزانێ نامەکە لەمێژە نووسراوە و خراوەتە پاکەتەوە و بگرە رەوانەی پۆستخانەیش کراوە، بەڵام لەوە بەدووا چی لێهاتووە، نە ئەو دەزانێ و نە کەسی تر.

بۆ خۆی دەڵێ رەنگە کابرای پۆستچی بە ئەنقەست یاخود بە رێکەوت لێی کەوتبێ، یاخود لە بنی کیسەکاندا ماوەتەوە و کەس گوێی نەداوەتێ، یان رەنگە بە هەڵە خراوەتە سندووقی کەسی ترەوە، ئەو کەسەیش لە رووی نابەرپرسیارەتییەوە خوێندوویەتەوە و پاشان فڕێیداوەتە تەنەکەی زبڵەکەوە. یان رەنگە نا، بەردەوام بەڕێوەیە. رەنگە نووسەرەکەی رێک لەبەردەمی پۆستخانەکەدا پەشیمان بووەتەوە و

نەینادروە. ئەو نامەیەی وا رۆژێک سەرئەنجام دەیباتەوە بۆ پۆستخانە و بە نووسینی ئادرەسەکەی ئەم بەڕێی دەکاتەوە.

ساڵەکان تێدەپەڕن. نامەکە هەر نایەت. ئیستا ئیتر خەڵکی دڵنیان نامەکە تەنیا خەیاڵەکە و بەس. لە راستیدا نە کەسێک هەیە بیر لەم بکاتەوە وەها کە نامەی بۆ بنێرێ و نە شوێنێکیش لەسەر ئەم گۆ خاکییە هەیە ئەو کەسەی لەخۆی گرتبێ. خۆ نامەیەش گەر خەیاڵ بێت ئەوا قەت ناگا. سەری لێرادەوەشێنن و دووردەکەونەوە.

بەڵام ئەو بە ناو ژووورە تەنیاکاندا دەگەڕێ و سەرەڕای تێپەڕینی بێ بەزییانەی ساڵەکان چاوەڕوانی نامەکەیە. مەگەر نەک ئەوەی هەموو کەس لەم دونیایەدا لانیکەم کەسێکی هەیە بیری لێدەکاتەوە و بە بێ گوێدانە زەمەن و دووریی مەوداکان، خەیاڵ و گوتەکانی دەکا بە نامە و سەرئەنجام رۆژێک بۆی دەنێرێ،... مەگەر نەک ئەوەی پۆستخانە هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە،... مەگەر کۆترە نامەبەرەکان پەیامنێرەکانی وەها دۆخێک نەبوون؟

ئەو هەموو رۆژێک لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەڵێ "نامەکە دێت،... نامەکە دێت!" سەیری ئاسمان و هەورە دوورەدەستەکان دەکا و دەڵێ لەگەڵ هەورەکانیش بێت هەر دێت. ئەوسا هەوڵدەدات هەوری نامەبەر لەوانی تر جودابکاتەوە. وە چەند زەحمەتە. ئەوەندەی پێناچێ بە خۆی دەڵێ نا نابێ لەگەڵ هەورەکان بێت، نەکا لەگەڵ باراندا بخووسێ و ببارێتە سەر شوێنێکی نادیار لە ناو بیابانەکانی مەودا.

شەوی وایە لە خەویدا دەبینێ نامەکە هاتووە. نامەیەکی پاکەت سپی کە تەنیا ئادرەسەکەی ئەمی لەسەر نووسراوە. بە خۆشحاڵییەکی فراوانەوە دەیکاتەوە. چەند تامەزرۆی خوێندنەوەی وشە و رستەکانە. بەڵام هەرچی دەگەڕێ هیچ نابینێتەوە، پاکەتەکە بەتاڵە. بەتاڵ بەتاڵ. بە زریکەی خۆی بەو نیوەشەوە خەبەری دەبێتەوە. لە

دووای ئەوەی قومێک لە ئاوەکەی سەر مێزە گچکەکەی تەنیشتی دەخواتەوە، بزەیەک دەیگرێ و لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەڵێ "هەر دەگات، پەلەم چییە!"
لە دەرەوە زەمەن وەک هەمیشە خێرا دەگوزەرێ. ژوورەکان و دیمەنی بەر پەنجەرەکە، کە هەمانن، ناهێڵن ئەو زۆر ئاگای لەم تێپەڕینە بێت. ئەو بە هۆی خەیاڵەوە زۆر ئاگایشی لە جەستەی خۆی نیە کە چلۆن ساڵەکان لەگەڵ خۆیان دەیبەن. هەموو شتێک لێرە لەم ژوورانە و لەم دیمەنە و لە ناو ئەم خەیاڵەدا چەند راوەستاو و نەگۆڕ دەنوێنێ. نامەکەیش کە قەرارە بێت هەر لە هەمان چەشن. نامەکەیش چەند دووپاتکردنەوەی ساڵانی ساڵ لەوە پێشە. هیچ شتێک بەڵێن نیە بگۆڕدرێ. ئا، لانیکەم هەتا نامەکە نەیەت. نامەکە، چرکەکان و ئەبەدیەت چەند ئاسان پێکەوە گرێدەدات.
دراوسێکان دەڵێن مەگەر بەڵێنە مرۆڤ چەندە بژیت. یەکیان لە وەڵامدا دەڵێ رەنگە ئەمە پرسیاری هەندێ کەسی تر نەبێت. دەڵێ رەنگە لای هەندێ کەس ژیان تەنیا بریتییە لە چاوەڕوانی بۆ شتێک، شتێک کە رەنگە وەک هاتنی نامەکە قەت نەگات، بەڵام خودی چاوەڕوانییەکە خۆی لە خۆیدا هەموو شتێکە، یاخود دەبێ بە هەموو شتێک. ئەوسا وەک دووارستە بەوانی تر دەڵێ "داخۆ ئەوەندە بەس نیە بۆ بیانوویەک بۆ ژیانکردن؟"
دراوسێکان شەو خەودەبینن کەسێک دەبێ بە نامە و چونکە بووە بە نامە دەبێ لەبیری سەفەردا بێت، سەفەر بۆ رۆیشتن بۆ شوێنێک و لەوێیشەوە رەنگە بۆ شوێنەکانی تریش. وەک هەموو نامەکان.
نەکا ئەم خۆی خودی نامەکە بێت و لە تێگەیشتنێکی هەڵەدا ساڵانی ساڵە لەم خانووەدا بەتەمای هاتنی نامەیەک، واتە خۆیەتی! پێکەنینی دێت. خودێک

چاوەڕوانی خود. نامەیەک لە خۆوە بۆ خۆ. ئەی سندووقەکەی دەرەوە چی؟ ئەی رابردوو و ساڵەکان و هەورەکان چی؟

سبەی کە لە خەو هەڵدەستێ، هەستێکی بە تەواوی جیاوازی هەیە. لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەڵێ "نا، ئەمڕۆ بە دڵنیاییەوە دەگا، ئا،... بە دڵنیاییەوە،... ئەمشەو خەوم بینیوە!"

لە دەرەوە سندووقەکە، ساڵەکان و هەورەکان لەیەک ئاڵاون، دەبن بە گەردەلوول و شێتانە پێچ و لوول دەخۆن و لەناو کۆڵاندا هەرچی تەپ و تۆزە با ئاسمانیدا دەکەن. پۆستچییەکە لەو سەری کۆڵانەوە پەیدادەبێ. ئەو ئەمڕۆ بەپێچەوانەی رۆژانی پێشوو تەنیا یەک نامەی پێیە. بەڵام مەگەر گەردەلوول و تەپ و تۆز دێڵن؟ مەگەر دەکرێ نامەیەک بگەیەنی وا سندووقەکەی بووە بە هاوڕێی ساڵەکان و هەورەکان؟

پۆستچییەکە دەگەڕێتەوە. لە ژوورەوە لە ناو خانووەکە زەمەن ئەوەندە راوەستاوە کە هێشتا بەشی سەردەمێکی تری دووورودرێژی چاوەڕوانی دەکاتەوە.

تەنیا ئەوەندە بەسە خەیاڵ لەسەر نامەیەک بێت و بەس.

## ژووریَ پڕ لە مێش

لەبەر ژوورە پڕ لە مێشەکە کە تابلۆیەک بە سەرسەریەوە خۆی دەنوێنێ، دانیشتووم. لەگەڵ مێشکوژێکیش بە دەستمەوە. لە سەر تابلۆکە نووسراوە "بە مێشکووشتن وەڕەزییەکانیشت بکووژە!" کە بێتاقەت دەبم و چیتر مشتەری لێ نامێنێت، دەچمە ژوورەوە و دەستدەکەم بە کووشتنی مێشەکان. مێشەکان بێ ئەژمارن. وەک پوورەهەنگ لەناو ژوورەکەدا گێژو لوول دەخۆن. نیگا ناتوانێ کۆیان بکاتەوە. بۆیەکی سارد ناو چواردیوارییەکەی تەنیوە.

کە مێشکووژەکە رادەوەشێنم، مێشەکان هەڵدەفڕن و وەک پەڵەیەکی رش بە هۆی فڕینیانەوە ژوورەکە تاریک دادێنن. دەنگی ویزەویزیان پێم دەڵێ تا ئەوان هەبن من هێشتا لە بێتاقەتیی موتڵەق زۆر دوورم. لەبەر خۆمەوە دەڵێم "بەس نیە من ئەمانەم هەیە." هەموو ساتەکانی من پڕن لە مێش و لە مێشکووژ. خاو و خێرا. یەک لە دووای یەک.

مێشەکان بیر لە مردن ناکەنەوە. ئەوان تەنیا لە جووڵەی خێرای دەستی من و مشتەرییەکان دەسڵەمێنەوە و زوو دەفڕن و خۆیان دووردەخەنەوە. بەڵام میشکووژەکە دەیانخەڵەتێنێ. هەمیشە وەهایە دەبێ یەکیان بخەڵەتێ. دەیشخەڵەتێ. لەگەڵیشیا ئەوەندەی پێناچێ دەمرێ. بە زەبری مێشکووژەکە.

تەلەفۆنەکە زەنگ لێدەدا:

ـ ئەلوو، مێشکووژەکەیە؟

ـ بەڵێ.

ـ بێتاقەتم، چوار مێشم بۆ دانێ، کاتژمێر دە لەوێم.

ـ بۆم داناوی.

ئەوسا لە دەفتەرەکەی بەردەممدا ناوەکەی و کاتژمێرەکە دەنووسم.

تەلەفۆنەکە زەنگ دەخواتەوە:

ـ هەلۆ! مێشکووژەکەیە؟

من نازانم بۆ هەر کەسەو بە جۆرێک دەڵێ ئەلۆ.

ـ مێشکوژەیەکە.

ـ بێتاقەتم، هەر زۆر، بیست مێشم بۆ دانێ.

ـ دانراوە.

ناو و کاتژمێری هاتنی ئەویش دەنووسم.

مێشەکان لە تاوا زووزوو بەسەر یەکتردا دەفسن و گەرادەکەن و مێشە بچووکەکان خێرا خێرا لە دایک دەبن. هەست دەکەم لەگەڵ بێتاقەتیی مرۆڤەکاندا دێنەوە، بێ کەم و زیاد. کاسبییەکەی من بەجوانی گرتوویەتی. مێشی سەد تمەن. هەڵبەت بەگوێرەی هەڵاوسان، نرخیش دەچێتە سەرەوە. بۆ ئەوەی کڵاوم نەچێتە سەر هەمیشە چاوێکم لە نرخی نەوت و نرخی دۆلاریشە. جاری وایە حەزدەکەم ئێران و ئامریکا زیاتر چاو لەیەکتر سووربکەنەوە. لەم کاتانەدا هەم بێتاقەتییەکان بێ ئەندازە زیاددەکەن و هەم نرخی مێشەکانش. ژوورەکەم بەرناکەوێ. پەستا پەستا میللەت زەنگ دەدەن و داوای مێشی زیاتر دەکەن. لەم جۆرە رۆژانەیشدا مێشەکان زیاتر و زیاتر بەیەکتردا دەفسن.

بە خۆشییەوە ماوەیەکە هەواڵەکان زۆر باش نین. زەوی لە شوێنێکدا دەکوڵێ. ئەو رۆژەی ترامپ ئابلۆقەی خستەوە سەر ئێران، وەها ریزی ئەو خەڵکەی وا چاوەڕوانی چوونە ژوورەوە بوون دوورو درێژ بووەوە، نەبێتەوە. یاخود ئەو رۆژەی ئێران فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکەی خستەخوارەوە. ئەو دوو رۆژە وەها ژوورەکە پڕببوو لە جەستەی مردارەوەبووی مێشەکان نەبێتەوە. من کە دەترسام نەسڵیان لەسەر گۆی زەوی بسڕێتەوە، بەناچار سنوورم بۆ هەر کەسێک لە کووشتنی مێشەکاندا دانا و جگە لەمە تا چەند شەوی دوواتریش گڵۆپی ژوورەکەم بە رۆشنی هێشتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە شەویشدا بە یەکتردا بفسن. ئەو رۆژانە رۆژانی مردنی مێشە گەنجەکانیش بوون.

نرخی مێش گەیشتبووە دانەی هەزار تمەن. رۆژێک تەلەفۆنەکە زەنگی خواردەوە:

ـ ئالووو! مەگەزکوژەکەس؟

ـ مەگەزکوژەکەس.

ـ خاڵوو وەز ئەمڕۆ فرە خراوە!

- ...

- عەین ئەلئەسەدت ژنەفتە؟

- ژنەفتم.

- پەنجا مەگەزم گەرەکە.

- چونکە یەکەم کەسی لە دە زیاتر نابێ.

- خاڵوو ناوێت.

- دەوێت!

- عەرزم کردی وەز ئەمڕۆ فرە خراوە.

- لە پانزە زیاتر نابێ.

- ئم م م... باشە خاڵوو گیان. قوروان دەمت!

- قوروان دەمت!

سەر هەڵدەبڕم و سەیری تابلۆی سەر ژوورەکە دەکەم. هەست دەکەم کاتی ئەوە هاتووە ناوەکەی بگۆڕم بۆ ناوێکی شیاوتر،... ناوێک کە زیاتر بەم سەردەمە بخوا. پێکەنینم بە گەمژەیی خۆم دێت. ناوی عەین ئەلئەسەد دەمخاتە بیرەوە. ناوەکە خۆش دێتە گوێم. رەنگە،... رەنگە عەین ئەلمەگەز. ئا، عەین ئەلمەگەز. بەڵام،... بەڵام راوەستە ئەمە بە قازانجی لایەنێک و بە زەرەری لایەنەکەی ترە. منیش کە کاسبێکی بێ لایەنم دەبێ ئاگام لە خۆم و لە بازاڕەکەم بێت.

ئەو رۆژە تا ئێوارە وشەکانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، تیرۆر، ئابلۆقە و عەین ئەلئەسەد لە ناو زەینمدا بە جۆرەها شێوە تێکەڵیان دەکەم، دەیانهێنم و دەیانبەم و ناوی سەیروسەمەرەیان لێ سازدەکەم. بەڵام بە ئاکامێکی دڵخوازی خۆم ناگەم. بۆیە وازی لێدێنم. سەیری تابلۆکە دەکەمەوە. ئەمجارە بەو ناوەی لەوێ لەو بەرزاییەدایە رازی دەبمەوە. وەڕەزییەکان چەند ئاسان دەتوانن هەموو شتێک بگرنەوە.

میللەت بەم ناوەیشەوە دەتوانێ وەک هەمیشە لەم ژوورە بێتاقەتییەکانی خۆی بڕەوێنێتەوە.

ـ ئالو! مێشکووژەکەیە؟

ـ خۆیەتی.

ـ تکایە زۆر بێتاقەتم هەزار مێشم بۆ دابنێ!

ـ نابێت زۆرە.

ـ بە گیانی دایکت بە نۆسەد و نەودو نۆیش دەرنابەم.

ـ دە مێش.

ـ بەڵام،... بەڵام،... دەی باشە، بەس شەو دێم!

ـ شەو داخراوە.

ـ کاکە تکایە شەو!

ـ وەرە.

کابرایەکی بە قەڵافەتی چاویلکە لە چاو شەو دێت. دە مێشەکەی دەکوژێت، پووڵەکەی دادەنێت. مێشکووژەکە دەداتەوە دەستم و دەڵێت:

ـ دەکرێ سبەی بە قەرز بێمەوە؟

ـ نابێت.

ـ گیانی دایکت!

ـ لە بیرم چوو پێت بڵێم دایکم مردووە.

ـ کەواتە گیانی خۆت!

ـ نابێت.

دەڕوا. لادەکەمەوەو لە ژوورەکە دەڕوانم. هەستدەکەم مێشەکان هەراسانن. دەچمە ژوورەوە. بۆ یەکەم جار جەستەی دە مێش دەبینم کە لە کاتی فسان بەیەکتردا کووژراون.

ـ گەواد،... عاقیبەت هەزار مێشەکەی خۆی هەر کووشت!

لێدەگەڕێم ئەوانیش وەک ئەوانی تر ببنە خۆراکی هاوڕەگەزەکانیان.

شەو درەنگان لە ماڵەوە لە کاتێکدا خەریکی خواردنی نان و پەنیرم بە چاییەوە، تەلەفزیۆنەکە دەکەمەوە. من کە سەرتاسەری ئەمڕۆ ئاگام لە هەواڵەکان نەبووە، گوێ بۆ هەواڵەکانی نیوەشەو رادەگرم. خوێنەری خەبەرەکان کە پیاوێکی مۆنی گرگنە، دەڵێ "ئەمڕۆ هەوڵی دیمۆکراتەکان بۆ لەکارلادانی ترامپ شکستی هێنا." دەستم بە پارووەکەوە شل دەبێ. ئیستا تێدەگەم. جەستەی بێ گیانی هەر دە مێشەکە دێنەوە بەر چاوم.

بۆ یەکەم جار لە ژیانم دا بەزەییم بە مێشەکاندا دێتەوە.

**داستانهای مینیمال**

او شنیدەبود پایان شب سیه سفید است. پس فردا انقلاب می شود. تا فردا با شور و شوق لنین را خواند، روزا لوکزامبورگ را خواند، گرامشی را خواند، شعرهای شاملو را از بر کرد و دن آرام را هم خواند. صبح که شد و آفتاب بر لب بام دمید، او جلو پنجره آمد و به خیابان نگاەکرد. شهر هنوز بوی خواب شب گذشته را می

داد و تنها رفتگران و قهوەچی ها بیرون بودند. شاید او بد شنیدەبود و یا زیادی خواندەبود!

***

صبح زود مثل همه روزهای دیگر عینکش را گذاشته و به میدان می رود. آنجا خجل و پریشان منتظر می ماند تا کسی بیاید و او را به عنوان کارگر اجیر کند. ساعت می گذرد. کسی نمی آید. یک ساعت و باز یکی دیگر می گذرد. تعجب می کند. رهگذری می گذرد. او با صدائی خفه می پرسد امروز چرا باز دنیا اینجوری است. رهگذر می گوید آمریکا نمی گذارد. می گوید آمریکا نمی گذرد!؟ و او تا غروب هم منتظر می ماند. شاید آمریکا بیاید و بگذرد.

***

او عاشق تاریخ شد. برای همین رفت درس تاریخ خواند. چهار سال تمام. و معلم تاریخ شد. دانش آموزان به او می گویند روح تاریخ، از بس که حوادث تاریخی را در روح و در ذهن خود دارد.

او حالا بشدت با تاریخ عجین شدەاست. او عاشق آن سالهائیست که با حوادث بزرگ تاریخی مصادف اند. از جمله سال ۹۲، سال ۹٤ و سال نودو هفت. ۹۲ زن گرفت، ۹٤ بچەدار شد و ۹۷ مادر عیالش فوت کرد.

***

او از مردم بشدت متنفر است. بویژه از اینکه چرا حافظه تاریخی ندارند. البته اضافه می کند که علت نخواندن هگل است. او فکر می کند که اگر ملت هگل را بدانند به آنتی تز تز فراموشی تبدیل خواهندشد.

روز بعد برای ملت یک کتاب هگل می خرد و برای خود فیلم پورنو اجاره می کند.

***

او معتقد است انقلاب از زمانی فراموش مردم شد که دیگر کوچه‌ها بوی دیوار کاهگلی ندادند، حوضهای ماهی گم شدند و بچه‌ها دیگر در کوچه بازی نکردند.
برای همین او مرتب به فیلمهای قدیمی نگاه می کند، به ترانه‌های قدیمی گوش می دهد و همیشه آلبوم عکسهای قدیمی را جلو دست دارد. او حالا معتقد به یک انقلاب صوری است.

***

او یک تقویم دارد. آن را ورق می زند و ناگهان به سال ۵۷ برمی خورد. او به همان سرعت معقتد می شود که می توان به تاریخ بازگشت. او معتقد می شود که می توان جلو حوادث تاریخی را هم گرفت. پس صفحه تقویم را که متعلق به سال ۵۷ است پاره می کند. او حالا مطمئن است که بیرون دنیا یک جور دیگری شده‌است.
او با پاره‌کردن صفحه، یک انقلاب کرده‌است.

***

عدم اعتماد و اعتقاد سارتر به ازدواج را می ستود، اما حالا بیست سال از ازدواجش می گذشت. او که نمی خواست دیگر بعلت ازدواج، زن را از یک موجود سوبژه به یک موجود ابژه تبدیل کند، به همسرش گفت با توجه به اینکه تاریخ تاریخ ایده‌هاست، پس ما ایده ازدواج را به ایده ازدواج سفید تبدیل می کنیم.
از فردای آن روز او خوشحال بود از اینکه به عمر خود ازدواج نکرده‌بود.

***

او حالا یک مبارز مدنی و صلحجو است و مبارزه مسلحانه سالهای گذشته زندگی خود را بیماری کودکی چپ روی می داند. او می گوید کودکان در میان امکان انتخاب اسلحه و کلام به اسلحه دست می برند و بزرگان به کلام.

وقتی از او می پرسند کلام را چگونه می توان دست برد و برداشت، با تعجب خیره می شود.

***

او هنگامی که کمونیست بود به رهائی طبقه کارگر فکر می کرد. بعد که ناسیونالیست شد به رهائی ملی. و حالا چیزی در خلوت در نهانش به او نهیب می زند که شاید روزی هم به رهائی مذهبی فکر کند.

او همیشه لبخند زیبائی بر لب دارد و روحیه‌ای باز دارد. خوشحال است از اینکه توانسته با هر رهائی، زن تازه‌ای بگیرد. زن سومش از همین حالا به دلش نشسته که زمان زیادی تا خواستگاری اش باقی نمانده‌است.

***

او مرد فداکار و از جان گذشته‌ای است. او نه تنها خود، بلکه خانواده خود را هم برای امر مبارزه فداکرده‌است، البته بدون اینکه یک روز از آنان در مورد اجازه این کار سئوالی کرده‌باشد. او مطمئن است که آنها حتی با گذشت سالهای متمادی دست رد بر انتخاب سالهای بسیار پیش او نمی زنند. او همه جا می گوید خانواده‌اش باوفاترین خانواده‌های قابل تصور جهان است. او از اینکه دست به چنین انتخاب درستی برای آنها بدون حضور خود آنان زده‌است، هنوز بشدت خوشحال است و آن را به روح حقیقت تاریخی پیوند می دهد.

او خوشحال است که وجدان بعد تاریخی دارد.